# ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا

# (میدیای نوێ بە نموونە)

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر کراوە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە میدیادا

لەلایەن

**ئاشنا دڵشاد مەجید**

بەکالۆریۆس لە میدیا- زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر-2019

بەسەرپەرشتی

**پ.ی.د. سامان جەلال مەولود**

هەولێر-کوردستان

2022

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم، کە ئەم ماستەر نامەیە ناونیشانەکەی بریتییە لە: "**ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا- میدیای نوێ بە نموونە**"، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نوسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

**واژوو**

**ناوی قوتابی: ئاشنا دڵشاد مەجید**

**ڕێکەوت:  /  / 2023**

## پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری ڕاگەیاندن، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:

ناو: پ.ی.د. سامان جەلال مەولوود

ڕێککەوت: / / 2023

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو:

ناو: م. مەنسور نورالدین حسن

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن

ڕێککەوت: / / 2023

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.

واژوو:

ناو: م.ی. کۆسار نجم الدین محمد

بەرپرسی خوێندنی بالأی کۆلێژ

ڕێککەوت: / /2023

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەم نامەی ماستەرەمان کە بریتی بوو لە "ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا- میدیای نوێ بە نموونە" خوێندەوە و قوتابییەکەمان کە ناوی "ئاشنا دڵشاد مەجید" بوو لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە، ئێمە بڕیار دەدەین، کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی ڕاگەیاندن تێدایە.

واژوو:

ناو:

ئەندام:

ڕێکەوت: / / 2023

واژوو:

ناو:

ئەندام:

ڕێکەوت: / / 2023

واژوو:

ناو:

ئەندام و سەرپەرشتیار:

ڕێکەوت: / / 2023

واژوو:

ناو:

سەرۆکی لیژنە:

ڕێکەوت: / / 2023

واژوو:

ناو:

ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر

ڕێکەوت: / / 2023

**پێشکەشە بە:**

باوک و دایکی خۆشەویستم

خوشک و برایەکانم

# سوپاس و پێزانین


❖ سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی سەرپەرشتیاری ئەم ماستەرنامەیە "پ.ی.د. سامان جەلال مولود" دەکەم، کە بە ڕێنمایی و تێبینییەکانی، لە تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیەدا هاوکارم بوو.

❖ سوپاسێکی بێپایانم بۆ هەر یەک لە بەڕیزان: "د. عبدالخالق ئیبراهیم مستەفا، پ.د. هێرش ڕەسوڵ موراد، د. ظاهر حمەدآمین صابر" هەیە، کە بە سەرنج و تێبینییەکانیان توێژینەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

❖ سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەو مامۆستا و هاوڕێ و بەڕێزانە هەیە، کە لە بەئەنجام گەیاندن و سەرخستنی ئەم توێژینەوەیەدا، هاوکارم بوونە.

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی **"ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، میدیای نوێ بە نموونە"**، کە لە میدیای نوێدا ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان وەرگیراون، لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە کە تێیدا سوود لە میتۆدی تێکەڵاو(Mixed Method) وەرگیراوە، بەبەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی و ئامرازی چاوپێکەوتن. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە میدیاکارانی نێو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان. نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (200) میدیاکار کە لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، ، بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون. کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تێگەیشتن و گەیشتن بە ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران لە میدیای نوێ بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها دۆزینەوەی هۆکارەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیا. ئەم توێژینەوەیە گرنگە لە ڕووانگەی کۆمەڵگەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە بە کاریگەری میدیای نابەرپرس و میدیاکاری نائەکادیمی دروست دەبێت، لە ڕووی زانستیەوە گرنگە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گرفتە میدیاییەکان وبەرزکردنەوەی کوالێتی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵەکانی میدیا بە تایبەت لە میدیای نوێ دا. گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

ئاستی پابەندبوون بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە لەلایەن میدیاکارانەوە ڕێژەییە، بەشێکیان پابەندن وبەشێکیان پابەندنین، بەڵام پابەندنەبوونیان زیاترە، چونکە زۆرێک لە دەزگاکانی میدیا و میدیاکاران لە میدیای نوێ بەناوی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، هەوڵی بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی زۆرترین جەماوەر دەدەن.

بەهۆی ئەوەی بەشێک لە میدیاکارانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان ئاشنای پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان نین، هەروەها ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسیەکان بەکاردەهێنرێت، بوونەتە بەربەست بۆ میدیاکاران و وایکردووە پابەندنەبن بە ئیتیکی میدیایی و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان.

## پێرستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| I | بەڵێننامە |
| II | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| III | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| IV | پێشکەشە بە |
| V | سوپاس و پێزانین |
| VI | پوختەی توێژینەوەکە |
| VII | پێرستی بابەتەکان |
| X | پێرستی خشتەکان |
| XI | پێرستی پاشکۆکان |
| 1-2 | پێشەکی |
| | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە** |
| 3 | **یەکەم: چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە** |
| 3 | 1.1 کێشەی توێژینەوەکە |
| 3 | 1.2. پرسیارەکانی توێژینەوەکە |
| 4 | 1.3. گریمانەکانی توێژینەوەکە |
| 4 | 1.4. گرنگی توێژینەوەکە |
| 5 | 1.5. ئامانجەکانی توێژینەوەکە |
| 5 | 1.6. جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە |
| 6 | 1.7. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە |
| 7 | 1.8. نموونەی توێژینەوەکە |
| 7 | 1.9. بوارەکانی توێژینەوەکە |
| 8 | 1.10. ئامرازەکانی توێژینەوەکە |
| 9 | 1.11. پێوەری ڕاستی و ڕواڵەتی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە |
| 9 | 1.12. ڕادەی جێگیریی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە |
| 10 | 1.13. شێواز و ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان لە توێژینەوەکە |
| 11 | **دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە** |
| 11 | 1.1. پابەندبوون |
| 11 | 1.2. میدیاکار |
| 11 | 1.3. ئیتیکی میدیا |

| | |
|---|---|
| 1.4. یاسای میدیا | 12 |
| 1.5. میدیای نوێ | 12 |
| **سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو** | 12 |
| 3.1. توێژینەوە کوردییەکان | 12 |
| 3.2. توێژینەوە عەرەبییەکان | 15 |
| 3.3. توێژینەوە بیانییەکان | 17 |
| 3.4. تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو | 18 |
| 3.5. سوودی توێژینەوەکانی پێشوو | 19 |
| **بەشی دووەم: میدیاکار و ئامرازەکانی میدیای نوێ** | |
| **یەکەم: میدیاکار** | 20 |
| 1.1. چەمک و پێناسەی میدیاکار | 20 |
| 1.2. ماف و ئەرکەکانی میدیاکار | 22 |
| 1.3. جۆرەکانی بەرپرسیارێتی میدیاکار | 26 |
| 1.4. بنەما و مەرجە گشتیەکانی بوون بە میدیاکار | 31 |
| 1.5. تایبەتمەندییەکانی کەسی میدیاکار | 33 |
| **دووەم: میدیای نوێ و ئامرازەکانی** | 35 |
| 2.1. چەمک و سەرهەڵدانی میدیای نوێ | 35 |
| 2.2. فۆرمەکانی میدیای نوێ | 37 |
| 2.3. تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر میدیاکاران | 39 |
| 2.4. بەکارهێنانی میدیای نوێ لەلایەن میدیاکارانەوە | 41 |
| 2.5. چاودێریکردن لە میدیای نوێ | 43 |
| **سێیەم: تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیایی** | 46 |
| 3.1. دەرکەوتنی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیا | 46 |
| 3.2. بنەماکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیا | 48 |
| 3.3. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیا | 49 |
| 3.4. ڕەخنەکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیا | 50 |
| **بەشی سێیەم: پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا و یاسای میدیا** | |
| **یەکەم: پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا** | 52 |
| 1.1. چەمک و پێناسەی ئیتیکی میدیا | 52 |
| 1.2. ئیتیکی میدیا و پابەندبوون بە ڕێنماییە ئیتیکییەکان | 53 |
| 1.3. ئیتیکی پیشەیی میدیا لە میدیای نوێ | 58 |
| 1.4. ئامانجەکانی ئیتیکی میدیا | 60 |
| 1.5. گرنگی ئیتیکی میدیا لە کۆمەڵگە | 60 |

| | |
|---|---|
| 61 | 1.6.    پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا |
| 66 | 1.7.    پەیماننامەی شەرەفی ئیتیکی میدیایی |
| 70 | **دووەم: یاسای میدیا** |
| 70 | 2.1. چەمکی یاسا |
| 71 | 2.2. یاسای میدیا |
| 73 | 2.3. پرەنسیپەکانی یاسای میدیا |
| 77 | 2.4. یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان |
| 82 | 2.5.گرنگی یاساکانی میدیا بۆ دەزگاکانی میدیا و میدیاکاران |
| 83 | 2.6.مەترسییەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسا |
| 85 | 2.7.ئاستەنگییەکانی پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیک ویاسای میدیا |
| 86 | 2.8. جیاوازی نێوان ئیتیک و یاسای میدیا |
| **بەشی چوارەم: پراکتیکنامەی توێژینەوەکە** | |
| 88 | یەکەم: شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی |
| 113 | دووەم: شیکردنەوەی زانیاریەکانی پرسیاری چاوپێکەوتن |
| 127 | سێیەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوە |
| 129 | پێشنیار و ڕاسپاردەکان |
| R1 | لیستی سەرچاوەکان |
| 9A1-A | پاشکۆکان |
| | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی |

## پێرستی خشتەکان


| خشتەکانی بەشی یەکەم | |
| --- | --- |
| 1-1- ڕادەی جێگیریی تەوەرەکانی فۆڕمی ڕاپرسی بە بەکارهێنانی (ئەلفا کرونباخ) alpha Cronbach | 9 |

| خشتەکانی بەشی چوارەم | |
| --- | --- |
| **یەکەم: ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک ویاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا (میدیای نوێ بە نموونە)** | 90 |
| 1-1- ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە | 90 |
| 1-2- تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە | 90 |
| 1-3- ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوەکە | 91 |
| 1-4- ئەزموونی کارکردن لە بواری ڕاگەیاندنی نموونەی توێژینەوەکە | 92 |
| 1-5- گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە | 93 |
| 1-6- ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا | 95 |
| 1-7- ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە بەرپرسیاریێتی کۆمەڵگە | 99 |
| 1-8- بەربەستەکانی بەردەم پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای ڕۆژنامەوانی | 102 |
| 1-9- دەرهاویشتەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای ڕۆژنامەوانی | 105 |
| 1-10- دەرئەنجامی تێستی(Z) بۆ سەلماندنی گریمانەکانی توێژینەوەکە | 108 |
| 1-11- ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Biniomal) بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەی چوارەم (میدیاکاران پرسە پیشەییەکان و پەیامە ڕاستییەکان تێکەڵ بە وروژاندن و پروپاگەندە دەکەن، بۆیە متمانەیان لەدەست دەدەن و ئەخلاقی پیشەیی ناپارێزن) | 111 |

## پێرستی پاشکۆکان


| | |
|---|---|
| A1 | 1. پێوەری ڕاستی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە |
| A2 | 2. فۆرمی ڕاپرسی |
| A8 | 3. پرسیارەکانی ئامرازی چاوپێکەوتن |
| A9 | 4. چاودێرانی میدیا لە هەرێمی کوردستان لەم توێژینەوەیەدا |

# پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی **"ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، میدیای نوێ بەنموونە"** وەرگیراوە، توێژەر دیاریکردووە بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی زانستی لەم بوارەدا ئەنجام بدات و تیشک بخاتە سەر ئیتیک و یاسا لە میدیای نوێدا، بۆ ئەم مەبەستە میدیاکارانی نێو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانی وەکو نموونەی توێژینەوەکە بۆ لایەنی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکراون چونکە ئیتیک و یاساکانی میدیا لەو کاتەدا زیاتر پێویست و گرنگ دەبێت  بۆ کۆمەڵگە کە میدیا بەڕووی جیهانی تەکنۆلۆجیا هەنگاو دەنێت، لەم کرانەوەیەدا ڕۆڵی سەرەکی لە ئاڕاستەکردنی میدیا لە کۆمەڵگەدا بریتییە لە میدیاکاران،پەیامی میدیاکاران کە لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیاوە ئامادە و بلاودەکرێتەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دروستدەکات و گۆرانکاری لەسەر ئاڕاستەی بیرکردنەوە و بڕیاردانی جەماوەر دروست دەکات، ئاستی بەرزی میدیاکاران لە پابەندبوونیان بە ئیتکی میدیا لەلایەک و یاساکانی میدیا لە لایەکی ترەوە، وادەکات ئەو زانیاریانەی میدیاکار لە چوارچێوەی ژانرەکانی میدیادا پێشکەشی وەرگری دەکات، جێگەی متمانە و باوەڕی وەرگربیت و سوودبەخشبێت، ئەگەر هاتوو ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا  لە ئاستێکی باڵا بوو ئەوا پەیامە میدیاییەکان بە ڕاست و دروست دەگەن بە جەماوەر و کۆمەڵگەیەک و  دەزگایەکی پێشکەوتوو و هۆشیار بەرهەم دێت بە پێچەوانەوە ئەم ئاستی پابەندنەبوونە ڕاستە، بۆیە پابەندنەبوونی زۆرێک لە میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای کاری میدیایی و دەرکەوتنی دەیان لادان و هەڵە و کەم و کوڕی وای کردووە زانیارییەکان لاواز و ناڕاست بن و جێگەی باوەڕ نەبن و  تا ڕادەیەک بووەتە پشێوی و واتەوات لەنێو میدیا نوێ لە هەرێمی کوردستاندا.

هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە، بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە میدیاکارانی کورد جۆرێک لە نەبوونی ڕێکخستن و کەمتەرخەمیان پێوە دیارە لە ڕووی پابەندبوون بە ئیتیک و یاسا لە پیشەی میدیایدا لەمەڕ ڕووماڵکردنی هەواڵ و زانیاریەکان بۆ جەماوەر.

ئەم توێژینەوەیە بەسەر چوار بەشدا دابەش کراوە: بەشی یەکەم: بریتییە لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، کە ئەم لایەنانە لەخۆدەگرێت: تەوەری یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە، ئەویش لە کێشەی توێژینەوەکە، پرسیارەکانی توێژینەوەکە، گریمانەکانی توێژینەوەکە گرنگی توێژینەوەکە، ئامانجەکانی توێژینەوەکە، جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، نموونەی توێژینەوەکە، بوارەکانی توێژینەوەکە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە، پێوەری ڕاستی و ڕواڵەتی فۆرمی ڕاپرسی وڕادەی جێگیریی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە، شێواز و ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان لە توێژینەوەکە پێک هاتووە. تەوەری دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە. تەوەری سێیەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو و تاوتوێکردنیان. تەوەری چوارەم: تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیایی. بەشی دووەم و سێیەم باس لە تیۆرییینامەی توێژینەوەکە دەکات کە بەشی دووەم: باس لە میدیاکار و ئامرازەکانی میدیای نوێ دەکات و دابەشی سەر دوو تەوەر کراون، بەشی سێیەم: باس لە پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا و یاسای میدیا دەکات، بەشی چوارەم: پراکتیکنامەی توێژینەوەکەیە، لە دوو تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم : تایبەتە بە شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی. تەوەری دووەم: تایبەتە بە شیکردنەوەی ئامرازی چاوپێکەوتن. لە کۆتایی دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان خراونەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان، پاشکۆ و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی.

## بەشی یەکەم

## چوارچیوەی میتۆدی توێژینەوەکە

یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

دووەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە

سێیەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێسوو و تاوتوێکردنیان

## یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:

### 1.1. کێشەی توێژینەوەکە:

لەبەرئەوەی میدیاکاران بەشێکی گرنگی پیشەیی میدیا و کارەکتەرێکی بەئاگای ناو کۆمەڵگەن ، زۆرجار لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی وەلادەنێن و پابەندنابن بە ئیتیک و یاسای میدیا، ئەمە وادەکات زانیاریەکان لاوازبن و متمانەی جەماوەر بە میدیا لەدەستبدات، کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران لە میدیای نوێ بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها دۆزینەوەی هۆکارەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا.

### 1.2. پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە هەوڵی بەدەستهێنانی وەڵامی ئەو پرسیارانەیە کە توێژەر دەیەوێت پێی بگات، بۆیە ئەم توێژینەوەیە لە چەند پرسیارێکەوە سەرچاوەی گرتووە، توێژەر دەیەوێت وەڵامی چەند پرسیارێک بەدەستبهێنێت بریتیین لە:

1. تاچەند میدیاکاران پابەندن بە ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان؟
2. تا چەند میدیاکاران لە هەرێمی کوردستان  ڕەچاوی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییان کردووە؟
3. بەربەستەکانی بەردەم پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای رۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان چین؟
4. ئەو دەرهاویشتانە چین لە ئەنجامی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان دێنە ئاراوە؟
5. تا چەند لە هەرێمی کوردستان گرنگی بە ڕێکخستنەوەی میدیای نوێ دراوە؟

6. ئایا یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە (35)ی ساڵی (2007) تا چەند بۆ ئێستای میدیای کوردی گونجاوە و  تا چەند دەتوانێت وەڵامدەرەوەی ئاستەنگ و ئاڵنگارییەکانی ژینگەی نوێی کاری میدیا بێت؟

### 1.3. گریمانەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە  چەند گریمانەیەک لەخۆدەگرێت ئەوان:

1. میدیاکارانی کوردستان بەپرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیایی بەتەواوی پابەند نەبوونە.
2. میدیاکارانی کورد لە هەرێمی کوردستان بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە بەتەواوی ناپارێزن.
3. نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی میدیای نوێ لەهەرێمی کوردستان، بەربەستی پابەندنەبوونی میدیاکارانە بەپرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا
4. دامەزراوە فەرمی و ناوەندە پەیوەندارەکانی میدیا، هۆکاری پابەندنەبوونی میدیاکارانن بە ئیتیک و یاسا لەهەرێمی کوردستان.
5. میدیاکاران بابەتە پیشەیی و پەیامە ڕاستیەکان تێکەڵ بە ووروژاندن و پڕوپاگەندە دەکەن، بۆیە متمانە لەدەست دەدەن و ئیتیکی پیشەیی ناپارێزن.

### 1.4. گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕووەوە گرنگی خۆی هەیە:

**یەکەم:** لە ڕووی زانستیەوە گرنگە، دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ داهاتوو، کە دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت لەو بوارەدا و لە داهاتوودا.

**دووەم:** لە ڕووی کۆمەڵگەوە گرنگە، دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە بە کاریگەری میدیای نابەرپرس و میدیاکاری نائەکادیمی دروست دەبن.

**سێیەم:** بابەتی توێژینەوە ، بابەتێکی سەردەمیانەیە و تا ئێستا گۆڕاوەکانی بەیەکەوە نەبەستراوەتەوە، بۆیە توێژینەوەکە بەوە جیادەکرێتەوە کە باس لە گرنگی ئەم کێشەیە دەکات لە ڕووی پەیوەندی نێوان ئاستی پابەندبوونی میدیاکار لەگەڵ ئیتیک و یاسای میدیا

### 1.5. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی هەیە بریتین لە:

1. زانینی ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیبەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا.
2. دیاریکردنی ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا.
3. زانینی هۆکارەکانی بەردەم پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای رۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستاندا.
4. دیاریکردنی دەرهاویشتەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا.
5. دەرخستنی ڕادەی گرنگیدان بە ڕێکخستنەوەی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو هەوڵانە لە سەر ئاستی دامەزراوە.
6. دیاریکردنی گرنگی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە 35ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێستای میدیای کوردی و دەرخستنی ئاستەنگ و ئاڵنگاریەکانی ژینگەی نوێی کاری میدیا.

### 1.6. جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە(Descriptive Research)، کە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە گونجاوە، توێژەر میتۆدی تێکەڵاو(Mixed Method)ی بەکارهێناوە. کە ئەم میتۆدە کاتێک باکاردەهێنرێت کە توێژینەوەکە لە هەردوو لایەنی چەندێتی و جۆریەتییەوە کاربکات بەمەبەستی بەستنەوەی زانیارییەکان بەیەکەوە، پاشان دەرهێنانی

ئەنجامێکی تەواو بۆ هەردوو لایەنەکە، ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ فۆرمی ڕاپرسی، ئامرازی چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە، تاوەکو دەرئەنجامەکان ڕاست و دروست دەربکەون و بەهێزبن.

### 1.7. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە میدیاکارانی نێو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان، کە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان وەکو ئامرازێک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ وەرگیراوە بەپێی ئەوەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بەشێوەیەکی فەرمی و یاسایی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکرێت و یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان بەسەریاندا جێبەجێدەکرێت، تا ئەو کاتەی توێژەر داتاکانی کۆکردەتەوە لە بەرواری 2022/6/18 نزیکەی 70 ماڵپەڕ تۆمارکرابوون لە سەندیکا و دوای پەیوەندی کردن بە سەرنوسەری ئەو ماڵپەڕانەوە هەندێکیان داخرابوون و نەمابوون وهەندێکیشیان کەمتەرخەم بوون لە یارمەتیدانی توێژەر و ئامادەنەبوون پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکە وەربگرن و وەڵام بدەنەوە، ئەوانەی مابوون و توێژەر توانی کۆیان بکاتەوە بریتی بوون لەم ماڵپەڕانەی خوارەوە:

1. ماڵپەڕی وشە Wishe net
2. وارمیدیا warmedia
3. گاڤ نیوس Gavnews
4. وڵات میدیا Wllatmedia
5. ئەنوا پرێس Anwapress
6. باس نیوس Basnews
7. دیپلۆماتیک مەگەزین Deplomatic magazine
8. شارپرێس Sharpress
9. وێستگە نیوس Westganews
10. برادۆست نیوس bradostnews

11. ویژدان پرێس wizhdan press
12. درەو میدیا Drawmedia
13. C.M.K
14. چاوی کورد Chawykurd
15. بوار نیوس Bwarnews
16. خەڵک Xalk
17. دەنگ نیوس Dangnews
18. سیبا میدیا Sebamedia
19. کۆباس kobas
20. خانی نیوس xaninews
21. خەندان xandan
22. پۆلەتیک پرێس Politicpress
23. مۆجۆکورد Mojokurd

### 1.8. نموونەی توێژینەوەکە:

نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە 200 میدیاکاری ناو ئامرازەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان

### 1.9. بوارەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە سێ بواری سەرەکی هەیە بریتین لە:

1.بواری شوێن: سنووری ئەم توێژینەوەیە ئامرازەکانی میدیای نوێیە لە هەرێمی کوردستان

2. بواری مرۆیی: لە کۆمەڵگەی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە، میدیاکارانی کورد لەهەردوو ڕەگەز

3. بواری کات: بواری کات لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە ماوەی نێوان 2022/6/1تاکو 2022/8/1ی بۆ کۆکردنەوەی داتاکانی فۆرمی ڕاپرسی خایاندووە.

### 1.10. ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا هەریەک لە ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی و ئامرازی چاوپێکەوتن بەکارهاتوون

1. فۆرمی ڕاپرسی : پێک دێت لە پێنج تەوەری سەرەکی: تەوەری یەکەم تایبەتە بە پرسیارە گشتیەکان سەبارەت بە تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی نموونەی توێژینەوە، کە لە (4) پرسیار پێکهاتووە. هەرچی چوار تەوەرەکەی ترە تایبەتە بە پرسیارەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە، کە هەر تەوەرێک ژمارەیەک بڕگەی جیاجیا لەخۆدەگرێت. فۆرمەکە بەشێوەی ئەلیکترۆنی و دانەدەستی ڕاستەوخۆ نێردراون بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە کە میدیاکارانی نێو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکانە، ئەمە لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو وەڵامانەی، کە نموونەی توێژینەوە دەیدەن.
2. ئامرازی چاوپێکەوتن: بۆ زیاتر دڵنیابوون لە وەڵامەکانی فۆرمی ڕاپرسی توێژەر ئامرازی چاوپێکەوتنی لەگەڵ چاودێرانی میدیا لە هەرێمی کوردستان بەکارهێناوە کە پێک دێت لە ژمارەیەک پرسیاری تایبەت بە توێژینەوەکە، هەریەک لە (بەڕێوەبەری لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمان، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پەرلەمان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، دەستەبژێری میدیایی(مامۆستایانی زانکۆکانی: هەولێر، دهۆک. سلێمانی، لە بەشەکانی ڕاگەیاندن)، وەرگیراون

## 1.11. پێوەری ڕاستی و ڕواڵەتی فۆرمی توێژینەوەکە:

توێژەر بۆ دەرهێنانی پێوەری ڕاستی پشتی بە (11) پسپۆری ئەکادیمی و شارەزا لە بوارەکانی (ڕاگەیاندن، ئامار) بەستووە دوای هەڵسەنگاندنی شارەزایان دەرکەوت ڕێژەی ڕاستی و ڕواڵەتی بریتییە لە (94%) . ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستی فۆرمەکە دەردەخات. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1)

## 1.12. ڕادەی جێگیریی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە:

بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی جێگیریی ئەم توێژینەوەیە ، توێژەر پێوەری (ئەلفا کرۆنباخ)ی بەکارهێناوە. دەتوانرێت ئەم پێوەرە وەک پێوانەکردنی پلەی پەیوەندی نێوان وەڵامەکان لێکبدرێتەوە، لێرەدا بەهای ئەلفا کە لە ڕووی ئامارییەوە قبوڵکراوە لانیکەم دەبێت 60% بێت بۆ گشتاندنی ئەنجامەکان. (Nunnally, 1970), (Sekaran, 2003) ، بۆیە ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست، هەرسێ تەوەری توێژینەوەکە قبوڵکراون لە ڕووی ئامارییەوە، چونکە زیاتر بوون لە 60% وەک لە خشتەی ژمارە (1) ڕوونکراوەتەوە، کە بەهای ئەلفا لە نێوان (71%) بووە وەکو کەمترین بەها بۆ تەوەری (ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە)، بەرزترین بەها (88%) بوو بۆ تەوەری (بەربەستەکانی بەردەم پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای میدیا ). لەم توێژینەوەیەدا بەهای (الفا کرونباخ) بریتییە لە (89%).

**خشتەی ژمارە(1) رادەی جێگیریی تەوەرەکانی فۆرمی راپرسی بە بەکارهێنانی پێوەری (ئەلفا کرونباخ) alpha Cronbach**

| برگە سەرەکییەکان | ژمارەی پرسیار | بەهای پێوەری (ئەلفا کرونباخ) |
|---|---|---|
| ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا | 13 | %80 |
| ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵگە | 9 | %71 |
| بەربەستەکانی بەردەم پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای میدیا | 14 | %88 |
| گشت پرسیارەکانی فۆرمەکە | 36 | %89 |

## 1.13. شێواز و ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان لە توێژینەوەکەدا:

بریتییە لەو ئامرازە ئامارییانەی، کە توێژەران بۆ دەستکەوتنی ئەنجامەکان بە مەبەستی شیکردنەوەی داتاکان بەکاریان دەهێنێت. ئەمەش بە بەکارهێنانی( Statistical Package for social sciences)، (IBM SPSS)، واتە پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی شیکردنەوەی داتاکان و دواتریش گەیشتن بە دەرئەنجامەکان. (بشير،2003،62–66)،(جبريل ،2020 ، 45–83).

1. پێوەرەکانی ئاماری وەسفی، کە پشت بە بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی دەبەستێت، ئەویش بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەها دیاریکردنی ژمارەی دۆخەکانی هەر بڕگەیەک و ژمێرەکردنی ڕێژەی سەدییەکەی، ئەمەش بە دیاریکردنی گرنگی ڕێژەیی، بۆ هەموو دۆخەکان و بە گوێرەی ئەو بڕگانەی لە توێژینەوەکەدا هاتوون(المزاح،2013، 37–63)، (القاضي ،2003، 23–42).
2. ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی بۆ ئەو بڕگانەی، کە داتاکانیان لە جۆری ڕیزبەندییە، واتە بە مەبەستی ژمێرەکردنی بەهای (ناوەند یاخود تێکڕا) بۆ بڕگەکان و ژمێرەکردنی پەرتەوازەیی داتاکان، لەبارەی ناوەندی ژمێرەیی، بە گوێرەی بڕگەکانەوە (دووری و نزیکی داتاکان لەبارەی ناوەندی ژمێرەییەوە) (القاضي ،2003، 53–85،56–90).

3. تێستی (T)، بۆ تێستکردنی گریمانەکانی توێژینەوەکەیە (بۆ زانینی هەبوون یاخود نەبوونی جیاوازی واتا ئامارییەکان) بە مەبەستی دیاریکردنی ڕاستی و دروستی ئەو گریمانانەی، کە توێژەر دایناون(طعمة ،2009، 35-46).

4. بەکارهێنانی تێستی (Binomial) بۆ تێستکردنی یەکسانی ڕێژەیی( بۆ تێستکردنی هەبوونی جیاوازی(مەعنەوی) بۆ بەندەکان لەگەڵ ڕێژەی تیۆری کە لە توێژینەوەکەدا چەسپێنراوە). (القاضي،2003، 270-272).

**دووەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ژمارەیەک چەمک بەکارهاتوون لەوانە:

2.1. **پابەندبوون** : لەم توێژینەوەیە پابەندبوون بەواتای بەجێهێنانی ئەرک و پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا و ڕەچاوکردنی یاســـا بەرکارەکان دێت لەلایەن دەزگاکانی میدیا و میدیاکارانەوە، لەو ژینگەیەی کاری میدیایی تێدا دەکرێت.

2.2. **میدیاکار** : میدیاکار ئەو کەســـەیە بەشـــێوەیەکی فەرمی لە دەزگایەکی میدیایدا کاردەکات و لە ڕێگای ئامرازە نوێیەکانی میدیاوە ڕووداو و هەواڵ و زانیاریەکان بە شـێوەیەکی دروسـت لەسـەر بنەماو بەهای پیشـەیی میدیایی و لەسـەر بەرژەوەندی گشتی دەگوازێتەوە بۆ خەڵک.

2.3. **ئیتیکی میدیا:** کۆمەڵێک پرەنســیپن بۆ باشــترکردنی ئەدای پیشـــەی میدیایی بۆ میدیاکاران و دەزگاکانی میدیا دانراون، کە تێیدا میدیاکار و دەزگاکانی میدیا پابەند بە وردیی، ڕاستگۆیی، بابەتی، بەرپرسیارێتی، هاوسەنگی، بێلایەنی، ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەتی..هتد، دەکات.

2.4. **یاسای میدیا:** مەبەست لە ڕێکخستنەوەی پیشەیی میدیایە بە هەموو جۆر و ئامرازەکانی میدیا،بەجۆرێک مافی هەموو لایەک بە پارێزراوی دەمێنێتەوە و ئەرک و ماف و بەرپرسیارێتی میدیا و میدیاکاران دادەڕێژێت.

2.5. **میدیای نوێ:** بریتییە لەو میدیاییە کە هەر سێ میدیای بینراو، بیستراو، خوێندراو ، بەشێوەی ئەلیکترۆنی لەخۆدەگرێت، میدیاکار لەم ژینگەیە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی پەیڕەویی پیشەی میدیا دەکات.

## سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەکانی پێشوو بەرچاو ڕوونییەکی باشە بۆ توێژەر تاکو بتوانێ بە شێوەیەکی زانستی وئەکادیمی توێژینەوەکەی بەئەنجام بگەیەنێت، لەم توێژینەوەیەدا سوود لە چەندین توێژینەوەی کوردستانیی و عەرەبی وەرگیراوە لەوانە:

### 3.1. توێژینەوە کوردستانیەکان

1. توێژینەوەی (شاخەوان محەمەد سلێمان) بە ناونیشانی" **ئاستی پابەندبوونی ڕۆژنامەوانان بە ئیتیکی ڕاگەیاندن، متمانەی خوێنەر بە ڕۆژنامە کوردییەکان بە نموونە"**،(تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە). زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی ئاداب، ڕاگەیاندن، 2022.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی پابەندبوونی میدیاکارانە بە بنەماکانی ئیتیکی ڕاگەیاندن و زانینی ئاستی متمانەی خوێنەر بە ڕۆژنامە کوردییەکان لە هەریمی کوردستان، توێژینەوەیەکی وەسفی ڕووپێوییە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی سنوردار کە خۆی دەبینێتەوە لە (میدیاکار، فەرمانبەر، کاسب، سیاسی، مامۆستای زانکۆ، قوتابی) لە هەرێمی کوردستان، فۆرمی ڕاپرسی دابەشکردووە بەسەر (450) کەس لە نموونەکە. گرنگترین دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە:

1. ئەو کاریگەریەی لەسەر میدیاکاران بۆ پابەندنەبوون بە ئیتیکی میدیا هەیە ململانێی سیاسیە.
2. خوێنەر متمانەی بە ڕۆژنامە کوردیەکان کەمبوەتەوە، بەهۆی گرنگی نەدان بە بنەماکانی ئیتیکی میدیا کە خۆی دەبینێتەوە لە بێلایەنی، ڕاستی بوون، بابەتی، نهێنیپارێزی، ، ئەوەش بەهۆی فەرامۆشکردنی سەرجەم بنەماکانی ئیتیکی میدیا لەلایەن میدیاکارانەوە.

**2.** توێژینەوەی(ئازاد عبدالعزیز محمد) بە ناونیشانی **"ئاڕاستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان".** (تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی ئاداب، ڕاگەیاندن 2022 توێژینەوەیەکی وەسفی و شیکارییە، سود لە میتۆدی ڕووپێوی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی میدیایی وەرگیراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی لە بواری ڕووپێوی بریتییە لە سەرجەم دەستەبژێری میدیایی لە هەرێمی کوردستان، لە بواری شیکاریشی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییە کوردییەکان(ڕووداو، ئێن ئاڕ تی) وەکو نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.ئامانجی دەرخستنی ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانە بە ئیتیکی پیشەیی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و یاسایی لە ڕوانگەی دەستەبژێری میدیاییەوە، بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی، لە لایەنی شیکردنەوەی توێژینەوەکە کار لەسەر دیاریکردنی ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییەکان کراوە بە ئیتیکی پیشەیی و کاریگەری لەسەر جۆری بابەتە هەواڵییەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕادەی پابەندبوونیان بە بنەماکانی ئیتیکی پیشەیی. لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە

1. زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە لەگەل ئەوەدان، کە ناوەڕۆکی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان تێکەڵێکە لە حاڵەتی پابەندبوون بە بنەما ئیتیکییەکان، بەتایبەتی لە خستنەڕووی زانیارییەکان وخۆدوورگرتن لە گەورەکردنی ڕووداوەکان، هەروەها پابەندبوون بە بنەما ئیتیکییەکان، بەتایبەتی لە خستنەڕووی ڕاوبۆچوونی جیاواز وسەرچاوەی زانیارییەکان.

2. زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە وای دەبینن، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان پابەندی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بوونە، بەتایبەتی لە پارێزگاریکردن لە کەلتوور وشوناسی نەتەوەیی، سەرباری ئەوەی هەندێ کات ئەو پێگانە لادانی ئیتیکییان هەبووە، بەتایبەت لەوەی هۆکارێک بوونە بۆ بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکە ورووژێنەرەکان.

3. توێژینەوەی (ئیبراهیم سەمین عەلی) بە ناونیشانی **"ئاستی زانینی ڕۆژنامەنوسان لەسەر بنەماکانی ئیتیکی ڕاگەیاندن" توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە بۆ میدیاکارانی چەند ڕۆژنامەیەکی هەرێمی کوردستان"، زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن، 2017.**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە گەڕان بەدوای ڕادەی جێبەجێکردنی بنەماکانی ئیتیکی ڕاگەیاندن لەلایەن میدیاکارانەوە. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی سنوردار کە خۆی لە میدیاکارانی ڕۆژنامە گرینگەکانی(خەبات، کوردستانی نوێ، ڕووداو، ئاوێنە، باس) لە هەرێمی کوردستان دەدۆزێتەوە، فۆرمی ڕاپرسی بەسەر (117)میدیاکار دابەش کردووە. دەرئەنجامە گرنگەکانی توێژینەوە بریتین لە:

1. کارکردنی میدیاکاران لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وادەکات شارەزاییان لە کارەکەیاندا زیاتر بێت. بەتایبەت ئەو میدیاکارانەی کە زیاتر لە پێنج ساڵە لە بواری خۆیاندا کار دەکەن، ئەمە ئاماژەیە بۆ پسپۆری و لێهاتوویی.بەمە زیاتر پابەند دەبن بە بنەماکانی کارکردن لە میدیا.
2. پابەندبوونی میدیاکاران بە بنەماکانی ئیتیکی ڕاگەیاندن، چونکە زۆربەی میدیاکاران تا ڕادەیەک هاوڕان لەگەڵ ئەوەی، دەبێت زانیاریی نادروست و ناتەبا لەگەڵ ئیتیکی ڕاگەیاندن وەلاوە بنێین.واتا کار بکەن بۆئەوەی زانیاریی دروست بڵاوبکەنەوە.

4. توێژینەوەی(هێرش ڕەسوڵ)، بە ناونیشانی **" ئاستی ڕاستگۆیی میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستاندا-توێژینەوەیەکی مەیدانییە"**، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، 2014.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی لەبەرچاوگرتنی " ڕاستگۆیی" وەک بنەمایەکی گرنگی ئیتیکی پیشە لە ڕاگەیاندنی کوردی هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەیەکی

وەسفییە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە شاری سلێمانی دەگرێتەوە، کە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لەو پارێزگایەدا وەرگیراون. ژمارەی مامۆستایانی زانکۆی سلیمانی دەگاتە(1355) مامۆستا، (208) لە پسپۆریی زانستە سروشتیەکان و (553) لە پسپۆریی زانستە مرۆییەکان. نموونەیەکی هەرەمەکی ڕێکخراو لە کۆمەڵی توێژینەوە وەرگیراوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە(15%) و ، مامۆستا وەرگیراوەکان(203) مامۆستان، (122) لە پسپۆریی زانستە سروشتیەکان و(8) لە پسپۆریی زانستە مۆییەکان. گرنگترین دەرئەنجامەکانی:

1. ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی بنەماکانی ئیتیکی پیشە پەیرەو ناکەن.
2. میدیایی ئەلیکترۆنی لە ڕووی گرنگینەدانی بە پێوەری "ڕاستگۆیی" ڕاگەیاندنەوە زۆرترین پشکی لە نێو ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندندا لە هەرێمی کوردستاندا بەردەکەوێت

### 4.2. توێژینەوە عەرەبیەکان:

1. توێژینەوەی(عزالدين بقدوري)، بە ناونیشانی **"الممارسة الاعلامية في الجزائر و اخلاقيات المهنة الصحفية، دراسة مسحية الصحف الصادرة بمنطقة العرب الجزائري"**، جامعة طاهري محمد بشار(الجزائر)،2017.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ زانینی ئاستی پابەندبوونی میدیاکارانە بە ئیتیکی پیشەیی لە ڕۆژئاوای جەزائیر، توێژەر میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە، لەم تویژینەوەیە هەوڵدراوە ئەو کێشانە چارەسەربکرێت کە توێژەر خستویەتیە بەرچاو ئەمەش لە ڕێگەی توێژینەوەی مەیدانی بۆ(26) ڕۆژنامەی نوسراو، بەبەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی گشتگیر بۆئەوەی بە ئاسانی بگەن بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەم ڕاپرسیە لەسەر (131) تاک کراوە.

گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکە بریتی بوو لەوەی 50.4%میدیاکاران پابەندن بە بەڵێننامەی ئیتیکی پیشەیی و ڕێزگرتن لە خوێنەران لە ڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکی گشتگیر و ڕاستگۆیانە.

2. توێژینەوەی(عبدالرحمن علي حمد الفهداوي) بە ناونیشانی "**مدى التزام الصحفيين العراقيين بالاخلاقيات العمل الصحفي-صحفيي محافظات(الانبار-الديوانية-صلاح الدين انموذجا**" ، جامعة الانبار، كلية الاداب، قسم الاعلام، 2018.

ئامانجی زانینی ئاستی پابەندبوونی میدیاکارانی عێراقییە بە دەستوورە ئیتیکیەکان لە دوای ساڵی 2003، توێژینەوەیەکی وەسفییە. پشتی بە میتۆدی ڕووپێوی بەستووە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر میدیاکارانی ناو ئامرازە جیاوازەکانی میدیا لە پارێزگاکانی (دیوانیە-سەلاحەدین-ئەنبار).

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون بریتییە لە: زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە ڕایان وایە، پابەندبوونی دەزگا میدیا عێراقیەکان بە پێوەرەکانی ئیتیک لە پیشەی میدیادا، وایان لێدەکات ببنە جێگەی ڕەزامەندی و متمانەی بینەرەکانیان و ئاستی متمانە بە ماددە میدیاییەکان بەرز دەکاتەوە کە ئاراستەی ڕای گشتی دەکەن.

3. (الرحاحلة ،2016)، توێژینەوەیەکی هەیە بەناونیشانی"**تقييم الصحفيين الاردنيين لمدى التزام المواقع الالكترونية الاخبارية الاردنية بميثاق الشرف الصحفي**" . ئامانجی ئەم توێژیەوەیە زانینی ئاستی پابەندبوونی میدیاکارانی ئوردنە بەپەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانی لە ماڵپەڕە هەواڵیەکانی ئوردن. توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری لەڕێگەی پێداچوونەوەی گرنگترین تەوەرەکانی ئەم بابەتە بەکارهێناوە، جگە لە شیکردنەوەی مادەکانی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەگەریی ئوردونی، بەپێی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە، تاکەکان، سەرچاوەکانی زانیاری، پەیوەندی لەگەڵ میدیاکاران بە بنەماکانی ئیتیک و دەستپاکی و ڕاستگۆیی میدیاکاران، کە فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنراوە بۆ تەواوکردنی لایەنی مەیدانی گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکەش بریتی بوو لە :

1. ماڵپەڕەکانی هەواڵیەکانی ئوردن بەرپرسیاریەتی خۆیان بەرامبەر بە کۆمەڵگە و تاکەکان و سەرچاوەکانی زانیاری و پەیوەندی لەگەڵ میدیاکاران و پرەنسیپە ئەخلاقییەکان و تەواوکاریی ڕۆژنامەکان جێبەجێ نەکردووە و بەپێی ستانداردی خوێندن.

2. ماڵپەڕە هەواڵییەکانی ئوردن پابەند نەبوون بە شەرەفی ڕۆژنامەوانی و پابەندبوونیان بە بەڵگەنامەکان نزمە.

### 3.3. توێژینەوەی بیانی:

1. (Plaisance, 2014) توێژینەوەیەکی هەیە بە ناونیشانی (Media Ethics; Key Principles for Responsible Practice). ئامانجی دەرخستنتنی ئەو هۆکارانەی، کە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە پەیڕەوکردنی ڕێساکانی ڕۆژنامەگەری و گفتووگۆکردنە لەسەر کێشە ئیتیکییەکان. هەروەها لەسەر مەسەلە گرنگەکانی ڕۆژنامەگەری و پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی میدیا و ئەو بەرپرسیارێتیەیی، کە دامەزراوەکانی میدیا هەیانە کامانەن؟، توێژینەوەکە لە زانکۆی کۆلۆرادۆ ئەنجام دراوە، لە ساڵی2014 بڵاوکراوەتەوە، لەسەر بنەما سەرەکییەکانی ئیتیکی میدیا نووسراوە، کتێبەکە بەشێکە لە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و زانستی، کە ئاڕاستەی قوتابییان و خوێندکارانی بوارەکانی میدیا دەکات، ناوەڕۆکی بابەتەکانی باس لە ڕێگە فەلسەفییەکان و بنەما گرنگەکانی ئیتیک دەکا. باس لەوە دەکات چۆن دەبێت یەکێک بەرپرسیارێتی میدیایی بگرێتە ئەستۆی خۆیی و خۆی بدزێتەوە لە پابەندبوونی بنەماکانی ئیتیکی میدیا. گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکە: دامەزراوەکانی میدیا پیویستە لە ئاستێکی باشتر پابەندبن بە پرەنسیپەکانی ئیتیک، ڕاستگۆیی، پاراستنی ژیانی تاکەکەسیی و سەرچاوەکانی هەواڵ، ئێستا ئەم هەوڵە لە ئاستێکی باشدایە بۆ پێگەیاندنی قوتابییان لەسەر راهێنانیان و ئامادەکرنیان بۆ گفتووگۆکردن لەسەر بنەماکانی ئیتیک.

## 3.4. تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەکانی پێشوو بەرچاوڕوونییەکی پێویست و گرنگ بوون بۆ دەستنیشانکردنی پرسیار و ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، بە سەرنجدان لە پەیکەری توێژینەوەکان و کرۆک و ئەو دەرئەنجامانەی داویانە بە دەستەوە، چەند سەرنجێک دەخەینەڕوو:

1- توێژینەوەکان زۆربەیان لە جۆری وەسفیین و پشتیان بە ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەستووە. بە گوێرەی جیاوازی شوێنکات، لە پەیوەندی نێوان ئاستی پابەندبوونی میدیاکار و ئیتیک و یاسا دەکۆڵنەوە. لە ڕووی کاتەوە لەیەکدییەوە نزیکن، بەڵام کۆمەڵگەی توێژینەوەکان جیاوازە، ئەوەی ئەم توێژینەوەیە جیادەکاتەوە لە توێژینەوەکانی پێشوو کە باسکران، بریتییە لەوەی، ئەم توێژینەوەیە میتۆدی تێکەڵاو(Mixed Method)ی بەکارهێناوە، کە میتۆدێکی نوێیە، لەم ساڵدا بەکارهێنراوە.

2- پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکان خستنەڕووی ئاستی پابەندبوونی میدیاکارە لەسەر پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا و هەندێکیان لە میدیای نوێ.

3- لە ڕووی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، پشتیان بەستووە بە فۆرمی ڕاپرسی و شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ خستنەڕووی ئەو چەمک و دەستەواژانەی، کە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەکارهێنراون، کەمتر بایەخیان بە خستنەڕووی زانیاری لە جۆری "ئامرازی چاوپێکەوتن" داوە.

4- ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی تایبەتمەندێتی بواری میدیا، دەڕوانێتە ڕوانگەی ئیتیک و یاسا لە میدیای نوێ کە بەشێکی کەمی توێژینەوەکان لە ڕوانگەی میدیای نوێ باسی ئیتیک و یاسایان کردووە.

6- لە بیرۆکە و داڕشتنی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، سوود لە پرسیار و شێوازی داڕشتنیان لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە.

### 3.5. سوودی توێژینەوەکانی پێشوو:

1. لە دارِشتنی رەهەند و چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو سەرچاوەی بەسوودبوون بۆ بەرچاورِوونیی توێژەر.
2. هاوکاربوون لە دارِشتنی برگە و پرسیارەکانی فۆرمی راپرسی و ئامرازی چاوپێکەوتن.
3. هاوکاربوون بۆ گەیشتن بە زۆرێک لە سەرچاوە و ژێدەری گرنگ و پر بەها، کە سوودیان لە دارِشتنی لایەنی تیۆریی ئەم توێژینەوەیەدا هەبووە.

# بەشی دووەم

## تیۆرینامەی توێژینەوەکە

## میدیاکار و ئامرازەکانی میدیای نوێ

### یەکەم: میدیاکار

### دووەم: ئامرازەکانی میدیای نوێ

# یەکەم: میدیاکار

## 1.1. چەمک و پێناسەی میدیاکار

**لەڕووی زمانەوانی** : میدیاکار ئەو کەسەیە کە لە ئاستێکی پرۆفیشناڵدا زانیاری و هەواڵ کۆدەکاتەوە و ئامادەی دەکات و بڵاوی دەکاتەوە بەو مەبەستەی بگات بە هەمووان.(خلیل، 2014: ل259).

"میدیاکار ئەو چاودێرە بزێوەیە کە بێ لایەنانە و بابەتیانە، بەبێ ترس و ئازایانە کەم وکورتییەکان دەدۆزێتەوە و دەیانخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی خودانی مەسەلەکان کە میللەتە ڕاستەوخۆ ئاگای لە بەڕێوەچوونی کاروبارو بەرژەوەندییەکانی خۆی بێت، کە داویەتە دەست کەسانێک لەناو دەزگاکانی دەوڵەت و حکوومەتدا نوێنەرایەتی بکەن. ( قەرەداخی، 2016: ل214).

بۆیە بواری میدیا وەک هەر بوارێکی زانستی، پێویستی بە پسپۆرییە، بەڵام تەنها فێربوونە تیۆرییەکەی بەس نییە، ئەو کەسانەی دەیانەوێ وەکو میدیاکار کار بکەن و لە ئاستێکی باڵاتردا کاری میدیایی بکەن، بەدڵنیاییەوە پێویستە بنەما وبناغەی ئەم کارە واتە: (هەواڵ نووسین، ڕاپۆرت، هەڤپەیڤین، وتارنووسین) فێرببن.(قەندی، 2008: ل48).

**لەڕووی یاسایی:** لە ڕووی یاساییەوە هەر وڵاتێک ڕێساو یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، مەبەست لە پێناسەی یاسایی میدیاکار ئەوەیە، کە لەلایەن دەزگا حکومەتیەکانەوە لە یاسای میدیادا دیاریکراوە ومیدیاکاری بە پێی یاسا پێناسە کردووە، بە پێی یاسا و ڕێسای وڵاتەکەی دەتوانێت کاری میدیا بکات . لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو کار و ناونیشانانەی لە ڕوانگەی یاساوە دەچنە خانەی میدیاکار، لە ژمارە 35ی یاسای ڕۆژنامەگەری ساڵی2007 لە مادەی یەکەمی بڕگەی پێنجەمدا هاتووە میدیاکار: "هەر کەسێک لە بواری ڕۆژنامەگەریدا لە هەر کەناڵێکی میدیادا کار دەکات".(وەقایعی کوردستان، 2007: ل1).

پیشەی میدیا چەندین جۆر کار و چالاکی لەخۆدەگرێت، بۆیە میدیاکار مەبەست لەو کەسەیە کە کاری گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری دەکات لە پلاتفۆرمە جیاوازەکانی میدیا. سەبارەی بەو کار و چالاکیانەش ماددەی (23) لە یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە(40)ی ساڵی (2004) کە هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (1998)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە دەڵێت"ڕۆژنامەنووس ئەو کەسەیە کە یەکێک لەم ناونیشانانەی هەیە: خاوەن ئیمتیاز، سەرنووسەر، جێگری سەرنووسەر، بەڕێوەبەری نووسین، سکرتێری نووسین، نووسەر، وەرگێڕی ڕۆژنامەوانی، پەیامنێر، وێنەگر، وێنەکێش، ڕەنگرێژ –دیزاینەر-، هەڵەچن، ڕێکخەری ئەرشیفی ڕۆژنامەگەری).(وەقایعی کوردستان،2004: ل9)

کەواتە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان چواردە جۆر کاری دیاری کردووە کە دەشێ پێیانبوترێت کاری ڕۆژنامەنووسی، بەمجۆرە هەموو کەس ناتوانێ بەخۆی بڵێ میدیاکار تەنها لەبەرئەوەی جارجار بابەتێکی بۆ ڕۆژنامەیەک ناردبێت، بەهیچ جۆرێکیش ڕێگای پێ نادرێت بەمەبەستی وەرگرتنی لێدوان و زانیاری میدیایی، ئەو نازناوە ەخۆی بنێت لەکاتی خۆناساندن بەبەرامبەرەکەیدا.(فەوزی،2020: ل32)

بە پێی ئەو پێناسانەی سەرەوە کە باسکران میدیاکار ئەو کەسەیە کە لە دامەزراوەیەکی فەرمی و ناسراوی میدیایی کار دەکات لە  کۆی پلاتفۆرمەکانی میدیا و یاساکانی میدیا بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت و ئەرکی وەرگرتن و ئامادەکردن و گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریە بۆ جەماوەرەکەی، واتە لێرەدا مەبەست لە بەکارهێنەرێکی ئاسایی ئامرازە نوێیەکانی میدیا نیە ، بەڵکو ئەو میدیاکارەیە کە دەزگاکەی بەشێوەیەکی فەرمی و یاسایی تۆمارکراوە و دەتوانرێت لە کاتی پابەندنەبوون یان پێشێلکردنی مافەکانیان  یاساکانی میدیا لەسەریان جێبەجێبکرێت.

## 1.2. ماف و ئەرکەکانی میدیاکار

میدیا لە پێش هەموو شتێکەوە پیشە و ئیتیکە، بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە بەرامبەر بە خەڵک و ویژدانی میدیاکار، زانینی ئەرک وماف و بەرپرسیارێتی میدیاکار لە بەرامبەر کۆمەڵگە وا دەکات میدیاکار پابەندبێت بەشێوەیەکی تەندروست بە پیشەکەی، چونکە یاسای میدیا لە زۆربەی وڵاتاندا ئەرکێکی دیاریکراوی بۆ میدیاکاران دیاریکردووە، لەبەرامبەریشدا مافی بەوان داوە و هەر بە یاسا گرەنتی سەلامەتی پیشەیی و پارێزگاریکردن لە مافەکانیان پێدراوە.لێرەدا ماف و ئەرک و بەرپرسیارێتی میدیاکار دەخرێتە ڕوو:

**1.2.1. مافەکانی میدیاکار:** سروشتی پیشەیی میدیا وایکردووە کە میدیاکار هەمیشە هەندێک مافی لە هاوڵاتیانی تر زیاتربێت سەرەڕای ئەو مافانەی کە میدیاکار وەک مرۆڤێکی ئەندام لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەیەتی، یاخوود وەکو هاوڵاتیەک بۆی دەستەبەرکراوە.(سەعدی، 2003: ل254)

بۆیە زامنکردنی ماف و پاراستنی میدیاکاران پێویستی بە پەیوەندییەکی هاوسەنگ هەیە لەنێوان میدیاو دەسەڵاتدا، چونکە دەسەڵات لەزۆر ناوچەدا پێشێلی مافەکانی میدیاکار و پاراستن و ئازادی کارکردن و بەدەستهێنانی زانیاریان دەکات. (صالح، 2004: ل282)

مافەکانی میدیاکار لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و لە یاسای نێودەوڵەتی میدیا بەچەند خاڵێک ئاماژەی پێدراوە، بەهۆی ئەوەی ئەمرۆ میدیا، یاسا و ڕێسای دیاریکردووە بۆ میدیاکار و دەبێت پابەندبێت بۆئەوەی تووشی لادانە میدیایەکان نەبێت، لەبەرئەوەی میدیاکار ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ڕۆڵی لە دروستکردنی ڕای گشتی دا هەیە، کۆمەڵێک مافی بۆ دەستەبەرکراوە، لە یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 لە بەشی چوارەم کە تایبەت کراوە بە ماف و ئیمتیازەکانی میدیاکار لە ماددەی حەوتەمی یاساکە بەم شێوەیە مافەکانی بۆ میدیاکار دیاریکردووە: .(وەقایعی کوردستان، 2007: ل 4-5)

**یەکەم:** میدیاکار سەربەخۆیە لە بەجێهێنانی ئەرکە پیشەییەکەی دا، هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نیە، جگە لە دەسەڵاتی یاسا.

**دووەم:**نابێت ئەو ڕاوبۆچوونەی کە لەلای میدیاکار دەردەچێت، یان ئەو زانیارییانەی کە بڵاویان دەکاتەوە، ببنە هۆی تێکدانی باری ژیانی، یان زیان بە خۆی و مافەکانی بگەیەنێ.

**سێیەم:** میدیاکار مافی ئەوەی هەیە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرانەکات، تەنها بە بڕیاری دادوەری نەبێت.

**چوارەم:** میدیاکار مافی ئامادەبوونی لە کۆنگرەو چالاکییە گشتیەکاندا هەیە.

**پێنجەم:** هەر کەسێک بەهۆی کارەکەیەوە سوکایەتی بە میدیاکار بکات، یان دەستدریژیی بکاتە سەر، ئەوا هەمان ئەو سزایە دەیگرێتەوە کە بۆ دەستدریژیکردنە سەر فەرمانبەرێک لە کاتی یان بەهۆی بەجێهێنانی ئەرکەکانی دانراوە.

**شەشەم:** ئەگەر گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئەو ڕۆژنامەیەدا ڕوویدا، کە میدیاکارەکە کاری تێدا دەکات، یان بارودۆخی گرێبەستەکەی گۆڕا، ڕۆنامەنووس بۆی هەیە ئەو گرێبەستە یەکلایەنە هەڵبوەشێنێتەوە، بەمەرجێک(30) سی ڕۆژ پێش ئەو هەڵوەشاندنەوەیە، ئاگاداری ڕۆژنامەکە بکاتەوە، بێ ئەوەی مافی میدیاکارەکە لە قەرەبووکردنەوەدا بفەوتێ.

**حەوتەم:** پێویستە دەزگاکانی ڕۆژنامەگەریی و بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆژنامەکان، پابەندی هەموو ئەو مافانە بن کە لە یاسا بەرکارەکان و گرێبەستی پەسەندکراو لەلایەن سەندیکای میدیاکاران بۆ میدیاکاران دیاریکراون.

**هەشتەم:** لە بارێکدا ئەگەر میدیاکار هەموو مۆڵەتە نایاساییەکانی، یان هەندێکیانی دوای کۆتاییساڵی دارایی وەرنەگرتبوو، ئەوا ئەو پارەیەی پێدەدرێ کە دەیکەوێ، بە مەرجێک لە موچەی مانگێکی پتر نەبێت.

**نۆیەم:** لە کاتی تووشبوونی میدیاکار دا بە ناخۆشی و پێکان لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی، یان لە پێناوی دا، ئەو دەزگا میدیاییەی کە کاری تێدا دەکات، خەرجیی چارەسەرکردنی دەکەوێتە ئەستۆ.

**دەیەم:** ئەگەر لە ڕۆژانی پشوی فەرمی دا کاری کرد، پێویستە ئەو دەزگا ڕۆژنامەگەرییەی کاری تیدا دەکات، قەرەبووی ماددی ئەو ڕۆژانەی بۆ بکاتەوە، بەبڕی کرێی دوو ڕۆژ بۆ هەر ڕۆژێک.

جگە لەم مافانەی  کە بە پێێ یاسا باسکران ، کۆمەڵە مافێکی سەرەتایی هەن بۆ میدیاکاران بریتین لە: .(محمدیان، 2020)

1. مافی ئازادی ڕادەربڕین: هەرچەندە ئەم مافە بۆ هەموو هاوڵاتیانە، بەڵام بۆ میدیاکاران مافی ئازادی ڕادەربڕین پێکهاتەی جیاوازی هەیە و گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەوان.
2. مافی گەڕان بە دوای زانیارییەکان: گرنگترین مافی میدیاکارانە، پێویستە میدیاکاران بەدوای زانیاریدا بگەڕێن بۆ ئەوەی بە یاسایی بچنە ناو هەر شوێنێک کە پێیان وایە ڕووداوێک هەیە، بۆیە نابێت بەدواداچوونەکانیان وەک هەراسانکردن و لێکۆڵینەوە و سیخوڕی لێکبدرێتەوە.
3. مافی پاراستنی ژیان: میدیاکاران لە جیهاندا لەژێر هەڕەشەی جۆراوجۆری ژیاندان: کوشتن، ڕفاندن، هەڕەشەی توندوتیژی، لێدان یەکێکە لەو شتانەی کە هەڕەشە لە میدیاکاران دەکەن حکومەتەکان ناچارن   دژ بە کردەوەی توندوتیژی بوەستن بۆ سەر میدیاکاران و دەزگا میدیاییەکان و پشتیوانیان لێبکەن و ڕێگە نەدەن هیچ کەس چ بەرپرسانی گشتی یان ناحکومی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەڕەشە لە سەلامەتی ژیانیان بکەن.
4. ئاسایشی کار: پێویستە میدیاکاران سەقامگیریی کار و داهاتی پێویستیان هەبێت، واتە دەبێت میدیاکاران گرێبەستی کاریان هەبێت لەگەل ئەو دەزگایەی کە دەیەوێ کاری تێدا بکات ئەمە وەک بەشێک لە پاراستنی کار مافی پێدراوە.

5. مافی موڵکداری ڕۆشنبیری: بەرهەمی کارەکان و ڕاپۆرتە شیکارییە هەواڵییەکانی میدیاکاران ملکەچی مافی موڵکداریی هزرین ومیدیاکار مافی موڵکداریی هزریی کارەکانی خۆی هەیە تەنانەت مافی ماددی خۆیەتی بۆ دەزگایەکی میدیا کە کاری تێدادەکات.

6. گرەنتی مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە: ئەمە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ میدیاکاران گرنگە، مانای ئەوەیە کە ئەوان دەبێت مافی دادگاییکردنی گشتی و ئامادەبوونی دەستەی سوێندخۆرانی گشتییان هەبێت و دەبێت بە شێوەیەکی ئاشکرا مامەڵە لەگەڵ تاوانەکانی میدیا بکرێت.

هەرچەندە ئەم مافانە بە نووسراو و بە پێی یاسا برگە و ماددەی یاسایی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام بەشێک لە میدیاکاران لە هەرێمی کوردستان سوودمەندنین لەم مافانە و بگرە پێشێلی مافەکانیان کراوە، ئەمە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنیکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، واتە بە پێی دەسەڵاتی شوێنەکان بگرە بە پێێ سیاسەت و ئایدۆلۆژیاش تا ڕادەیەکی کەم ئەم مافانە بەردەستن بۆ میدیاکاران، لە لایەکی تر خوودی بەشێک لە میدیاکارانن بەهۆی پابەندنەبوون وبەزاندی سنووری ئازادیەکانیان لە پیشەی میدیادا وایانکردووە مافی خۆیان پێشێڵ بکەن.

### 1.2.2. ئەرکەکانی میدیاکار لە پیشەیی میدیای دا:

لەبەرئەوەی پیشەی میدیا، پیشەیەکی گرنگە و کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ژیانی تاکەکان لەهەموو بوارەکاندا هەیە، بۆیە پابەندنەبوون بە کاری میدیایی لەلایەن میدیاکارانەوە دەبێتە هۆی پێشێلکاری مافەکان و زیان بەو پرسانە دەگەیەنێت کە یاسادانەر بڕیاری پاراستنی دەدات و ڕەنگە ئەو ئەرکە یاساییانە بەسەر ئەومیدیاکارانەدا بسەپێنرێت کە لە دەزگا فەرمیەکانی میدیادا کار دەکەن.( حمزة &الشمري، 2009: ل118)

ئەگەرچی کۆمەڵێک پرەنسیپ و ئەرک و ئامانج، تەواوی میدیاو میدیاکاران لەیەک پیشەو ئیتیک و ئاراستە و بۆتەدا کۆدەکاتەوە، بەڵام بێگومان جوڵەی میدیا و ڕۆڵی میدیاکاران لەقۆناغێک بۆ قۆناغێکی تری سیاسی و دیموکراسی دەگۆڕێت، بۆیە ئەرکەکانی میدیا و میدیاکاران لەم

قۆناغەی ئێستای میدیادا بریتیین  لە هەواڵ و زانیاری گەیاندن، ڕاڤەکردن و شیکردنەوە، ئاڕاستەکردن و ڕێنوێنی کردن، کات بەسەربردن، بانگەشەکردن، چاودێریکردن، خولقاندنی ڕای گشتی، پاراستنی بەها کۆمەڵایەتییەکان. (جەلال، 2018: ل229)

بەیاننامەی میونخ 1971: لەلایەن فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و سەرجەم گرووپە میدیاییەکانی ئەوروپاوە بە پێشنیاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی فەرەنسا بە ناونیشانی "ڕێکەوتنی هاوبەشی ماف و ئەرکەکانی میدیاکاران" ئەم بەیاننامەیە پێشەکیەک بوو بۆ ئازادی ڕادەربڕین و پەرەسەندنی کۆمەڵێک ئەرکی سەرەکی  بوو بۆ میدیاکاران بەمەبەستی پابەند بوون بە پیشەکەیان کە لە کۆمەڵێک ئەرک پێکدێت لەوانە: ڕێزگرتن لە ڕاستی هەر ئەنجامێک، ڕێزگرتن لە ژیانی تاکەکەسی، ڕێزگرتن لە نهێنی پیشەیی سەرچاوەی زانیارییەکان، هەروەها بەرگریکردن لە مافی میدیاکاران، خۆبەدوورگرتن لە تۆمەت و ناوزڕاندن. یەکێکی تر لە ئەرکەکانی میدیاکار لە پیشەیی میدیایدا بریتیە لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و ڕاستکردنەوەی زانیاری ناڕاست و خۆلادان لەبەکارهێنانی شێوازەکانی ناوزڕاندن، بڵاوکردنەوەی ژیانی تایبەتی تاک کە ڕێگە پێنەدراوە.(حكيمة، 2018: ل306)

## 1.3. جۆرەکانی بەرپرسیارێتی میدیاکار:

بەرپرسیارێتی لە میدیا  واتە لەبەرچاوگرتنی میدیاکاران و دەزگاکانیان لە بەرپرسیارێتی خودی و نەتەوەیی و ئەخلاقی و پاراستنی بەرپرسیارێتی و  ڕێزگرتن لە ڕاوبۆچوونی کەسانی تر.(اسماعيل، 2014: ل250).

بەرپرسایەتیی میدیاکار لەوەدایە کە دەبێت بەباشی پابەندبێت بە پیشەکەی و نابێت ئەو بابەتانەی کە پێچەوانەی پرەنسیپەکان و ڕێسای کۆمەڵگەن بڵاوبکرێتەوە، بۆیە دەبێت بەر لە بڵاوکردنەوە دڵنیاببنەوە لە ڕاستی و ڕوونی بابەتەکان لە ڕووی بەرپرسیارێتیەوە تاوەکو دەزگاکە تووشی  لێپێچینەوەی یاسایی نەبن لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکان.(عطية، 2016: ل168)

بەرپرسیاریێتی میدیاکار دابەشدەبێت بەسەر سێ بەشدا ئەوانیش: (الحازمي، 2021: ل41)

یەکەم: بەرپرسیاریێتی میدیاکار بەرامبەر بە کۆمەڵگەی گشتی: ئەمە لە ڕێی دەستەبەربوونی زانیاریەکان و زیان نەگەیاندن بە کەسانی تر دەکرێ. هەندێ جار خستنەڕووی زانیاریەکان زیانیان بۆ هەندێ کەس لێدەکەوێتەوە، بەڵام چەمکی سوودمەندبوون هەندێ جار پێویست دەکات بەقوربانیدان بەبەرژەوەندیەکانی تاک لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگەدا.

دووەم:بەرپرسیاریێتی میدیاکار بەرامبەر بە کۆمەڵگەی ناوخۆ: بە بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی تاکەکان لە کۆمەڵگە چاوەڕێی دەکەن و هەروەها ئەو شتانەی کۆمەڵگە لە تاکەکانی چاوەڕێ دەکات، بە شێوەیەک بەهاو و ئەدای پەیامی میدیاکار لە متمانەی خەڵک بە میدیا کەم نەکاتەوە.

سێیەم: بەرپرسیاریێتی میدیاکار بەرامبەر بەخۆی: لە ڕێی ڕاپەڕاندنی  پەیامی میدیایی بە ئەو پەڕی وردبینی و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی  و بابەتیبوون لەو شتانەی پێی وایە لە خزمەتی کۆمەڵگەدان.

زۆربەی یاساکانی ڕێکخستنی بواری ڕۆژنامەگەری لە وڵاتانی جیاجیا و هەروەها بەڵێننامە و شەرەفنامە نێودەوڵەتی وئیقلیمی و ناوخۆییەکانی ڕۆژنامەگەری، بەرپرسیاریێتی میدیاکار لە ڕووی پیشەیی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و مەدەنییەوە کۆدەکەنەوە.(فەرەج، 2013: ل ل 76-77):

**1.3.1.بەرپرسیاریێتی پیشەیی میدیاکار:** بەرپرسیاریێتی پیشەیی میدیاکار واتە گواستنەوەی ڕاست و دروست و وردو بێ دەسکاریی هەواڵەکان و وتنی ڕاستیەکان بێ پێچ و وپەنا و شاردنەوەی بێ بەهانە، ڕاستبێژی و بابەتیانە، تێکەڵ نەکردنی هەواڵ لەگەڵ بیر و بۆچوون و هەڵوێست، ڕێزگرتنی نهێنیەکانی پیشەی ڕۆژنامەگەریی، پاراستنی سەرچاوەکانی هەواڵ و هەروەها وەرگرتنی ڕەزامەندی لەو کەسانەی هەواڵێکیان لەسەر بلاودەکرێتەوە.(فەرەج، 2013: ل ل 76-77).

**1.3.2.بەرپرسیاریتی ئیتیکی میدیاکار** : بەرپرسیاریتی ئیتیکی لە میدیادا، لەو ڕۆڵە تەواوکارە خۆی دەبینێتەوە، کە میدیاکار و دامەزراوە میدیاییەکان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و زاڵبوون بەسەریاندا، لە چوارچێوەی پابەندبوونێکی کۆمەڵایەتی و ئیتیکی لە ئاست کۆمەڵگە و لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتیدا پێ هەڵدەستن. میدیایی نوێ لەو ڕوانگەی ئەو بەرپرسیارێتییەوە ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەدا دەگێڕێت، بەجۆرێک کاری ئامرازەکانی میدیای نوێ زیان بە بونیادی کۆمەڵگە یان بەها ڕەسەنەکانی نەگەیەنێت (العتيبي، 2016: ل16). واتە ڕەچاوی لایەنی مرۆیی و ئیتیکی بکرێت لەگەڵ هەموو ئەو بڵاوکراوانەی کە زیان بە تاکەکانی کۆمەڵگە دەگەیەنێت.(الحازمي، 2021: ل42).

بەڵام لە کوردستان ئەوەی دەبینرێت لە میدیای نوێدا ڕۆڵ گێڕانێکی نەرێنیە و خراپ بەکارهێنانێتی و ئەمەش وایکردووە ببێتە پشێوی و واتەوات لە میدیای نوێ لە هەرێی کوردستاندا، چونکە ماڵپەڕەکان و میدیاکاران بەرپرسیارێتی ئیتیکیان بەشێوەیەکی باش لەبەرچاو نەگرتووە، هەر ئەمەش وایکردووە ڕۆڵێکی باش لە کۆمەڵگەدا نەگێڕێت.

**1.3.3.بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیاکار**: هەر میدیایەک گەر بیەوێت ببێتە میدیای خەڵک و لە خزمەتی خەڵکدا بێت، کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارێتی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ، پێویستە ئەو ئەرک وبەرپرسیارێتیە بە شێوەی هاوسەنگ و پیشەیانە وئیتیکی میدیایی جێبەجێ بکات.(حسێن، 2020: ل38). بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیاکار جەخت لەسەر ئەو ئەرکانە دەکاتەوە کە پێویستە میدیاکار پابەندبێت لە بەردەم کۆمەڵگە بۆ پاراستنی سەقامگیری خۆی و کۆمەڵگە، واتە کارەکەی ژیانی خۆی و تاکەکانی کۆمەڵگە بپارێزێ لەبوارە جیاوازەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری، لەڕێی ئەو کارانەوە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی دەکات وەک خزمەتکردنی سیستەمی سیاسی بەدابینکردنی زانیاری و گفتوگۆکردن لەسەر پرسە گشتییەکان و ڕێنماییکردنی ڕای گشتی بۆ بەڕێوەبردن و پارێزگاریکردن لەمافی تاکەکان لەڕێگەی نواندنی وەکو خزمەتکارێکی گشتی لەسەر حکومەت، هەروەها پاراستنی

پیشە و پلەو پایەی میدیاکار بۆ ئەوەی لە گوشاری بەرژەوەندییە تایبەتەکان ڕزگاری بێت.(الموسوی، 2003: ل ل 86-87).

لە کوردستان لە بەرئەوەی سەرچاوەی داهاتی بەشێک لە دەزگاکانی میدیا سەربەخۆ نین و میدیاکارانیش بۆ ئەو دەزگایانە کاردەکەن، بۆیە هەندێ جار دەکەونە ژێر گوشاری بەرژەوەندیە تایبەتەکان و ئەمە وادەکات بەرپرسیارێتیان لە ئاست کۆمەڵگە لاوازبێت.

**1.3.4.بەرپرسیارێتی یاسایی میدیاکار:** بریتییە لە پابەندبوون بەجێبەجێکردن و ڕێزگرتن لەیاساکان، ئەو یاسایانەی کە بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە دانراون.(الحازمي، 2021: ل42).

واتە بەرپرسیارێتی یاسایی کاتێک دێتە ئاراوە کە میدیاکارێک پابەندبوونێکی یاسایی پێشێل بکات و لەکارەکەی لابدات، یاخوود زیان بە کەسێک دەگەیەنێت، ئەو کات بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر بەو یاسایەی کە لە کارەکەیدا بەسەریدا جێبەجێ دەکرێت.

یاساکان بۆ پاراستنی ماف و تایبەتمەندی تاکەکان دادەنرێت، ئەگەر هاتوو میدیاکاران پێشێلی ئەم بەرپرسیارێتیەیان کرد و زیانیان بە کەسانی تر گەیاند ئەو کات سزایی یاسایی دەیانگرێتەوە و ئەو کارانەش کە دەچێتە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی یاسایی میدیاکار لە خوارەوە باسکراوە:

بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و بەڵێننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب و ڕەشنووسی بەڵێننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەرپرسیارێتی یاسایی میدیاکاری لە:

- پەیڕەوکردنی یاسای بەرکار لە وڵاتدا
- خۆپاراستن لە تانەو تەشەر.
- تۆمەتدانەپاڵی بێ بنەما.

- جنێو و سوکایەتی.
- خۆپاراستن لە دزینی بیروڕای خەڵکی دیکە و بڵاوکردنەوەی بە ناوی خۆی.
- هاننەدانی خەڵک بۆ کاری دژەیاسایی و بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەی زیان بە بەڕێوەچوونی دۆسیەکانی دادگا دەگەیەنێت.
- خۆپاراستن لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی دادگاییە نهێنیەکان کۆکردۆتەوە. (فەرەج، 2013: ل77)

ئەم کارانە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە هەرێمی کوردستان هەستی پێدەکرێت لە کاتی ڕووماڵکردنی هەواڵ و زانیارییەکان لەلایەن میدیاکارانەوە ، بە نموونە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەی زیان بە بەڕێوەچوونی دۆسیەکانی دادگا دەگەیەنێت، زۆر کەیسی گرنگ هەبووە میدیا و میدیاکاران پێش ڕووداو و بڕیارەکانی دادگا کەوتوون و بە شێوەیەکی نا ئیتیکی کاریان کردووە، دیارترینییان: ( بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی کوشتن و دەستدرێژیکردن)، تەنانەت گەیشتوەتە ئەو ڕادەیەی میدیاکار ڕۆڵی دادوەر ببینێت لە زوو بڕیار دان و گواستنەوەی زانیاریەکان.

**1.3.5.بەرپرسیارێتی سزایی و مەدەنی میدیاکار**: . بەرپرسیارێتی مەدەنی و سزایی میدیاکار دەچێتە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی یاسایی میدیاکار. زاراوەی بەرپرسیارێتی مەدەنی میدیاکار وەک بەرپرسیارێتییەکی لێکۆڵینەوەیە کە بەهۆی هەڵەی میدیاکارەوە دروستبووە، هەرچەندە دەبێت کەسی قوربانی ڕەزامەندی بدات بە میدیاکار لەسەر ئەو بابەتەی بڵاویدەکاتەوە. (جبر &الموازني، 2008: ل67)، بۆیە پێویستە میدیاکار ئامادەی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە بێت کە بەهەڵە لە کاتی کارکردنیدا بەر کەسێک دەگەیەنێت.(عومەر، 2012: ل83)

بەرپرسیارێتی مەدەنی کاتێک دێتە ئاراوە، میدیاکارێک پێشێلی مافی تاکێک دەکات لە کۆمەڵگە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێک، زانیاریەکی ناڕاست لەسەر ئەو تاکە بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی ، ئەمە وادەکات ئەو کەسە ببێتە قوربانی و زیانی پێبگات، دەبێت ئەو میدیاکارە قەرەبوونی زیانەکەی بکاتەوە، واتە پابەندبوون بە وەرەبووکردنەوەی کەسی زیان لێکەوتوو، بەڵام لە

بەرپرسیاێتی سزایی واتە میدیاکارێک سەرپێچی یاسا دەکات و یاسا دەتوانێت سزایی ئەم میدیاکارە بدات.

لە یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستاندا، میدیاکار سزا دەدرێت لە ئەنجامی پابەندنەبوون بە پیشەکەی بۆ نموونە لە هەردوو ماددەی (6) و (9)ی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (35ی ساڵی 2007)دا، ئاماژەی بۆ بڕی غەرامەی تاوانی ڕۆژنامەگەری کردووە، لەم یاسایەدا کەمترین بڕی غەرامە (1) یەک ملیۆن دینارە و زۆرترینیش (20) بیست ملیۆن دینارە. دادوەر دەسەڵاتێکی لاستیکی لە ساتی سزادانداا هەیە، واتا دەسەڵاتێکی فراوان و ڕەهای هەیە لە دیاریکردنی سزای سەپێنراو لە چوارچێوەی ئەو سزایەی دەقی یاسا دیاری کردووە، ئەویش بە پشتبەستن بە چەند بنەمایەک. بۆ نموونە لە یاسای ڕۆژنامەگەریدا سزای غەرامە لە (1 ملیۆن)ەوە تا (20 ملیۆن)ە، لێرەدا دەسەڵاتێکی سنوردار دەدرێتە دادوەر تا لە سزادانی میدیاکاردا سەرپشک بێت، کە بەگوێرەی چەند مەسەلەیەکی پەیوەندیدار بە تاوانەکە، زۆرترین یان کەمترین یان دۆخی مامناوەند بگرێتەبەر. (محەمەد، 2021).

### 1.4. بنەما و مەرجە گشتییەکانی بوون بە میدیاکار

بنەمای سەرەکی بۆ بوون بە میدیاکارێکی پرۆفیشناڵ بریتییە لەوەی میدیاکار پێویستە پابەندبێت بە ئیتیک و یاسا وڕێساکانی میدیا پەیڕەوبکات و ئەرکەکانی میدیا جێبەجێ بکات و پرەنسیپ و دیسپلینەکانی میدیا بپارێزێت و لایەنی کەم بە ناوەندێکی ئەکادیمی میدیاییدا تێپەڕێت. بۆ بوون بە میدیاکارێکی سەرکەوتوو، پێویستە میدیاکار ئارەزوو و هەستی زۆر بەتینی بۆ پیشەیی میدیایی هەبێت، هەمیشە وەکو میدیاکارێک خۆت ببینێت و پێ گەیێنەر و ڕاگەیێنەرێکی باش بێت لە ناردنی پەیام و زانیاریەکان. میدیاکار دەبێت پشت بەخۆی ببەستێ و باوەڕی تەواوی بەخۆی هەبێت و لایەنی مەعریفی و زانیاری لە ئاستێکی بەرزدابێت، پێویستە ووشەسازی فراوان بێت و بینینێکی رەخنەگرانەی هەبێت، پێویستە ناوەندێک بۆ فێربوونی کاری رۆژنانووسی تەواو بکات یاخود بلێین پێویستە بەناوەندێکی ئەکادیمی تێپەڕێت.(جەلال، 2018: ل ل 229–230).

چەند مەرجێکی گشتی هەن کە بە پێی یاسای وڵاتان دیاریکراوە. ئەو کەسانەی ئەیانەوێ لە بواری میدیا ورۆژنامەگەریدا کار بکەن دەبێت ئەو مەرجە گشتیانەی تێدابێت بۆ نموونە لە یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق، مادەی 9 ساڵی 1969 دا هاتووە.

1. دەبێت عێراقی بێت و تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر نەبێت، نابێت بە هیچ تاوانێکی سیاسی و بەدڕەوشتی گیرابێت
2. ناوبانگی باش و ژیاننامە و ڕەفتاری باشیان هەبێت
3. خاوەنی بڕوانامەی بوارەکە یان ئەو ڕۆژنامە و دەزگایەی کاری بۆ دەکات یان سەرچاوەکانی میدیا کە کارەکەی خۆی لەڕۆژنامەدا دەسەلمێنێت بەپێی مادەی 6 و 7 یان 8 ی ئەم یاسایە. (العراق، 2012)

لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئەم مەرجانە بۆ میدیاکاران بەردەستە و دەبێت میدیاکار مەرجە گشتیەکانی بۆ بوون بە میدیاکاری تێدا بێت لە مادەی 8ی ژمارە 40ی ساڵی 2004ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دا هاتووە:(کوردستان، 2004 : ل13)

1. دەبێ هاوڵاتی هەرێمی کوردستان بێت یان لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بێت.
2. دەبی ئەهلیەتی پیشەیی و یاسایی هەبێت.
3. بە تاوانێکی ئابڕوبەر حوکم نەدرابێ.
4. دەبێ عینوانێ لە عینوانە ڕۆژنامەگەریەکانی ماددەی(٢٣)ی هەبێ.[1]

[1] ماددەی (٢٣) لە باسەکانی پێشوو باسکراوە ، مەبەست لەو ناونیشانانەیە کە دەدرێت بە میدیاکار لە یاسای ژمارە (٤٠)ی ساڵی (٢٠٠٤) یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

### 1.5. تایبەتمەندیەکانی کەسی میدیاکار

میدیاکاری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە لەوانە: (فاروق & کەلاری، 2013: ل229)

1. **تایبەتمەندی ڕۆشنبیری:** میدیاکار دەبێت هەموو لایەنەکانی ڕۆشنبیری لە خۆیدا کۆبکاتەوە، وا خۆی نەبینێتەوە کە زانین و ڕۆشنبیریی کەمە، واتا درککردنەکانی فراوان بێت و بیرۆکەی ئامادەبێت، گفتوگۆی پاراو بێت، ئەمە وای لێ دەکات لە ڕۆشنبیری ئەوانی دیکەش تێ بگات، پێش ئەوەی بیگوازێتەوەو لەگەڵیدا کارلێک بکات.
2. **تایبەتمەندی ئیتیکی:** لە گواستنەوەی پرس وبیرۆکەکان دەبێت دەست و داوێن و زمان پاک بیت، خاکی بێت و لە خۆبایی نەبێت لەوەی پۆستە میدیاییەکەی دەرفەتی چاوپێکەوتنی گەورە کەسایەتییەکانی پێ دەدات، هەروەها جێی متمانە بێت و پابەندبێت بە نموونەی باڵا کە خەباتی بۆ دەکات، دەبێت کۆمەڵایەتی بێت و بەشداری لە خۆشی و ناڕەحەتیەکانی خەڵک بکات.
3. **تایبەتمەندی کەسێتی:** توانای تێگەیشتنی ئەوەی هەبێت کە دەیخوێنێتەوە یان دەیبیستێ یاخود دەیبینێ، توانای شیکردنەوەی هەبێت، بەشێوەیەکی ئاگامەندانە پەی بەو پرسانە دەبات و تێڕوانینێکی کاریگەر و بڕێکی زۆر هاوسەنگی پێوە دیار بێت، هەروەها دەبێت لای ئەووانی دیکە پەسەندکراوبێت، نابێت قسە زۆر بکات، بەڵکو دەبێت خۆی لە خۆپەرستی دوور بخاتەوە، لەگەڵ وتووێژکەران دادپەروەر و بە ویژدان بێت، لە مەسەلەکان زیادەڕۆیی نەکات و گەورەیان نەکاتەوە.
4. **تایبەتمەندی کرداری:** پێویستە میدیاکار هەست بە کێشەکانی کۆمەڵگەکەی بکات و لەگەڵیدا کارلێک بکات، ئەم کارلێکە لەگەڵ توانای میدیاکار پەیوەستە، بۆ دروستکردنی هاورێیەتی لەگەڵ ئەوانەی سەرچاوەیەکی گرنگی کۆکردنەوەی زانیارین.
5. **شیانی ئەکادیمی:** جیهان و پێشکەوتنەکان و ئاڵۆزییەکانیان پێویستی پسپۆڕیبوونی گشت پیشە مرۆییەکانی هێناوەتە ئاراوە، میدیاکاریش یەکێکە لەو پیشانەی کە لە ئەمڕۆدا بووەتە پیشەیەکی پسپۆڕیی، بۆ کارکردن لەگەڵ میدیاکاندا پێویستە ڕێگای ئەکادیمی بگریتەبەر "ئاڕاستە

هەنووکەییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ڕۆژنامەوانی ئایندە دەرچووی پەیمانگا و کۆلێژە ڕۆژنامەوانییەکان دەبن". (ئەحمەد، 2008: ل28)

لەلایەکی ترەوە میدیاکار دەبێت پابەندبێت  بە وردی و بابەتی و ئیتیکی ئەو بابەتانەی کە بڵاوی دەکاتەوە، چونکە جەماوەرەکەی وەکو ڕابەری گواستنەوەی ڕووداوەکان سەیری دەکەن. بۆیە میدیاکار کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە پەیڕەوکردنی ئیتیکی پیشەیی میدیاییدا هەیە. (کاظم، 2009: ل28 ل47):

1. توانای هەستکردن بە ڕاستییەکان و ڕووداوەکان پێش ئەوەی ڕوو بدەن.
2. توانای کارلێککردن لەگەڵ ڕووداوەکان  بە دەربڕینی بابەتییانە و لەسەر ڕاستی ڕووداوەکان بە وشە، دەنگ یان وێنە.
3. تواناو لێهاتوویی تەکنیکی و پیشەیی بۆ پراکتیزەکردنی پیشەی ڕۆژنامەوانی.
4. توانا و لێهاتوویی زانستی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردە نێگەتیڤەکان بە شیکردنەوە و لێکدانەوە و دەرئەنجام.
5. توانای مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی.
6. ڕەچاوکردنی هەلومەرجی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی لەکاتی داڕشتنی وشە و جۆرەکانی ڕۆژنامەوانی کە میدیاکارەکە وەک هەواڵ و ڕاپۆرت یان بۆچوون بەکاریان دەهێنێت

## دووەم: میدیای نوێ و ئامرازەکانی

### 2.1. چەمک و سەرهەڵدانی میدیایی نوێ:

هەردوو توێژەر گیتلمان(Gitelman) و پینگری(Pingree) سەرەتای پەیدابوونی میدیای نوێ دەگەڕیننەوە بۆ ئەوکاتەی تەلەگراف پەیدابوو لەساڵی (1740)، ئەوان بیرۆکەکەیان بیناکردبوو لەسەر بنەمای (حاڵەتی ڕاگوزەری میدیا) بەمدواییە لە کۆنگرەیەک بەهەمان ناونیشان(Media in Transition Conference) سازکرا، تاوتوێی چەمکی میدیای نوێی کرد، لەلایەن پەیمانگای ماسیوشینتسی ئەمەریکی بۆ تەکنەلۆژیا ڕێکخرابوو(ئیبراهیم، 2014: ل42).

بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی جەماوەری تاوەکوو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێنەکرد، یەکەمین بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ساڵی 1968 بوو لە پرۆژەیەکی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا  کە گەیاندنیان لە نێوان چوار کۆمپیوتەر دروستکرد، لەسەرەتادا تەنها لە بواری سەربازیدا بەکاردەهات، دواتر وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ڕێگەی دا لە ناوەندەکانی توێژینەوە و زانکۆکان بەکاردێت، لەدوایی ساڵی 1985 بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ڕێگەی کۆمپیوتەری کەسی personal computer پەرەی سەند و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی بەکارهێنەران ڕووی لە زیادبوون کرد (Joseph, 2015, p. 11)

لەگەڵ ئەوەدا لە  کۆتاییەکانی سەدەی بیست و لە سەرەتای سەدەی 21 دا  بەشێوەیەکی فراوان و بەربڵاو سەری هەڵدا، زۆربەی ئەمانەش بەرهەمی میدیایی هێڵیە کە پەیوەندییەکان لەیەکتر نزیک دەکەنەوە، زانست میدیای وەکو چەمک وتێگەیشتن لەسەر سێ بنەما پێناسە کردووە، میدیای نووسراو و بینراو و خوێنراو، بەڵام لە شۆڕشی ئینتەرنێت و بەرهەمە میدیاییە نوێیەکانی پێوەندیدار بە میدیا ، فەیسبووک و تویتەر و ئەوەی لەئینتەرنێتەوە بڵاوکراودەکرێتەوە پێناسەی کردووە بە میدیای نوێ. (تنیو، 2018: ل81)

ئەو گەشەسەندنە خێرایەی میدیای نوێ بەجیهاندا و ڕۆژ بەڕۆژ هەڵکشانی پتری ڕێژەی بەکاربەران، وایکرد ئیدی وەک فۆرمێکی نوێی میدیایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و سەدان توێژینەوەی هەمە چەشنە لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی میدیای نوێ و لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بەکارهێنانیان شەنوکەو بکرێت، لەوەشە ئیدی وەک زانستێکی نوێی میدیایی سەیربکرێت. (محەمەد، 2019: ل9)

میدیای نوێ بەلەخۆگرتن و تێکەڵبوونی میدیای مۆدێرن وەک: فیلمەکان، وێنە و موزیک و وشەی وتراو و چاپکراو، لەگەڵ توانای کارلێکردنی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆجیای پەیوەندی، بەرپاکردنی میدیای نوێ شۆڕشێکی زانستی بوو لە بواری پەیوەندی و میدیادا، بەشداریکردنی شۆڕشی تەکنەلۆجیا لە بواری پەیوەندیدا بۆ زاڵبوونە بەسەر بەربەستە جوگرافیەکان وسنووری سیاسیدا، ئەمەش ئەو شتە بوو کە ڕوویدا و میدیای نوێ (New Media) هێنایە ئاراوە و جۆرایەتی چۆنیەتی و چەندێتی لە ئامرازەکانی میدیادا گۆڕی. (صادق، 2007: ل176)

میدیای نوێ New Media یان دیجیتال میدیا Digital Media کە میدیای ژمارەیشی پێدەوترێت چەمکێکە هەموو پەیوەندیە دیجیتاڵییەکان و تەکنەلۆژیای زانیاری تێکەڵ دەکات کە وایکردووە ئەو زانیاریانەی کە دەمانەوێت لەو کاتەدا بەرهەم بهێنین و بڵاویان بکەینەوە و هاوبەشی بکەین لە ڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان (میدیا) ئۆنلاین یان ئۆفلاین، وە کارلێککردن لەگەڵ بەکارهێنەرەکانی تر کە هەر کەسێک بێت و لە هەر شوێنێک بێت. (کاتب، 2011)

میدیای نوێ فۆرمێکی میدیاییە، بنچینەکەی لە کۆمپیوتەر سەرچاوەی گرتووە. هەروەها وەک ناوەندێکی پەیوەندی جەماوەری، تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی(ئینتەرنێت) بەکاردێت. میدیای نوێ لە ئێستادا دەبێتە چەق و مەیدان وگۆڕەپانی سیاسەت، هەروەها لە نموونەکانی میدیای نوێ، سایتە ئەلیکترۆنیەکان، ڕۆژنامەو گۆڤارە ئۆنلاینەکان، بلۆگر، یاریە ڤیدیۆییەکان، هەروەها سۆشیاڵ میدیا( فەیسبووک، تویتەر، وەتس ئەپ، ئنستگرام، سکایپ،.....هتد)" (جەلال، 2018: ل211).

میدیای نوێ بە چەندین ناوی جیاواز لەم بوارەدا بەکارهێنراون لەوانە: میدیای ئەلکترۆنی، میدیا جێگرەوە، میدیای کارلێک،میدیای سەرهێڵ یا میدیا دیجیتالی(ژمارەیی)، میدیای زانیاری و میدیای هەمەجۆر یا فرەیی، هەموو ئەم ناوانە بەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕینی هەمان مانا، ئەم جیاوازیە لەو پێناسە و ناوانەی کە پێشکەش کراون لە ڕاستیدا قۆناغێکی ڕاگوزەرییە لە واتا و کاربەرنامەکان و تایبەتمەندیەکان، کە بە تەواوی و بە ڕوونی باسکراون، چونکە هێشتا لە قۆناغی گەشەسەندنی خێرادان و هەر ڕۆژە و بابەت و شتێکی نوێی لێ دێتە بەرهەم.( خضر، 2014: ل313)

میدیای نوێ فۆرمێکی نوێی میدیایە و دەزگەکانی میدیا لە ڕێگەی ئەم فۆرمەوە هەواڵ و زانیارییەکان پێشکەش بە جەماوەرەکەیان دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا میدیاکاران لەم فۆرمە نوێیەدا ئەدای پیشەکەیان دەکەن و ئیتیک و یاساکانی میدیا بەشێوەیەکی ئەکادیمی جێبەجێدەکەن.

### 2.2 فۆرمەکانی میدیای نوێ:

شۆڕشی زانیاری کە ئێستا لە ئارادایە یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی پێشکەوتنێکی گەورە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەم شۆڕشە زانیاریانە بریتین لە گۆڕانکاری گەورە لە پیشەسازی میدیا و شێوازەکانی بەکارهێنانی زانیاری و بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و هاوبەشیکردنی پێکهاتەکانی. هەر ئەمە وایکردووە چەندین فۆرم وەربگرێت کەناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان لە میدیای نوێ دەتوانرێت لەسەر سێ فۆرمی جیاواز بڵاوبکرێتەوە ئەوانیش:

**یەکەم:** میدیای نوێی هەواڵی: ئەو میدیایەیە کە لە لایەن ئەو دەزگایانەوە دەردەچێت کە لە بواری بەرهەمهێنانی زانیاریدا چالاکن بەئامانجی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی پەیام و هەواڵی میدیایی. نموونەکان بریتین لەڕۆژنامەگەری ئەلکترۆنی و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئەلکترۆنی و ئەو دەزگایانەی کە میدیا نوێنەرایەتی چالاکییە ئابوورییە سەرەکیەکەی دەکات و دەکەوێتە

ژێر پێوەر و کۆنترۆڵی کاری میدیاییەوە کە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە ناسراون چ لە ئاستی نووسین و ئاڕاستەکردن و چ لە ئاستی ئیتیکی پیشەکە.( اللبان، 2014: ل121)

**دووەم:** میدیای نوێی تاکەکەسی: ئەم فۆرمە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناسراوە کە دەتوانرێت وەک ئەو وێب سایتانە پێناسە بکرێت کە لەسەر ئینتەرنێت دەرکەوتن لەگەڵ ئەوەی کە بە Web2.0 ناسراوە، ڕێگەدەدەن بە بەکارهێنەران بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ یەکتر لە ژینگەیەکی گریمانەیی کە بە پێی بەرژەوەندی یان پەیوەندیەکانیان لە ڕێگەی خزمەتگوزاری پەیوەندی ڕاستەوخۆوە تێکەڵ دەبن وەک ناردنی پەیام یان هاوبەشکردنی فایلە کەسییەکانی تر هەروەها ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات کە بیروڕا و زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن سەبارەت بە هەواڵ و بابەتە دیارەکان و ئەگەری بڵاوکردنەوەی هەر کەرەستەیەک و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و زانیاری لەسەری بەبێ هیچ سنوورێک نموونەکانی ئەم تۆڕانە بریتین لە: فەیسبووک، تویتەر، بلۆگەکان، یوتوب، سەکۆکان، ویکی.(کنعان، 2014: ل ل 169-170)

**سێیەم:** میدیای نوێی دامەزراوەیی: ئەم فۆرمە ئەو میدیایەیە کە دامەزراوەی جۆربەجۆر بەرهەم دەهێنێت (ئابووری، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵەکان، دامەزراوە حکومییەکان، بەڕێوەبردن...) لە پێناو پەیوەندیکردن بە جەماوەرەکانیانەوە. ئامانجی ئەم پێکەوەبەستنە بازرگانی یان ڕێکلامی یانیش زانستییە. ئەم ناوەڕۆکە پەیڕەوی یاساکانی پیشەیی میدیایی نیە بەڵکو یاسای میدیای دامەزراوەییە.(خلف، 2014: ل121)

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە کە میدیای نوێیە، لە میدیای نوێ ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان وەرگیراون دەچنە خانەی یەکەم(فۆڕمی میدیای نوێی هەواڵی) چونکە زانیاریەکان لە ڕێگەی ئەو میدیاکار ودەزگایانەوە دەردەچێت کە ناسراون و فەرمین.

## 2.3. تایبەتمەندی میدیای نوێ و کاریگەری لەسەر میدیاکاران

میدیای نوێ بە سروشتی کارەکەی کە بڵاوکردنەوەی و گەیاندنی زانیاری و بابەتە، لە هەندێ ڕووەوە ڕەنگە هاوشێوەی میدیای کۆن بێت، بەڵام هەلومەرجی کارکردنی ئێستا وئەو ئامرازانەی کە بەکاریان دەهێنێت جیاوازە، ئەمەش وایکردووە هەندێک لە تایبەتمەندی و ڕەگەزی پێکهێنەری جیاواز بێت، نموونەی هەندێک لە تایبەتمەندیەکانی:

**یەکەم: کارلێکی/** لە کۆندا ئاڕاستەکان یەک لایەنەبوون واتە تەنها لە یەک ئاڕاستەوە بوو نێرەر بۆ وەرگر، بەڵام لە میدیای نوێ پەیامەکان لە ڕێگەی میدیاوە دەدرێتە وەرگر، ئەمە کارێکی پەیوەندیکردنی تایبەتەو ئاڕاستەکان یەکلایی نیە و دوو ئاڕاستەیە، وەرگر دەتوانێت ڕاستەوخۆ وەڵام و کاردانەوەی بۆ پەیامەکان هەبێت، ئەمە توانای پەیوەندیکردنی نوێیە و وەڵامدانەوەیەکە لە لایەن بەکارهێنەرانەوە(حەمەسەعید، 2019: ل67).

**دووەم/ پابەندنەبوون**: نوێگەرییەک کە میدیای نوێ کردی، پەیوەست نەبوون بە کات و شوێنە، لە میدیای کۆندا دەبوو چاوەڕێی کاتە دیاریکراوەکانی هەواڵ و زانیاری بیت لە تەلەفزیۆن، یان دەرچوونی ڕۆژنامەکان، یان ڕادیۆ و هەندێک لەم ئامێرانە، نەدەتوانرا لە هەموو کات و شوێنێکدا بەکاربهێنرێن، بەڵام ئێستا بەهۆی هاتنی چەندین ئامرازی نوێی وەک مۆبایل و ئایپاد و ئایپود..هتد، لە هەر کار وساتێکدا دەتواندریت بەکاربهێندرێت و زانیارییەکان پەیوەست نەبن بە کاتی دیاریکراو بۆ پەخش بوونیان. (حەمەسەعید، 2019: ل68)

**سێیەم/ ناجەماوەریی بوون:** لە میدیای نوێ دا پەیام دەکرێ ئاڕاستەی تاکە کەسێک بکرێ واتا بە پێچەوانەی میدیای باو کە ئاڕاستەی جەماوەرێکی زۆر و فراوان دەکرێت، واتە ڕادەی کۆنترۆڵکردن لە سیستەمی پەیامی میدیادا بە جۆرێک کە پەیامەکە ڕاستەوخۆ لە نووسەرەوە بگات بە خوێنەر.( بولعویدات، 2008: ل84)

**چوارەم/فرەجۆریی:** میدیای نوێ لە ئێستادا زیاتر و بەخێرایەکی زۆر لە گۆڕاندایە بەهۆی ئەو فرەجۆریەی کە هەیەتی، لە پێشتردا میدیاکاران تەنها لە ڕێگەی ئامرازە کۆنەکانی میدیا پەیامەکانی دەگەیشت، بەڵام ئێستا دەتوانێت لە ڕێگەی چەندین جۆری میدیای نوێ وەک (

ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان، بلۆگ، پۆدکاست، پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا کە کاریگەرترینیانە لەلایەن جەماوەرەوە..هتد) پەیامەکانی بگات بە زۆربەی جەماوەر.

**پێنجەم/ئاوێتەبوون:** لە ئامرازەکانی میدیایی نوێدا هەموو کەرەستەکانی پەیوەندیکردن بەشدارن وەکو دەق و دەنگ و وێنە و وێنەی جوڵاو.(عەلی، 2021، ل 365)

**شەشەم/ ئازادی ڕادەربڕین:** لەمیدیای نوێدا هەموو کەسێک دەتوانێت لاپەڕەیەک یان کەناڵێک بکاتەوە بۆ هەواڵ و ڕای خۆی بەڕێوەیببات و ڕای خۆی دەرببڕێت بەبێ ئەوەی دەسەڵاتێکی باڵاتر ڕێگە لەبڵاوکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە بگرێت کە لەبەرژەوەندی ئەواندا نییەوە ( بلال، 2021)

**حەوتەم/ئاسانی لە بەکارهێنان**: هەرچەندە میدیای نوێ لە سەرەتادا ئەتوانێت زۆر بێزارکەر بێت، بەڵام کاتێک فێر بوویت، لە ڕاستیدا بەکارهێنانی ئاسانە. ئەنجامەکان ئاسانن بۆ تێگەیشتن، وە سایتەکان ئاسانن بۆ گەشتکردن.

**هەشتەم/تێپەڕاندنی سنووری ڕۆشنبیریی:** تەکنەلۆژیای میدیای نوێ خزمەتگوزارییەکی گەورەی پێشکەش بە لایەنی ڕۆشنبیری کردووە و ڕێگە بەهاوڵاتیان دەدات پەیوەندی لەگەڵ یەکتر ببەستن و بەڕووی ئەوانی تردا بکرێنەوە و مافی خۆیان لە زیادبوونی ئاستی ڕۆشنبیری و زانینی فرە سەرچاوەیی زانیاریەکان، هاوکات ئەم تەکنەلۆجیایە یارمەتیدەر بووە بۆ دروستکردنی بەناو "جیهانگیری ڕۆشنبیری" بەهۆی ئەو بۆشاییەی لەنێوان وڵاتانی پێشکەوتوو کە خاوەنی ئەو جۆرە تەکنەلۆجیایە و وڵاتە گەشەسەندووەکانن کە لایەنی ڕۆشنبیریان کەمە(السموني، 2020).

**نۆیەم/ خێرایی:** یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی میدیای نوێ ئەو خێراییەیە کە زانیاری و هەواڵ لەگەڵیدا بڵاو دەکرێنەوە کە لە میدیای تەقلیدی ونبووە کە پێویستی بە کات هەیە بۆ ئامادەکردنی هەواڵ یان زانیاری.(بلال، 2021)

میدیای نوێ کاریگەری لەسەر میدیاکاران دوو سەرەیە، واتە کاری ئاسانکردوون، لەلایەکی تر زەحمەتی کردوون، میدیاکاران(واتا ئەوانەی لە کەناڵە میدیایەکاندا کاردەکەن) دەتوانن

سوود وەرگرن لە میدیای نوێ بۆ ئەوەی بزانن چی دەگوزەرێت  لەناو کۆمەڵگە، گرنگتر لەوە بۆ میدیاکاران میدیای نوێ سەکۆیەکی تری ڕادەربڕینە کە بتوانن بیروبۆچوونیان لەسەر مەسەلە گرنگەکان دەربڕن، لەگەڵ ئەوەدا میدیای نوێ کاریگەری نەرێنی هەیە بۆ سەر پیشەی میدیا و میدیاکاران، لە هەمووی ترسناکتر پێشێلکردنی چەمکی مافی کۆپی کردن و لەبەرگرتنەوەیە بۆ بەرهەمەکانی میدیاکاران و کەناڵەکانی میدیا، کە زۆرجار بێ ئاماژەدان بەسەرچاوە و خاوەنی نووسین، ڕاپۆرت، هەواڵ و فۆتۆگرافەر..هتد، دووبارە لەلایەن کەسانی دیکەوە و بەهۆی ئامرازەکانی میدیای نوێوە بڵاودەبێتەوە.(مەحمود، 2015: ل99)

هەروەها زۆرێک لە میدیاکاران و بەکارهێنەران فێر بوون کە چۆن ئەم جۆرە بەرنامانە بەکاربهێنن بۆ سەرچاوەی هەواڵ. میدیاکاران ئازادییەکی زیاتری دەستگەیشتنی زانیاریان بەدەست هێناوە لە ڕێگەی سایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەکارهێنانی ویکیەکان، بەکارهێنانی تۆڕی ڤیدیۆیی، و لە ڕێگەی بلۆگەکانەوە. بۆیە میدیاکاران  ناچار بوون لە شێوازی نەریتی کۆکردنەوە و پێچانەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ بۆ ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخی لە کۆنەوە بگۆڕن بۆ سەر ئینتەرنێت( IvyPanda, 2019)

## 2.4. بەکارهێنانی میدیای نوێ لەلایەن میدیاکارانەوە

گومان لەوەدا نییە میدیاکارانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بەکارهێنەرێکی باشی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێن و سودێکی زۆریان بینیوە لەم پلاتفۆرمانەو  بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری بۆیان، ئەمە بە یارمەتی هەژمار و تۆڕە کۆمەلایەتیەکان کە بوونەتە ئامرازێکی گرنگ بۆ پەیوەندیکردن بە کەسایەتییە ناسراوەکان(سیاسەتمەداران، ئابووریناسان، هونەرمەندان...هتد)، میدیاکاران ئاشنای بیروڕای سیاسی و بۆچوونیان دەبن لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانیانەوە کە لە هەژماری خۆیان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکەنەوە و ئاڵوگۆڕی

زانیاری و بیروڕاکانیان دەکەن بە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیانیان  کە لەوانەشە هاوکار و هاوبیری پیشەکە بن.(بخیت، 2010: ل449)

بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەلایەن میدیاکارانەوە بەپێی سروشتی ئەم بەکارهێنانە هەمەجۆرە و دەگۆڕێت بۆ نموونە میدیاکار ڕەنگە بۆچوون و ڕەوتەکانی خۆی لەناو ئەم پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتیانەدا دەرببڕێت وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە تاک و سەربەخۆ لەسیستەمی پیشەیی، واتە لە فۆرمی میدیای نوێی تاکە کەسی، لە لایەکی ترەوە بۆ مەبەستی پیشەیی وەک گەڕان بەدوای بەڵگە و زانیاری و بیرۆکەی دیاریکراو بۆ چیرۆکەکانی هەواڵ بەکاری دەهێنێت پەیوەندی کردن بە سەرچاوەکان و تەماشاکردنی ڕەوتەکانی خەڵک و چاودێریکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان و کارلێککردن لەگەڵ بەکارهێنەران و وەڵامدانەوەی پەیامەکانیان و وروژاندنی گفتوگۆی گشتی سەبارەت بەبابەتە تایبەتەکان،واتە لە فۆرمی میدیای نوێی هەواڵی.

پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ ڕێگە بە میدیاکاران دەدات بە زانینی بیروبۆچوونی تاکەکانی کۆمەڵگە کە بیروڕای خۆیان دەردەبڕن بە هەموو ئازادیەکان لە میدیای نوێ، هەروەها بەدەستهێنانی زانیاریەکان بە بێ چاودێریکردن و وەرگرتنی ڕەزامەندی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو خێرا.(علیوان، 2015)

لە ڕێگەی ئەزموونە جیهانییە پێشکەوتووەکانەوە دەرکەوتووە کە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەلایەن میدیاکارانەوە بەگشتی دەکەوێتە ژێر باری بەڵێننامە ئیتیکیەکان و یاساکانی میدیا و میکانیزمەکانی لێپرسینەوەی پەیوەندیدارەوە، میدیاکار لەم ژینگەی میدیای نوێ ئازاد نیە و ناتوانێت هەرچی بیەوێ بیکات و بڵاوی بکاتەوە لە ڕەفتارو چۆنیەتی بەکارهێنان ئەمە لە بەر دوو هۆکاری سەرەکیە:

**یەکەم**: ئینتیمای میدیاکار بۆ ئەو دامەزراوە میدیایەی کاری تێدا دەکات لەسەر پێگە و وێنەیان لە کۆمەڵگە بە ئاراستەی جەماوەر.

**دووەم:** بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی میدیاکار کە وەک ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی رۆڵی بنەڕەتی لەکۆمەڵگەدا هەیە و داوای لێدەکرێت بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە هەڵسوکەوت بکات و بنەمای بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی ڕەچاو بکات.(الکاتب، 2016: ل10)

## 2.5 چاودێریکردن لە میدیای نوێ

لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا، ئەوانەی بە ئەزموونی درێژخایەنی پێشکەوتنی میدیایی و تەنکەلۆجیا تێپەڕیون، لەبەرامبەر هەر قۆناغ و لێکەوتەیەکی نادروستی میدیایی، کۆمەڵێک ڕێوشوێنیان گرتۆتەبەر، تاوەکو میدیا تەنها مانای ڕاستەقینەی خۆی بگەیەنێت و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات و پرەنسیب و دیسپلینەکانی خۆی بەکاربێنێت، تا لەوێوە میدیا و میدیاکاران لە پڕ بە ئەنقەست یان لە نەزانین، ئاڕاستەیان نەگۆڕێت و نەبنە ناوەندی ئازاربەخش بۆ ژیانی کۆمەڵگە.

هەر بۆیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر لە شەستەکانەوە دەستکرا بە چاودێری پەیامە میدیاییەکان بە مەبەستی فلتەرکردن نەوەک سانسۆرکردن، کاتێک بینیان میدیا ڕۆژانە لە ڕێگای شاشەکانی سینەما و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لێشاوێک لە بابەتی توندوتیژی بڵاودەکاتەوە، کە ئەمانە کاردانەوەی ترسناکی لە نێو کۆمەڵگە لێدەکەوێتەوە. بۆیە لەو کاتەوە تا ئێستا دەیان سیستەمی فلتەرکردن و چاودێری میدیایی بەکاردێنن ، یەکێک لە نموونەکان بەکارهێنانی سیستەمی V_Chip سەیرکردنی تەلەفزیۆن بەرپرسیاریتیە، کەوا لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی دەستی تەلەفزیۆنەکان لە ماڵەکانەوە، دەتواندرێت نەهێڵدرێت وەک بابەتی سێکسی و بابەتە توندوتیژیەکان و ئەو بەرهەمە تەلەفزیۆنانەی کەوا زمانی بازاڕی و دژوار بەکاردێنن و پەخش و بڵاو بکرێنەوە. لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا ڕێکخستنێکی فراوانیان بۆ خزمەتگوزارییەکانی کۆمنیکەیشنی ئەلیکترۆنی و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و چاپ کردووە، لە ڕێگەی دام و دەزگای جیاواز و جۆراوجۆر. بۆ نموونە PCC_Press Complain Commission واتا لیژنەی سکاڵاکردن بۆ بابەتە چاپەمەنییەکان(مەولود، 2020: ل3).

له ساڵی 2003 له وڵاتی بەریتانیا کە هەست بە مەترسی کەناڵەکانی پەخش و سۆشیاڵ میدیا کرا، دەزگایەکی چاودێری بەناوی Ofcom_Office of Communication مانای نووسینگەی پەیوەندیەکان بۆ چاودێریکردنی جوڵەی دەزگاکانی میدیا لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و سۆشیاڵ میدیا و میدیای ئنتەرنێتی دەمەزرا، لەبەر گرنگی و هەستیاری زۆری دەزگاکانی پەخش و میدیای ئنتەرنێتی ، بەرپرسی یەکەمی Ofcm ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا بوو. نووسینگەی پەیوەندییەکانی بەریتانیا وەک دامەزراوەیەکە بۆ چاودێریکردنی بەشێک لە دەزگاکانی میدیا، کاری ستاندەربوونی پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆن و زانین و چاودێریکردنی پاڵپشتە داراییەکانی دەزگاکانی میدیا و یەکسانی وچۆنیەتی پاراستنی ژیانی تایبەتی کەسەکان دەکات، تاوەکو لە ڕێگەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و سۆشیاڵ میدیا زیانیان بەرنەکەوێت، بۆیە پەرلەمانی بەریتانیا وزە و هێزی  بە نووسینگەی پەیوەندییەکان بەخشی کە چاودێری پەخشی تەلەفزیۆن و سۆشیاڵ میدیا بکات، هەروەها بۆ ڕێکخستنی جوڵەی میدیایی و مامەڵەکردنی کەناڵەکانی ڕادیۆ لەگەڵ زانیاری هاولاتیان، هەر لە بەریتانیا RA-Radio Authotity ، دەسەلاتی ڕادیۆیی دەمەزرا، بینەرەکانی تەلەفزیۆن و گوێگرانی ڕادیۆو بەکارهێنەرانی تۆڕەکانی ئنتەرنێت و میدیای نوێ ، لە ڕێگەی ئەو دەزگا چاودێریانەی میدیا، کۆمەڵگە و دەزگاکانی میدیا لە ئازار پێگەیاندن و زانیاری خراپ دەپارێزن و هەر لەو ڕێگایانە ژیانی تایبەتی کەسەکان دەپارێزرێت.(خدر، 2021: ل51)

سەبارەت بە ڕێ و شوێنە پۆلسی(Policy)یەی کە لە میدیای نوێ هەیە لە هەرێمی کوردستان، حاکم ئازاد حمەدەمین، نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە چاوپێکەوتنێک کە توێژەر لەگەڵی ئەنجامیداوە دەڵێت "لە کوردستان فلتەر نیە، پرۆژە ئامادەکراوە بۆ ڕیفۆرمی میدیایی، کە سەرلەنوێ پێناسەی هەموو برگە و بابەتەکان بکرێت، هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان پرۆژەی هەیە بۆ پاراستنی تایبەتمەندی، لەگەڵ ئەوەدا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش پرۆژەیان هەیە".

هەرچەندە ڕێ و شوێنە پۆلسیەکان لە هەرێمی کوردستان لاوازە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا لە کوردستان یاسایەک هەیە لەسەر خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی ، لە ئیستادا ئەوەی دەگوزەری لە میدیای نوێ دەکرێ ئەم یاسایەی بۆ بەکار بهێنرێت چونکە ناچیتە خانەی میدیای پیشەیی، بۆیە لەبەرئەوەی تۆمارکردنی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکانیش لەسەر یاسای ژمارە35ی ساڵی 2007، دەتوانرێت برگە و مادەکانی ئەم یاسایە بەسەر میدیا و میدیاکارانی نێو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان جێبەجێبکرێت، لە کوردستان کێشەی گرفتە میدیاییەکان نەبوونی یاسایەکی هاوچەرخە، لە حاڵەتی بوونی یاساشدا نەبوونی ئیرادەیەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە، بۆیە تاکو ئیرادە نەبێ لە کاتی بوونی یاسایەکی تەواو گشتگیر بۆ میدیا لە هەرێمی کوردستان ئەم گرفتانە بەردەوام روو لە زیادبوون دەکەن.

سەبارەت بە چاودێری میدیایی لە هەرێمی کوردستان بژار حەکیم، جێگری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ توێژەر ڕای وایە سەندیکای رۆژنامەنووسان دژی فلتەرکردن و سنوردارکردنی ماڵپەڕی میدیایین، چونکە ئەوە بە بەرتەسککردنەوەی ئازادی کاری میدیای دەزانن، بەڵام ڕێکخستنەوەیان بە گرنگ دەزانن، ئەو دەڵێت"هیچ شوێن و دەزگایەکی فەرمی نییە بۆ چاودێری میدیا، بەڵام وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕادەیەک هەندێکجار بۆ هەندێک بابەت کە لە میدیا دەوروژێنرێ دێتە سەرخەت، بە حوکمی ئەوەی پێدانی مۆڵەتی ڕادیۆ و تیڤی و فرینکوێنسەکان لەلای وەزارەتی ڕۆشنبیرین".

ڕێ و شوێنە پۆلسیەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان تایبەت نییە تەنیا بە میدیای نوێ بەڵکو بە گشتییە و پێویستی بە دووبارە پێداچوونەوەیە بۆ پارێزگاریکردن لە مافی تایبەتمەندێتی کە ئەمە بابەتێکی ڕۆژانەی گرنگی نێو میدیای نوێیە لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژانە دەیان لادانی میدیایی لەم شێوەیە هەیە و گرفتی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دروست کردووە.

**سێیەم: تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیایی**

لە ڕوانگەی ئەوەی کە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیایی لە ئێستادا بووەتە پێویستیەکی گرنگ بۆ میدیا و میدیاکاران تاکو بە شیوەیەکی زانستی ئەدای پیشەیی میدیا بکەن و ڕەچاوی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بکەن، توێژەر ئەم تیۆرەی بە پێویست زانی لەم توێژینەوەیەدا بەکاربهێنێت و سوود لە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیایی بۆ میدیاکاران وەربگرێت بە ئاراستەی ئامرازەکانی میدیای نوێ، چونکە زۆربەی توێژینەوەکان ئامانجەکانیان لەسەر چاودێریکردنی ڕادەی پابەندبوونی میدیا و میدیاکاران بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر ئەم پابەندبوونە هەیە و ڕادەی گرنگی و کاریگەری ئەم فاکتەر و گۆڕاوانە داناناوە

## 3.1. دەرکەوتنی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیایی:

تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بۆ یەکەم جار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرکەوت, دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم, لە سەدەی بیست و یەک بە دیاریکراوی لە ساڵی (1947)، لەو شوێنەی لیژنەیەک بۆ" ئازادی ڕۆژنامەگەری " کە لە دوازدە پرۆفیسۆری ئەکادیمی پێکهاتبوو، خوێندنەوەی خۆیان پێشکەش کرد لە کتێبێک بەناوی "میدیای ئازاد و بەرپرسیارانە" بڵاویانکردەوە، نووسەرانی ئەم تیۆرییە پێیانوایە کە ئازادی لە یەک کاتدا ماف و ئەرک و بەرپرسیارێتییە و پێویستە ئامرازەکانی میدیا و میدیاکاران مامەڵەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ ئاست و پێوەرە پیشەییەکان بکەن وەک: ڕاستگۆیی و بابەتی و هاوسەنگی، هەروەها دەبێت ڕەنگدانەوەی هەمەجۆری بیروبۆچوونەکانی ناو کۆمەڵگە بێت لەڕێگەی ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆبڵاوکردنەوەی بیروڕا. (Mcquail, 2010: p147)

تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیایی بۆ بەهێزکردنی چەمکی ئازادی میدیا هاتە ئاراوە، بەڵام بیرۆکەی ئازادی بەرپرسیارانەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت، نەک ئازادی ڕەها.(الزهراني، 2020: ل333)، چونکە تیۆری ئازادیی میدیا ماف بە میدیاکاران دەدا، کە خراپ ئازادی

بەکاربهێنن، چونکە ئازادییەکە، ئازادییەکی ڕەها بوو. لەم چوارچیوەیەدا کۆمەڵێک ڕاسپاردە لە لیژنەی ئازادی ڕۆژنامەنووسی دەرچوون، کە داوای 'میدیای ئازادی بەرپرسیار"ی دەکرد. ئەمە دەسپێکێک بوو بۆ تیۆریی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، پاشان لەسەر دەستی ژمارەیەک لە پسپۆریی ئەکادیمی پەرەی پێدرا، دیارترینیان: ئێدوارد گیراڵد، تیۆدۆر بترسۆن، ویڵیام ڕیڤیرز، دینی ئیلیۆت، کلیفۆر کریستیانز..(حسن، 2012: ل73)

ئامانجی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیا دانانی کۆنترۆڵی ئیتیکیە بۆ میدیا و میدیاکاران و ئاشتکردنەوەی ئازادی میدیایە لەگەڵ بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی. هەروەها ئەو ڕێسا و یاسایانەی کە ڕای گشتی دەکەنە چاودێرێک بەسەر ئیتیکی پیشەییدا، کە ئازادی لە هەمان کاتدا ماف و ئەرک و بەرپرسیارێتییە، لێرەوە دەبێت میدیا و میدیاکاران هەندێک پابەندبوون بەرامبەر کۆمەڵگە قبوڵ بکەن، لە جێبەجێکردنی پەیماننامە دەستوریەکان و دەقە یاساییەکان.(عبدالمجید، 2013: ل365)

لەبەرئەوەی ڕۆژنامەگەری و میدیای ئەلیکترۆنی پانتایەکی بەرفراوانیان لە گۆڕەپانی میدیا داگیرکردووە، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە ئیتیکی میدیا لە هەندێ کاتدا تێکچووە. لەدەرئەنجامی بەشداریی زۆرێک لە توێژەکان لە ڕیزی بەکارهێنەراندا شێوازی پەیوەندیکردن بۆتە ئەگەری ئەوەی وەرگر ببێتە فاکتەرێکی کاریگەر لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا. بەمە پەیوەندیکردنی بێسنوور و کۆتوبەند دەستەبەر کراوە و چەمکی ئیتیکی بەرەو دواوە بردووە، لە سایەی دەرکەوتنی "ڕۆژنامەنووسی هاوڵاتی"، کە لەو جۆرەی خاوەنەکەی ئامادە نەکراوە و هەڵگری پیشەیی و ئیتیکی بەشداربوانە لە گۆڕەپانی میدیای نوێدا؛ جا ئەمانە نێرەر یان وەرگربن.(توفیق، 2016: ل39)

### 3.2 بنەماکانی تیۆری بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی:

ئەم تیۆرییە وەکو جێگرەوەیەک بوو بۆ تیۆری ئازادی بە زامنکردنی ئەدای باشترکردنی دەزگاکانی میدیا و میدیاکاران بەرامبەر بە کۆمەڵگە، بۆیە فەلسەفەی خۆی لەسەر نووسینەکانی هاوکینگ و کۆمیسیۆنی ئازادی ڕۆژنامەگەری بونیادنا، کە تێیدا لەسەر پێنج بنەمای سەرەکی بنیاتنرا:

**یەکەم:** بۆئەوەی میدیا بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و گشتگیر ڕووداوەکان بگوازێتەوە، دەبێت میدیاو میدیاکاران پابەندبن بەپێوەرە پیشەییەکان لە کۆمەڵگە، بە گواستنەوەی زانیاری ڕاست و ورد و بابەتیانە.(بقدوري، 2017: ل73)

**دووەم:** دەبێت میدیا و میدیاکاران وەک سەکۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی تێبینی و ڕەخنەکانی جەماوەر کاربکەن، ڕێگە بدەن بە دەربڕینی ئەو بیروبۆچوونانەی کە پێچەوانەی ڕای ئەوانن و هەوڵبدەن هەموو تێڕوانینە گرنگەکان پێشکەش بکەن چ لەگەڵیان بن یان ناکۆک بن.(بقدوري، 2017: ل73)

**سێیەم:** دەبێت بەرپرس بێت لە خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی ئامانج و بەهاکانی کۆمەڵگە و پێویستە بەهاکانی کۆمەڵگە قبوڵ بکات و ڕێز لەو داب و نەریتانە بگرێت کە لە کۆمەڵگەدا زاڵە. (الحمید، 2022)

هەندێک وا دەبینن، تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەکانی سیستەمی نوێی میدیاییەوە، کە میدیای نوێ تێیدا ڕۆڵێکی مەزن لە گۆڕینی ڕێڕەوی گوتاری میدیادا دەگێڕێت، بە گۆڕینی بەکارهێنەران بۆ بەرهەمهێنانی پەیامی میدیا، کە تیایدا تێگەیشتن بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بۆ جەماوەرێکی بەربڵاو بەدەست دێنێت، بۆئەوەی میدیای نوێ ببێتە جیهانێکی فراوانتر، وەک لەوەی ملکەچی کۆمەڵێک پێودانگ و پابەندبوونی کۆمەڵایەتی بێت لە بەردەم سەرتاپای کۆمەڵگەدا. (الدر، 2017: 30-309).

بەڵام بەرپرسیارێتی ئیتیکی و یاسایی لە میدیادا، لەو ڕۆڵە تەواوکارە خۆی دەبینێتەوە، کە میدیاکار و دامەزراوە میدیاییەکان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و زاڵبوون بەسەریاندا، لە چوارچێوەی پابەندبوونێکی کۆمەڵایەتی و ئیتیکی لە ئاست کۆمەڵگە و لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتیدا پێ هەڵدەستن. میدیای نوێ لە ڕوانگەی ئەو بەرپرسیارێتییەوە ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەدا دەگێڕێت: بە جۆرێک کارکرن لە میدیای نوێ لەلایەن میدیاکارانەوە زیان بە بونیادی کۆمەڵگە یان بەها ڕەسەنەکانی نەگەیەنێت.(العتیبي، 2016: ل16)

## 3.3. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی:

کەموکوری و ئازادی ڕەهای تیۆری ئازادی هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیایی، لەلایەکی تر بەهۆی پەیدابوونی ئامرازەکانی میدیایی نوێ و خراپ بەکارهێنانیان لەلایەن میدیا و میدیاکارانەوە وایکرد ئەم تیۆرە پەرەی پێبدریت.

تیۆری بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی لەمیدیاکاندا بۆ چەند هۆکارێکی گرنگ دەگەڕیتەوە کە وایکردووە میدیاو میدیاکاران زیاتر پابەندبن لەوانە:( کنعان، 2019: ل16)

**یەکەم، هۆکاری پرۆفیشناڵی یاخود پیشەیی:** تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەمیدیاکان و پەرەسەندن و مۆدێرنکردنی میتۆدەکانی ڕیکلامکردن وەک بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و داخوازی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دۆزە گەورەکانی ڕیکلامی میدیاکان

**دووەم، هۆکارە هزرییەکان**: بیری ڕۆژئاوا ڕۆژ بە ڕۆژ لە گۆڕاندا بوو، لە هەوڵی بەجێگەیاندنی ئەو بیرۆکانەبوو کە بۆ باشترکردنی کاری میدیا و نەشێواندنی کۆمەڵگەکان بوو لە پەیامە میدیاییە شێوێنراوەکان، بۆیە هەموو هەوڵێکیان نەهێشتنی بیری سەرەکی بوو کە مافی بە میدیا و میدیاکاران دەدا میدیا بە شێوەی ئازادی ڕەها بەکاربهێنن.

**سێیەم، هۆکارە ئابوورییەکان:** ئابووری میدیا هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە، جونکە زۆرێک لە دەزگاکانی میدیا لە پێناو مانەوەیان و بەردەوامیان ڕێکلامیان بەکاردەهێنا وەکو ڕێگەیەکی بازرگانی و ئەمەش وای لە گەورە بازرگانەکان دەکرد میدیا کۆنترۆڵ بکەن و پەیامە میدیاییەکان بشیوێنن لە بەرژەوەندی خۆیان.

**چوارەم، هۆکارە ئیتیکییەکان :** هەوڵدان بۆ تێکدانی ئادابی گشتی و هەرەسهێنانی کۆمەڵگە لە ئاکارە جوانەکانی ، هەروەها وروژاندنی هەواڵی توندوتیژی و تاوانەکان؛ ئەمەش ڕێژەی ئەو کەسانی زیاد کردبوو، کە بەو کارانە هەڵدەستان. ئەمە بوە هۆی سووکایەتیکردن بە ئازادی یان تێنەگەیشتن لە چەمکی ئازادی.

**پێنجەم، هۆکاری ڕێکخستنی دامەزراوەیی:** دەرکەوتنی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەمیدیاو یەکێتییە پیشەگەرەکاندا بووە هۆی سەرهەڵدانی سەرەتای خۆڕێکخستنی ڕۆژنامەگەری و پیشەکی و پێشبینیکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی و ئەو یەکێتییانە ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لەدابەزاندنی دەستوورەکانی شەرەفی میدیایی.(اشراف، 2020)

## 3.4. ڕەخنەکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیا:

تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی چەندین لایەنی گرنگ و باشی هەیە، بۆ ڕێکخستن و پابەندبوونی میدیاکاران و دامەزراوەکانی میدیا بە ئیتیکی میدیاوە، لەگەڵ ئەوەدا ڕەخنەی لێ گیراوە و کەم و کورتی دیاریکراوە لەوانە:

1. ئەندامانی لیژنەکە، کە تیۆری بەرپرسیارێتیان داهێنا، لە نێوانیان توێژەری میدیا و میدیاکار بونی نەبوو، هەموویان لە بواری دیکە پسپۆریان هەبوو، ئەمەش وایکرد خوێندنەوەیان بۆ بواری میدیا بە تایبەتمەندی ترەوە بێت.( مەنگۆڕی، 2012: ل 80)
2. لیژنەکە چەند زاراوەیەکی لاستیکی سنورداری بەکارهێنا، وەک(داب و نەریتەکانی نێو کۆمەڵگە) لەم بارەیەوە کێ داب و نەریتی کۆمەڵگە دیاری دەکات لە ماوەیەکی دیاریکراودا؟

وە هەروەها زۆر زەحمەتە، چونکە بڵاوکردنەوەی هەموو هەواڵەکانی کاری میدیاکار پێویستی بە وردبینی و جیاکردنەوە هەیە.( حسام الدين، 2003: ل69)

3. دانانی سنوورێک بۆ ڕادەربڕین کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر کۆمەڵگە و تاکەکان، ڕۆڵی هەبوو لە دروستکردنی بەربەست لە سەر ئازادی ڕادەربڕین.(موسی، 2016: ل20)

4. پەیماننامەکانی ئیتیکی پیشەیی بۆ زاڵبوون بەسەر پیشەی میدیا داندراوە، چونکە پەیماننامە و بەڵێننامەکان ویستی ملکەچی دەگرنە خۆیان بۆ یەک بیروڕا، تاکێک یان تەنها گروپێک خۆی بە سەرپەرشتیکار دەزانێت، سەرەڕای ئەوەی هەموو کێشە ئیتیکیەکان ناگرێتە خۆی کە بەرەو ڕووی میدیا دەبێتەوە.(حسام الدين، 2003: ل70)

# بەشی سێیەم

## پرەنسیپەکانی ئیتیکی پیشەیی میدیایی و یاساکانی میدیا

### یەکەم: پرەنسیپەکانی ئیتیکی پیشەیی میدیا

### دووەم:  یاساکانی میدیا

## یەکەم: پرەنسیپەکانی ئیتیکی پیشەیی میدیا:

### 1.1. چەمک و پێناسەی ئیتیک

ئیتیک لە ڕووی چەمک و زاراوەووە لە زمانە ڕۆژئاواییەکان چەمکی جیاوازیان بۆداناوە لە زمانی فەرەنسی Morale و لە زمانی ئنگلیزی Morals بە زمانی ئەڵمانی Moral و بە ئیتاڵی Moraleهاتووە، بەڵام بنەڕەتی وشەکە لە Ethicaی لاتینیەوە وەرگیراوە بە فەرەنسی Ethiqueو لە ئینگلیزیEthics و لە ئەڵمانی Ethikلە ئیتاڵی Ethica هاتووە. (بدوي، 1976: ل7).

لە زمانی کوردی (ئاکار)ی بەرامبەر بۆ دانراوە، زۆرجار ئیتیکیش بۆ هەمان وشە دەگوترێ. زانستی ئیتیک بەشێکە لە فەلسەفە و، هەوڵ دەدات وەڵامی هەندێک پرسیار بداتەوە وەک:" شتی باش چیە؟" " شتی ڕاست چیە؟" "مرۆڤ چ بکات؟" ، بەڵام بەشێوەیەکی ڕوونتر، چەند ڕێسایەک هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ چۆن بە باشترین شێوە هەڵسوکەوت بکات" (سەپان، 2015: ل22) .

بنەڕەتی ئیتیک، سروشتێکی ناوەکییە لە مرۆڤدا ئەمەش بەو مانایە دێت کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ بە سروشتی ڕاستەقینەی خۆی لە باش و خراپە و لە چاکەکردن و گوناهەوە ناسراوە . (عزي، 2016: ل14)

ئیتیک هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری مرۆڤە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێسا ئیتیکیانەی کە پێوانەی ئەو ڕەفتارانە دەکات کە مرۆڤ بۆ خۆی دایدەنێت یان بەمەبەستی زانینی ئەرکەکانی و پابەندبوون بە کردەوەکانی خۆی. (مشابقة، 2012: ل61)

ئیتیک Ethics پرۆسەیەکی هزرییە لەسەر بنەمای پرەنسیپەکان کە لەسەری ڕێککەوتوون پەیوەستە بە ئایینەوە ئەم چەمکە زۆر لقی لێجیابووەتەوە، چونکە وەکو یەک یەکە تەماشا ناکرێت و تێڕوانینی جیاوازیان لەسەرە. (Day, 2006, p. 3)

چەمکی ئیتیک کۆمەڵێک ڕەفتاری دیاریکراو و پەسەندکراوە لە قۆناغێکی تایبەت و کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا، هەروەها هەوڵ و کۆششی کەسانێکە بۆ هەموارکردن و ڕێکخستنی ئەم پەسەندکراوانەو پابەندبوون پێیانەوە، لەخۆدەگرێت". (نژاد، 2006: ل ل 41-40)

تویژەر ڕای وایە ئیتیک لە ئەتەکێتەوە هاتووە، کە ئەتەکێت بۆ ڕیکخستن و بەڕیوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەبەردەوامی بەکاردێت، واتە شێوازی ژیانی کۆمەڵگەکانە ، ئەم ئیتیکە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت وجیاوازی هەیە، بەڵام ئیتیکی پیشە جیاوازە و پەیوەستە بە کۆمەڵێک بنەما وپرەنسیپ و پێویستە پیشەگەران پابەندبن پێوەی.

## 1.2. ئیتیکی میدیا و پابەندبوون بە بنەما ئیتیکییەکان :

پابەندبوون بە ئیتیک بریتییە لە ڕەهەندی ئیتیکی یان ئەرکێکی جێگیر، کە میدیاکار پەیوەست دەکات بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە و بەردەوامبوونی لەسەری، بۆ بەرژەوەندیی ئەو ئامرازە میدیاییە، یان بۆ بەرژەوەندیەکی دیاریکراو و بەرپرسیارە لەو کارە و ناکرێت دەستی لێ هەڵگرێت یان سەرپێچی لە ئەدای ئەو کارە بکات، وەک بەخشینی شتێک یان ڕاپەڕاندنی کارێک، بە ڕەچاوکردنی باوەڕی، وردبینی، بابەتیبوون، هاوسەنگیی، دادپەروەری و پاراستنی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە لە ئامرازەکانی میدیایی ئەلیکترۆنی.(محمد، 2022: ل23).

مێژووی ئیتیکی میدیا لەو کات وساتەی کەناڵ و هۆیە جیاجیاکانی میدیا دەرکەوتن هاتەئاراوە، بیرکردنەوە لەپێداویستی و گرنگبوونی پرەنسیپەکانی ئیتیکی کارکردنی میدیا و میدیاکاران سەریهەڵدا. هەوڵەکان بە ئاڕاستەی دانانی بەڵگەنامەی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسی بەردەوامبوون، تا بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (1918ز)دا، هەوڵێک بە فەرمی لە فەڕەنسا درا، ئەویش بە هۆکاری ئەو ڕۆڵە کارایەی کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەو کاتەدا دەیان گێڕا ،هەروەها لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیشدا" یەکەمین لیژنەی بەدواداچوونی پاشایەتی (1947-1949) لە بریتانیا بۆ گەمارۆدانی چاپەمەنییەکان پێکهێنرا و کەسانی وەک لۆرد (ڕۆتەر میر)ی

خاوەنی رۆژنامەی (دەیلی میل) و لۆرد (بیۆر برۆک)ی خاوەنی رۆژنامەی (دەیلی ئێکسپرێس) و .... تاد، خرانە ژێر لێکۆڵینەوە".(حسێن، 2020).

لە فەرهەنگی (معجم المفاهیم الحدیثة في الاعلام والاتصال) ئیتیکی پیشەیی میدیا بەوە پێناسە کراوە، کە: "بریتییە لە کۆمەڵێک بەها وپێوەر، کەسانی میدیاکار بۆ جیاکردنەوەی نێوان چاک و خراپ پشتی پێ دەبەستن، هەروەها بۆ جیاکاری لە نێوان ڕاست و هەڵە، کامەیان پەسەند و کامەیان ڕەتکراوەیە؛ بە شێوەیەک جیاوازی لە نێوان ڕاستی وهەڵە لە ڕەفتاری پیشەیی دەردەخات.لەو پێناوەدا یاسایەک دادەنرێت، کە تێیدا ئەو بەهاو پێوەر و بنامایانە و ڕێساکانی ڕەفتار و مومارەسە دیاری کراون".(شطاح، 2020: ل61)

مەبەست لە ئیتیکی میدیایی ئەو پێوەرە ئیتیکی و پیشەییانەیە کە کاری میدیایی ڕێکدەخەن و چوارچێوەیەکی یاسایی و ئیتیکی بۆ کاری میدیاکار دیاریدەکات تاوەکو بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و دوور لە قۆستنەوە و بەرجەستەکردنی بەرژەوەندی تایبەتی و خودی کارەکانی ئەنجامبدات.(عبدالرحمان، 2008: ل134)

بنەما ئیتیکییەکانی پیشەی میدیا لەسەر ئەوە چەسپاوە کە دەزگای میدیایی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە و جیاوازە لە دامەزراوە ئابووری و بازرگانیەکانی تری ناو کۆمەڵگە چونکە ئەوەی بیروڕا و و زانیاری و ڕۆشنبیری و بەڵگە وداتا لە کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنێت میدیاکارێکی ڕۆژانەیە، کە ڕۆژانە زانیاریەکان لەبوارە جیاجیاکاندا تۆماردەکات، بۆیە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئیتیکی و مرۆیی لەدەزگای میدیادا هەیە. (قیراط، 2016). لەلایەکی ترەوە گرنگە ڕای گشتی ڕۆڵێکی کارای لە پێکهێنانی کۆدەکانی ئیتیکی میدیایی هەبێت چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی خودی میدیاکاراندایە کە جەماوەر بەشداری لە داڕشتنی دەستوورە ئیتیکیەکان بکەن و پابەندی میدیاکاران بە خۆیانەوە پەیڕەو بکەن، و دەبێت چالاکی گشتی دژی پێشێلکردنی پرەنسیپە ئیتیکیەکان لە میدیاکاندا هەبێت.

بۆیە دەبێت ڕای گشتی لە ئیتیکی میدیا ئاگادار بن و هەرچی زیاتر جەماوەر ئاگاداری ئەم ئیتیکانەبێت دەتوانێت یارمەتی بەهێزکردنی ئیتیکی میدیایی بدات.

کۆمەڵگە ئەو میدیاکارانەیان قبوڵە و بە شایستەی دەزانن کە پابەندن بە ئیتیکی میدیایی" بۆیە بۆئەوەی میدیاکاران پابەندبن بە ئیتیکی میدیاییەوە دەبێت هۆشیارییەکی گشتی هەبێت بۆ ئەو ئیتیکانە ولەلایەکی ترەوە دەبێت خەڵک بەرگری لەمافەکانی خۆیان بکەن کاتێک ئەم مافانە پێشێل دەکرێن بەهۆی نائیتیکی میدیاکارانەوە. (العیساوي، 2016)

میدیاکاران دەبێت شارەزایی تەواوی لە ئیتیکدا هەبێت، چونکە لە نەبوونی ئیتیکی میدیادا کۆمەڵگە دەهەژێت و نائارامی دروست دەبێت، کە زۆرجار بەهۆی ئەو میدیاکارە نابەرپرسانەوە دێتە ئاراوە کە پابەندی هیچ بنەمایەک نین و هیچ پێوەرێکی ئیتیکی جێبەجێناکەن، بەپێچەوانەوە زیادبوونی هۆشیاری دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەمانە ببێتە ئامرازێک بۆ دروستکردن و گەشەپێدان لەبوارە جیاجیاکاندا، بۆیە جیا لە بنەماکانی ئیتیکی میدیا پێویستە میدیا و میدیاکاران بە چەند ڕێنماییە ئیتیکیەوە پابەندبن: (علي، 2015: ل315)

1. پابەندبوونی ئاینی لە کۆمەڵگە: میدیاکار پێویستە خۆی بەدووربگرێت لەو پرس و بابەتانەی دەبنە هۆی دروستبوونی پشێوی لە کۆمەڵگە بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەند چەمک و زانیاری و وێنە و ڤیدیۆیەک کە پێچەوانەی ئاینە لە کۆمەڵگە.
2. پابەندبوونی کۆمەڵایەتی: پێویستە میدیاکار ڕەچاوی گرنگی کۆمەڵایەتی بکات پێش پێشکەشکردنی هەر شتێک یان بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی کاریگەری لەسەر بەهاکانی کۆمەڵگە هەیە یان بەکارهێنان و دەستبردن بۆ ئەو بابەتانەی هەستیارن بۆ تاکەکان لە کۆمەڵگە.
3. پابەندبوون بە دەسەڵاتی یاسادانان: لەلایەکی تر پێویستە ئەو لایەنە یاساییانەی کە هێڵەکان دەکێشن لە لایەن میدیاکارانەوە ڕەچاو بکرێن بۆئەوەی ئەو قەدەغەکاریانەی کە بەپێی یاسا دەرکراون یان یاسایان بۆ دەردەچێت ئیتیکی میدیاو پیشەیی میدیا بپارێزێت.

4. پابەندبوونی دامەزراوەیی: پێویستە میدیاکار ڕەچاوی ئەو دامەزراوەیە بکات کە تێیدا کاردەکات، بۆئەوەی تووشی سزا وسەرپێچی نەبێتەوە یان دامەزراوەکانی دەوڵەت بشێوێنێت.
5. پابەندبوون بە مافی مرۆڤ: پێویستە میدیاکار مافی مرۆڤی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرێت و خاوەنی هەستێکی مرۆیی و ئەخلاقی بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا.

ئەم ڕینماییە ئیتیکیانە لە هەرێمی کوردستاندا بە لاوازی کاری پێدەکریت و میدیاکاران و دەزگاکانی میدیا کەمتەرخەمن لە ئاست پابەندبوونیان بە ڕینماییە ئیتیکیەکان.

### 1.3. ئیتیکی پیشەی میدیایی لە میدیای نوێ

ژینگەی میدیای نوێ بۆ میدیاکارانی پرۆفیشناڵ کۆمەڵێک پابەندی ئیتیکی بەسەر میدیاکاراندا سەپاندووە، لەلایەک ئامانجی کۆنترۆڵکردن و باشکردنی ئەدای کاری میدیایە لەو ژینگەیە، لەلایەکی تر ڕێکخستنەوەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ئەو میدیایەیە بۆ میدیاکاران.

بەکارهێنانی ئیتیکی میدیا لە میدیای نوێ لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دوای بڵاوبوونەوەی خێرایی ئینتەرنێت لە ساڵی 1997سەریهەڵدا بە هاوکاری تۆڕەکان ڕێگەی بە خەڵکی ئاسایی دا تۆڕە نێودەوڵەتییەکان بەکاربهێنن، یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکی و سەنتەری پۆینتەری(Poynter) تایبەت بە بواری میدیا، لە کۆبوونەوەیەکیان لەگەل کۆمەڵەی پیشەگەران کە خولیای پیشەیی میدیاییان هەیە لە میدیای نوێ گفتوگۆیان لەسەر پابەندبوون و پیادەکردنی ئیتیکی میدیای کۆن و یەکسانکردنی بە میدیای نوێ کرد.(سالم، 2012).

ئەگەر سەیری ئەم ژینگەیەی میدیای نوێ بکەین کە لەلایەن ئینتەرنێت و تایبەتمەندییەکانییەوە دابینکراوە، دەردەکەوێت کە میدیاکاران ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری پیشەیی و ئیتیکی دەبێتەوە کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین بۆچوون کە پێویستی بە ڕیکخستنی ئیتیکی کاری میدیایی لەم ژینگە نوێیەدا هەیە، دەکرێت ئەم بۆچوونانە لە چوارچێوەی تێڕوانینی دوو گروپدا بەرجەستە بکرێن:

**گرووپی یەکەم:** وایدەبینێت کە میدیای نوێ پێویستی بە داڕشتنی سیستەمێکی نوێی ماف و ئەرکی ئیتیکی بۆ یارمەتیدانی میدیاکاران لە ئەدای پیشەکەیاندا هەیە بەڵام ئەم سیستمە دەبێت لەگەڵ ئەو ئاڵنگاریانەدا بێت کە شۆڕشی پەیوەندی و زانیاری دەیسەپێنێت، لەڕوانگەی ئەوانەوە کێشەکە توانای ڕەوایەتی پێوەرەکان و ئیتیکی پیشەیی نیە بۆ جێبەجێکردنی ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندی بەقەد ئەوەی کە ئەو شۆڕشە پەیوەندیە زۆر لە پێوەرە میدیاییەکان و ئیتیکەکانی دروست کردووە کە لە ماوەی سەدەی بیستەمدا گەشەی کردووە، ئەم شۆڕشە ژینگەیەکی میدیای نوێ و پەیوەندی پێکدێنێت کە پێویستی بە ئیتیکێکی نوێ هەیە.(علیوان، 2015)

هەرچۆنێک بێت تێگەیشتنی ئەم وردەکارییە کە بریتییە لە داڕشتنی پرەنسیپ و تایبەتمەندییە ئیتیکیەکانی کاری میدیایی لەسەر ئینتەرنێت، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک زەحمەتی دەبێتەوە کە لەلایەن خودی سروشتی ژینگەیی ئەلکترۆنییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت کەتایبەتە بەگەشەکردن و گۆڕانێکی بەردەوام جگە لە نەبوونی لایەنێکی دیاریکراو بۆ چاودێری ئاستی پابەندبوون یان پابەندنەبوون بە جێبەجێکردنی ئیتیک و پیشەی میدیا.

**گرووپی دووەم:** وایدەبینێت کە پێویست ناکات بەڵێننامەی شەرەف دەربکرێت یان کۆنترۆڵی ئیتیکی تایبەت بۆ کاری میدیایی لە ژینگەی میدیای نوێ دا دابنرێت، بەڵکو دژایەتی ئەو بیرۆکەیەش دەکەن کە بەهای میدیای کۆن جێبەجێبکەن لەسەر میدیای نوێ. لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینەدا چەندین پاساویان خستەڕوو کە گرنگترینیان سەختی دامەزراندنی کۆنترۆڵی تایبەت و نیمچە جێگیرە بۆ کۆنترۆڵکردن و سنورداركردنی کاری میدیایی لە ژینگەیەک کە تیایدا وەرگر زۆر بەخێرایی نوێدەبیتەوە و دەگۆڕێت، هەروەها جێبەجێکردنی پێوەرە ئیتیکەکان کارێکی قورسە، چونکە ئەوەی لە ئێستایە کاری پێدەکرێت لەوانەیە دوای ماوەیەکی کورت قبوڵ نەکرێت بەهۆی پەرەسەندنە خێراکانی ژینگەی میدیای نوێ.(بخیت، 2010: ل. ل. 467. 496)

هەرچەندە گرووپی دووەم لە بیروبۆچوونی گرووپی یەکەم دەترسێن و ڕووبەڕووی چەند ڕەخنەیەک دەبێتەوە کە گرنگترینیان ئەوەیە پەرەسەندنی خێرای ژینگەی میدیای نوێ

پێویستی زیاتر بە هێزێکی گشتی هەیە وە پێویستی بە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی ئیتیکی و پیشەیی وکۆنترۆڵکردن هەیە بۆ خۆلادان لەو زیانانەی کە ڕەنگە لە نەبوونی دا بێتە ئاراوە.

ئەمەش وا لە هەندێک دەزگای میدیا دەکات کە کۆمەڵێک بنەما و ڕێسا بخەنە ناو پاشکۆی پیشەیی بۆ ئەوەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە لایەن میدیاکارە پەیوەندیدارەکانیانەوە ڕێکبخەن و یەکێک لە دیارترین مۆدێلە نێودەوڵەتییەکانی بەڵێننامە ئیتیکیەکان.

کۆمەڵەی نیشتیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بڵاوکەرەوەکانی هەواڵ( The american society of news editors): ئەم کۆمەڵەیە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە دە یاسای سەرەکی تێدایە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە دانراوە بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی میدیای نوێ لەلایەن میدیاکارانەوە کە نوێنەرایەتی دەکرێت ئەوانیش:

**یەکەم:** دەبێت پرەنسیپە ئیتیکیەکانی میدیای کۆن لە میدیای نوێدا جێبەجێ بکرێت بەو مانایەی میدیاکار بە ئارەزووی خۆی هەواڵ و زانیاری بڵاونەکاتەوە بەڵکو دەبیت پاساوێکی هەبێت بۆ پابەندنەبوونی بە ئیتیک و یاساکانی میدیای کۆن لە میدیای نوێ دا.

**دووەم:** میدیاکار دەبێت بەرپرسیارێتی هەموو ئەو شتانە بگرێتە ئەستۆ کە دەینووسێت، هەروەها دەبێت میدیاکار بەرپرسیارێتی هەموو ئەو بڵاوکراوانە بگرێتە ئەستۆ کە لە میدیای نوێ بڵاویان دەکاتەوە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی بەدیاردەکەوێت، هەتا ئەگەر لە لاپەڕەی تایبەتی و کەسی خۆی بلاویبکاتەوەو هیچ پەیوەندیەکی بەو دەزگایەوە نەبێت کە کاری تێدا دەکات.

**سێیەم:** کارلێک کردن لەگەڵ خوێنەران، بەڵام لە ڕێگەی پیشەکەوەی، کە میدیاکارێک دەتوانێت دەربارەی ڕووداوەکان فێر بێت و زانیاری کۆبکاتەوە.

**چوارەم:** نابێت زانیاری لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی بڵاوبکاتەوە، بەڵکو پێویستە لە ماڵپەڕی دەزگا میدیایەکە بڵاوبکاتەوە کە کاری تێدا دەکات.

**پێنجەم:** پێویستە میدیاکار خۆی لە ناکۆکی و بەرژەوەندی بەدوور بگرێت

**شەشەم:** بۆ دڵنیابوون لە ڕەسەنایەتی و تەندروستی ئەوەی لەسەر تۆڕەکە دەیخوێنیتەوە ڕۆڵی دەزگا میدیاییەکان و میدیاکارانە بۆ سەلماندنی زانیارییە بڵاوکراوەکان و متمانەپێدانەکەیەتی و دەبێت هەموو میدیایەک دەرگاوانێکی باش بێت.

**حەوتەم:** هەمیشە وەک میدیاکارێک خۆت پیشان بدە، چونکە میدیاکار ناتوانێت ناسنامەی خۆی بشارێتەوە چ لە ڕووداوەکانی میدیای کۆن و لە کاتی پراکتیزەکردنی پیشەکەی لە مەیداندا یان لە میدیای نوێ دا.

**هەشتەم:** میدیای نوێ ئامرازە و کەرەستەی یاریکردن نین، میدیاکاران نوێنەرایەتیی دامەزراوەکانیان دەکەن و ناتوانن بە شێوەیەک ڕەفتار بکەن کە نەگونجێت لەگەڵ سیاسەتی دامەزراوەکەی لەسەر میدیای نوێ، بۆیە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئیتیکی میدیای نوێ بریتییە لە پشتبەستن بە سەرچاوەی زانیارییە بنەڕەتیەکان.

**نۆیەم:** ڕاست و ڕەوان بە و دان بە هەڵەکەت بنێ.

**دەیەم:** پاراستنی نهێنی ناو دەزگای میدیایی، واتە ئاشکرانەکردنی نهێنی تایبەت بە ژووری هەواڵ (committee, 2011, p. 07. 16)

### 1.4. ئامانجەکانی ئیتیکی میدیا:

زۆربەی دەستووره ئیتیکیەکانی میدیا لەلایەن خودی میدیاکانەوه له ڕێگەی کۆبوونەوه جۆراوجۆره پیشەییەکانیانەوه داڕێژراون بۆ ئەوەی ئەم ئامانجانه بەدەست بهێنن لەوانە: باشترکردنی کوالێتی ناوەڕۆک و پەیامه میدیایەکان، که لەڕێگەی میدیاوه بڵاودەکرێتەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و خۆ بەدوورگرتن له پێشێلکردنی یاساکان، که کاریگەری لەسەر ئازادی زانیاری هەیە. لەگەڵ باشترکردنی وێنەی میدیا لەبەردەم جەماوەردا. (الشميمري، 2010: ل ل110-111)

له سێ خاڵدا ئامانجەکان دەخرێنه ڕوو ئەوانیش:

**یەکەم:** پاراستنی کۆمەڵگه له خراپ بەکارهێنانی هۆیەکانی میدیا

**دووەم:** پارێزگاریکردن له تەواوی کارمەندانی میدیا له هەر شێوەیەکی قۆرخکاری یان گوشارخستنه سەریان لەلایەن خاوەن دەزگاکانەوه بۆ ئەنجامدانی کارێک که یەکانگیر نیه لەگەڵ ئەرکەکانی میدیا.

**سێیەم:** ڕاهێنانی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن لەسەر ڕەچاوکردنی دوو لایەنی گرنگ له کارکردندا:

آ. مافی بەدەستهێنانی زانیاری کارمەندەکانی میدیا.

ب. مافی ڕادەربڕینی جەماوەر لەو کەناڵانه و پارێزگاریکردن له بەرژەوەندی گشتی (عومەر، 2012: ل ل49-50)

### 1.5. گرنگی ئیتیکی میدیا بۆ دەزگاکانی میدیا و میدیاکاران

زانینی ئیتیکی میدیا، یەکێکه له هەره زانینه گرینگەکان، چونکه پەیوەسته به پارێزگاریکردن له یاساکان و مافی هاوڵاتیان، هەروەها پارێزگاریکردن له بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگه له بەرامبەر ئەو پێشێلکاریانەی که جۆرێک له هاندان و چەواشەکاری و بەرتەسکردنەوەی بیروڕا دەکرێت لەو هەڵمەتانەی که دەزگاکانی میدیا بڵاویدەکەنەوە. هەروەها ئیتیکی میدیا دەکەوێته

چوارچێوەی ئیتیکی پیشەیی، بەمەش ئیتیکی پیشەیی پەیوەستە بەو ڕێسایانەی کە میدیاکار بە ئازادی و بێ ئەوەی ملکەچی هیچ شتێک ببێت پەیڕەوی دەکات، ئەمە چەندین پابەندبوون بەخۆیەوە دەبینێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی میدیاکار پەیوەندی دروستبکات لەگەڵ جەماوەر. (عەلی، 2017: ل45)

گرنگی ئیتیک لە پیشەیی میدیادا خۆی لە خۆیدا داننانە بە گرنگی و هەستیاری ئەو پیشەیە، بەو هۆیەی هۆکاری سەرەکی دەستکەوتنی زانیاری و خستنەڕووی ڕاستیەکان و هەندێک جار دروستکردنی ڕای گشتییە دەربارەی پێشهات یان پرسێکی دیاریکراو، گرنگییەکی تری ئەم ئیتیکانە بۆ میدیاکاران دیاریکردنی مافەکانیانە، مافەکانی لەو دەزگاییەی کاری تێدا دەکات، لەگەڵ مافە یاسایی و پیشەیەکانی، هاوکات بەرچاو ڕوونیە بۆ میدیاکاران سەبارەت بەو ئەرکانەی دەکەونە ئەستۆی. (عومەر، 2012: ل46)

لەلایەکی ترەوە دەستوورە ئیتیکیەکان گرنگی خۆیان هەیە لە پیشەیی میدیا و بۆ میدیاکاران چونکە دەستوورە ئیتیکیەکان هەستی بەرپرسیارێتی پیشەیی دابین دەکەن و ئاماژە بە پێشکەوتنی پیشەکە دەکەن، وادەکات کۆمەڵگەی پیشەیی خۆی بناسێت و بە میدیاکارانی پیشەیی بڵێت ئەوان کێن و پێویستە چ کارێک بکەن؟. لەگەڵ ئەوەدا هاوکارە بۆ پابەندبوونی پیشەیی، ئەو شتانە دیاری دەکات کە کۆمەڵگە چاوەڕوانیەتی.

دەستوورە ئیتیکیەکان یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی ئاستی بەجێهێنان و پابەندبوونی پیشەیی و بەرزکردنەوەی هەستی ناوەکی بە ئینتیماکردن بۆ پیشەکە و تایبەت بە پیشەکە و ڕشت بوون لەسەر بایەخی لەکۆمەڵگە و پارێزگاریکردن لە بەهاکانی ئەم پیشەیە. (الشميري، 2010: ل111)

### 1.6. پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا:

پیشەی میدیایی کۆمەڵێک چوارچێوە و ستانداردی ئیتیکی نێودەوڵەتی هاوبەشی هەیە و بەشێوەیەکی گشتی بنەمای پیشەی میدیایی جیهانیان لەسەر بەندەو جۆرێک لە ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی لەسەرە، هەموو یاسا جیاوازەکانی میدیا لە وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی

بواری میدیا تەبان لەسەر چەند خەسڵەتێکی هاوبەش کە بەتاوانی میدیا هەژمارکراوە، واتە ڕێککەوتنێکی گشتی و جیهانی هەیە لەسەر چوارچێوەی نائیتیکی پیشەی میدیای لەوانە: هێرشکردن و ناوزاندن,گزی کردن و دزیکردنی ئەدەبی ,خراپ گواستنەوەی ڕاستیەکان بە ئامانجی شەڕانگێزو توندوتیژی ,بەرتیل وەرگرتن بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکان (عبدالرحمان، 2008: ل135)

پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی ئیتیک لەلایەن میدیاکارانەوە بەڵگەیەکە بنەماکانی ئیتیکی و پیشەیی لە خۆ دەگرێت، کە پێویستە لە میدیاکاراندا هەبێت و پێیەوە وەسف بکرێت؛ کە هەر ئەمەشە پەیوەندی لە نێوان میدیاکار و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە ڕێکدەخات. ئەو بنەمایە لە نێوەندی چەند ماددەیەکی شرۆڤەکراو و ڕێگەپێدراودا هاتوون. پابەندبوونی میدیایی بریتییە لە جێبەجێکردنی ئەو ماددانە(الاخلاقية، 2011: ل27).

بۆ جیاکردنەوە و زانینی ئەم نائیتیکیەی پیشەیی میدیا، میدیاکاران لەلایەن خۆیانەوە بەمەبەستی بەجێهێنانی و خستنەگەڕی داواکاری پیشەکەیان بەهەمەهەنگی لەگەڵ ناوەند و سەندیکاکانی ڕۆژنامەوانی، چەشنە دادگایەکی ویژدانانەیان بەخۆیان بەدیهێناوە و ناوی دادگای پاکیی و شەرەفی ڕۆژنامەوانیان بەسەردا بڕیوە. پێوەرە ئیتیکیەکانی ئەم دادگایەش بە بەڵگەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانان ناودەبرێت، لە پێناو هێنانە ئارای ڕۆڵی پسپۆریی ڕۆژنامەوانییدا، خوازیارن بە شێوازێکی زانستیانە پێوەرەکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی پیادەبکرێت، بۆئەوەی وەک ئۆرگانێکی سەرەتایی کۆمەڵایەتی تەماشابکرێت. کەوابوو ئەم پێوەرە ئیتیکیانە بە شێوەیەکی یاسایی تۆمارکراون، بەڵام لە نێوەندە ڕۆژنامەوانیەکاندا، جەختیان لەسەر کراوەتەوە وهێزی ڕای گشتی هاوکاریانە، ئەمەش زەمینەسازی دەکات بۆ ڕۆژنامەوانان، چاودێری شکۆو پلە و پایەی کەسایەتی خۆیان بکەن و لەوجۆرە ڕەفتار و هەڵسوکەوتاننە خۆ بەدووربگرن، کە بۆیان بۆتە هێڵی سوور. (ئەیڤەس، 2006: ل ل 71-72).

لەڕێگەی توێژینەوە زانستیەکان بۆ تیۆرییەکانی میدیا توێژەرانی ئەکادیمی لەبواری میدیادا لەسەر چەند پرەنسیپ و پێوەرێک ڕێککەوتوون کە پێویستە میدیا و میدیاکاران  چاودێریی بکەن و پابەندبن پێوەی، گرنگترین و بەرفراوانترین بنەمای ئەخلاقی، کە هەموو تێڕوانینەکان و بیردۆزکانی میدیا لەسەر ئاستی جیهانی لەسەری کۆکن و، پێشیان وایە پابەندبوون بەو بنەمایانە، چەندان گرفتی گەورە لە کاری میدیا چارەسەر دەکات؛ ئەو بنەمایانە کە دەبێ میدیاکار پێییەوە پابەند بێت، بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێن:

1. **نەزاهەت (دەستپاکی)**: نابێ بە هیچ شێوەیەک، دەست بەسەر مادەی میدیای کەسانی دیکەدا بگیرێت، چونکە ئەمە دزییە و کارێکی نائەخلاقییە و، جگە لە ڕێکارە زانستی و ئەکادیمییەکان، نابێ بە هیچ شێوەیەک دەست بۆ بەکارهێنانی بەرهەمی کەسی دیکە ببات. دەبێ هەمیشە سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵەکانی، ئاماژەپێکراو بێت، بەڕاستەوخۆ، یان بە کۆد. (جاف، 2016)
2. **پابەندبوون بە وردبوونەوە و لێزانین**: وردبینی گوزارشتە لە: تاوتوێ و شەنوکەوکردنی بابەتەکان، لێهاتوویی لە پرۆسەی ناسینەوەی هەڵەکان، پاراستنی ڕەسەنایەتی لە ڕێگەی پرس وڕاوێژەوە، دانپێدانان بە هەڵەکان و ڕاستکردنەوەیان و، ناسینی ڕاستییە بنەڕەتییەکان بەر لە بڵاوکردنەوەیان (محمد، 2019: ل171)
3. **یەکسانی:** دەبێ میدیاکار زۆر زانا و تێگەیشتوو بێت لە چەمکی یەکسانی و، بە بابەتیبوون مامەڵەی یەکسانی بکات. دەبێ تێگەیشتوو بێت لە یەکسانی لەنێوان ئەرک و ماف و، تێگەیشتوو بێت لەوەی هەموو  هاووڵاتییەک بەرامبەر ئامرازەکانی میدیا یەکسانە. بە هیچ شێوەیەک نابێ دامەزراوەکانی میدیا، ببن بە ئامرازی چەند کەسێک، یان توێژێکی دیاریکراو بەرامبەر کەسانی دیکە، یان توێژەکانی دیکە**.** (جاف، 2016)
4. **ڕاستگۆیی و بابەتی و بێلایەنی:** ئەو بنەمایەیە، کە لە کاتی نووسین و مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵ و ڕووداوەکاندا بتوانێت بەیەک دووریی بوەستێت، هەروەها دورکەوتنەوە لە

شێواندن و تێکدان، یاخود ئارایشتکردن یان خراپ بەکارهێنانی زانیارییەک، دوور لە حوکمدانی پێشوەخت بۆ ڕووداوەکە، هەروەها دوورکەوتنەوە لە بڕیی وێنە و هەڵبژاردنی ئارەزوومەندانە بۆ ڕووداوێک، یاخود دەستکاریکردن و شێواندنی دەق و هەواڵێک و دوورخستنەوەی لە میانەی ڕووداوەکە.(حیجاب، 2018: ل10).

5. **ئازادی میدیا و ڕۆژنامەگەری:** ئازادی میدیا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی میدیاو میدیاکار پەیامی خۆی بگەیەنێتە ڕای گشتی و ئازادیش مانای لادان یان دەرچوون نییە لە بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەکان بەڵکو ئازادی ئامرازێکە بۆ دەربڕینی دید و ڕەوتەکان کە خزمەتی بە پێشکەوتن و بەرژەوەندی گشتی دەکات.(شهاب، 2018)

6. **پاراستنی مافی کەسانی تر:** واتە پاراستنی مافی کەسانی تر و پێشێل نەکردنی ئازادیەکانیان و ئاشکرانەکردنی نهێنیماڵەکانیان مەگەر پرسێک بێت کە خەمی کۆمەڵگە بێت وەک تاوان. (جاف، 2016)

7. **هەستکردن بە بەرپرسیارێتی:** واتە میدیاکار دەبێت بەرپرسیارێتی ڕاستی هەواڵەکەی بگرێتە ئەستۆ بەو مانایەی کە ڕێگەپێنەدراوە و ناکرێت هیچ هەواڵێک بگوازرێتەوە بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی وردی نەکردبێ و پابەندنەبوبێ بە ڕاستی زانیاریەکان و سەرچاوەکانیان. (یوسف، 2009)

8. **ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ:** دەبێ ڕاگەیاندکار وریا بێ، بەوەی هەواڵێک بڵاو نەکاتەوە کەرامەتی کەسێک، یان گرووپێکی پێ بشکێنێت و، نابێ دەست لە ژیانی تایبەتیی تاکەکان و تایبەتییەکانیان وەربدات، چونکە ئەمە شێوازێکی نائەخلاقییە. نابێ بە هیچ شێوەیەک وێنای نەهامەتییەکانی مرۆڤەکان بکات و، ئیستغلالی ڕووداوەکانیان بکات، بۆ ئەوەی بیکات بە هەواڵ. (بلمولاي، 2021 : ل 102)

9. **پابەندبوون بە بەها ئیتیکییەکان:**نەعۆم چۆمسکی" دەڵێت: ئێمە پێویستە پابەندبین بەو بنەما و بەها ئیتیکییە ڕاستییانە کە ئێمە وای پیشان دەدەین ڕێزیان لێ دەگرین (چۆمسکی، 2018: ل110) بەڵام لە دوای هاتنی تەکنۆلۆجیا پابەندبوون بەم بەها ئیتیکییانەوە کارێکی ئاسان نەماوە.

له هەرێمی کوردستاندا ئەم پرەنسیپانە بۆ میدیاکاران دەستەبەرە کە لە یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا عێراق ژمارە (40)ی ساڵی 2004 لە ماددەی بیستەمدا لە ژێر ناونیشانی پابەندییەکان لە دەخاڵدا تۆماری کردووە بەم شێوەیە:

**پابەندییەکان:** نابێ میدیاکار ئەم کارانە بکات

1. ئەوەی دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە، یان دادگاکان گرتویانەتە ئەستۆ کە کاردەکاتە سەر ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە یان دادگایی کردن.
2. ئەنجامدانی ئەو پیشەیە بەبێ تازەکردنەوەی بەشداربوون لە سەندیکادا بە پێی ئەم یاسایە.
3. بەکارهێنانی هەرهۆیەک یان ڕێگەیەک بەمەبەستی قازانجی ناڕەوا.
4. وەرگرتنی پیتاک بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەن.
5. ناوبانگ زڕاندنی پیشەکە و ئاشکراکردنی نهێنیەکانی یان هەرەشەکردن لە هاونیشتمانییان بەهەر ڕێگاو شێوەیەک بێ لە شێوازەکانی میدیاکاری.
6. شلۆقکردنی متمانە بە سیستەمی فیدرالی لە کوردستانی عێراقدا شێواندنی ئاسایشی هاوڵاتیان بە ڕێگای ڕاستەوخۆبێ یان ناڕاستەوخۆ، هەروەها وروژاندنی غەریزەکانی جەماوەر بەهەر ڕێگایەک بێت.
7. قۆستنەوەی وشەی نوسراو یان نێردراو قۆستنەوەیەکی تایبەتی بۆ سوودی تایبەتی و زیان بەخش بێ بەخەڵکیتر یان خۆ لە خەڵک گۆڕین یان هەڵگرتنی فیکرەیەک و زەرەرگەیاندن بە ڕەوشت و نیزامی گشتی.
8. بەهەڵەبردنی جەماوەر بە زانیاری نادروست و لێکدانەوەی ڕووداوەکان، بەجۆرێک دووربێ لە دەستپاکی یان بڵاوکردنەوەی نادڵنیایی لێیان.
9. وەرگرتن و هەڵێنجان لە بەرهەمی کەسانیتر بەبێ ئاماژەدان بۆ خاوەنەکەی یان سەرچاوەکەی.
10. قۆستنەوەی میدیاکاری بۆ تانەلێدان و سووکایەتی کردن بە پیرۆزی ئاینی و نیشتتمان.

(یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، 2004: ل13).

ئەم پابەندییانە لە دە خالدا کۆکراوەتەوە لە یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، بەڵام میدیاکارانی کورد بە کەمی پابەندی ئەم بنەما ئیتیکیانەن، تەنانەت بەشێکیان پێچەوانەی ئەم پابەندیانە کاری میدیایی دەکەن ، بۆیە گرفتە میدیاییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووی لە زیادبوونە لە هەرێمی کوردستاندا. دەبوو چاودێرانی میدیا لە هەرێمی کوردستان پێش هەموو کەسێک هەستیان بەو ڕاستیە بکردایە کە میدیایی کوردی و میدیاکارانی تێدایە و ڕێگە چارەیەکی گونجاویان دابنیایە کە باشترین ڕێگە چارەش داڕشتنەوەی برگە ومادەکانی یاسای ڕۆژنامەگەریە بەشێوەیەکی گشتی.

## 1.7. پەیماننامەی شەرەفی ئیتیکی میدیایی

پەیماننامە کۆمەڵێک بنەمای ئیتیکیە؛ کە پەیوەندیی کارمەندەکان ڕێک دەخات لە بوارێک لە بوارەکان و دواتر پێیەوە پابەند دەبن لەوانە پەیماننامەی کاری میدیایی، کە بریتییە لە کۆمەڵێک بنەمای ڕێکخەر ، بۆ پەیوەستکردنی هەموو ئەوانەی لەو بوارە کار دەکەن لە ڕووی ڕەفتاری و ئیتیکی لە میانەی پراکتیزەکردنی کاریان(طە، 2013: ل137). پەیماننامەی شەرەفی کاری میدیایی، ئەو بەربەستە ئیتیکییەیە کە ڕێ لە هەڵچوونە دەروونییەکان و ئەنگێزە نابەجێکانی تاکی میدیاکار دەگرێ و جۆرە سانسۆرێکی خودییە، تاک خۆی لەسەر خۆی دایدەنێ، بۆ ئەوەی سنووری ئازادییەکانی خۆی بزانێ و پێ نەنێتە نێو سنووری ئازادیی تاکەکانی تری نێو کۆمەڵگەوە . بەم مانایە، بەمۆرکردن و واژۆکردنی پەیماننامەی شەرەفی کاری میدیایی، میدیاکار خۆی دەخاتە ژێر بارێکی ئیتیکی گرانەوە و تاڕادەیەکی زۆریش لادانە ئیتیکییەکان و بەزاندنی سنووری ئازادی و مافی ژیانی شەخسیی تاکەکان کالأ و کەم دەبنەوە .(قەرەداخی، 2010). دیاریکردنی پەیماننامەی ئیتیک بۆ ئەوانەی لە ناو دامەزراوەکاندا کاردەکەن، بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەم ڕێڕەوە. وەک: بەڕێوەبەری وەکالەی(ئەسوشییتد) پرێس هەڵسان بەدانانی(بنەمای نموونەی ڕەوشتی ڕۆژنامەنووسی) وەک بەرپرسیارێتی وردبینی و فراوانکردنی پانتایی ڕاگۆڕینەوە و پاراستنی ئەمانەت، وەرنەگرتنی هیچ هاوکاریەک لە بەرامبەر

بڵاوکردنەوەی هەواڵ یان ڕاپۆرتێک(البغوثی، 2017، ل11). لەساڵی 1939 کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان بنەمایەکی ئیتیکیی بۆ ڕۆژنامەنووسان دانا، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووش ، ئەنجومەنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان پرەنسیپە ئیتیکیەکانی لە ژێر ناوی: پرەنسیپیە نێونەتەوەییەکانی ئیتیکی پیشە لە ڕۆژنامەنووسییدا Inrernational Principle of Professional Ethics in Journalism. سەرلە نوێ دارِشتەوە(سەپان، 2005: ل ل 120-121).

لە هەرێمی کوردستاندا چەند هەوڵێک لەلایەن میدیاکارانەوە، دراوە بۆ ئەم مەبەستە. لەگەڵ ئەوەدا " تەبەنی کردنی پەیماننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان بەسە بۆ بوونی پەیماننامەیەک بۆ ڕێکخستنی پیشەیی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە ڕاستە ئەو پەیماننامەیە بە ئەندازەیەک و بەشێوەیەکی گشتی و تێر و تەسەل و گونجاوە، بەڵام هەندێ خاڵی گشتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گەڵاڵەکراون بۆ بوونی بەڵگەنامەیەکی لەو جۆرە بۆ کۆمەڵگایەکی خاوەن کلتورو بەهای تایبەتی کۆمەڵایەتی و تاینەتمەندییتی خۆی بەس نیە لەبەرئەوەی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردی لە پەیماننامەکە ڕەنگیان نەداوەتەوە" (ڕەسوڵ، 2009: ل4). گرنگترین پەیماننامەکانی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی بەم خاڵانەی خوارەوە دەست پێدەکات:

یەکەم: پاراستنی جەماوەر لە بەکارهێنانی نابەرپرسیارانەی ڕۆژنامەنووسی، ئەمەش بەکارهێنانی بۆ مەبەستی پروپاگەندە و چەواشەکردن و خەڵەتاندنی میدیایی دەگرێتەوە.

دووەم: پاراستنی میدیاکاران خۆیان لە ناچارکردنیان لەسەر کارکردن بە شێوازە نابەرپرسیارەکان، یان بە ڕێگایەک ناکۆک بێت لەگەڵ ئەوەی ویژدانیان پێیان دەڵێت.

سێیەم: پاراستنی مافی ڕۆژنامەنووسی لە گەیشتن بە هەموو جۆرەکانی زانیاری لەسەرچاوەکانیانەوە و بڵاوکردنەوەیان، جگە لەو زانیاریانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە کاروباری بەرگری و ئاسایشی نەتەوەییەوە پەیوەستن( سلێمان، 2022: ل85).

لە هەرێمی کوردستاندا بەڵێننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسان دەرچووە، کە هەر بەڵێننامەی شەرەفی فدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسانە و کراوە بە پاشکۆی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە 35ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان و پێکهاتووە لە دە خاڵی سەرەکی:(کوردستان، 2007: ل ل 22–23).

1. ئەرکی میدیاکار ، بریتییە لە ڕێزگرتن لە ڕاستی و مافی جەماوەر بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان.
2. جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی" میدیاکاران لە میانەی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیدا، هەموو کات داکۆکیی لە ئازادی دەکەن، ئەویش بە گواستنەوەی ڕاستیی و دروستی هەواڵەکان و بڵاوکردنەوەیان، هەروەها مافی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتنیان هەیە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.
3. ڕێگری دەکات لە میدیاکار ئەو هەواڵانە تەنیا بە پێی دڵنیابوونی لە سەرچاوەکان بڵاودەکاتەوە و بۆی نییە زانیاری گرنگ بشارێتەوە، یاخود بەڵگەنامەکان بشێوێنێ.
4. پێویستە میدیاکار بۆ بەدەستخستنی هەواڵ و وێنە و بەڵگەنامەکان، ڕێگەی دروست و ڕەوا بگرێتەبەر.
5. پیویستە میدیاکار ئەوپەڕی تواناو وزەی خۆی بەکاربهێنێت لە پێناو ڕاستکردنەوە و هەموارکردنی ئەو زانیاریانەی بەشێوەیەکی ناڕاست و نادروست بڵاوکراونەتەوە و خراپ و زیانبەخشن.
6. پێویستە میدیاکار ڕەچاوی پاراستنی نهێنییەکانی پیشەکەی بکات و سەرچاوەی ئەو زانیاریانە بپارێزێت کە داوای لێکراوە نەیدرکێنێ.
7. دەبێ ڕۆژنامەنووس هۆشداربێت لەو مەترسییانەی ڕەنگە لە ئاکامی ئەو جیاکاریی و ناکۆکییانەی بێتە ئاراوە، کە لەوانەیە بەهۆی میدیاوە ڕووبدات، هەروەها هەموو تواناکانی بخاتەگەڕ بۆ ڕێگرتن لەو بانگەشانەی، کە لەوانەیە بنەماکانی ڕەگەزپەرستی، یان نەژادی،

زمان، ئاین، یاخود بیروڕای سیاسی و هەر بیروباوەڕێکی دیکە، یان جیاوازی ناسنامە و بنەچەی کۆمەڵایەتی هەبێت.

8. دەبێت میدیاکار ئەوە باش بزانێت کە هەندێ کار و رەفتار، سنوربەزاندنی ترسناکی پیشەکەیەتی، لەوانە: ساختەکاری(انتحال) لێکدانەوە بە نیازی خراپ، تانەوتەشەر، تۆمەتی بێ بنەما و بەرتیل وەرگرتن بۆ بڵاوکردنەوەی ، یان ساردنەوەی زانیارییەکان.

9. ئەو میدیاکارانەی شایستەی ئەو پیشەیەن، پێویستە بڕوایان هەبێت، کە ئەرکی ئەوانە ڕەچاوی پاراستنی ئەو پرەنسیپانە بکەن کە باسکراون، ئەوەش لە چوارچێوەی یاسای گشتی هەر ولاتێک.

## دووەم: یاساکانی میدیا

### 2.1. چەمکی یاسا:

چەمکی یاسا لە پاڵ ئەوەی هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا و بەریەکنەکەوتنی تاکەکانی، لەهەمان کاتدا هۆکارێکی کاریگەری پێشکەوتنیشە چونکە ئەگەر یاسا ئەرکی پاراستنی بەهاکانی ئەمڕۆی لە ئەستۆدا بیت ئەوا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سبەینیش دەگۆڕێت، بەڵام بە پێی ئەو چەندیتییەی کە لایەنگری گۆڕانکەیە. بۆیە دەوترێت یاسا بونەوەرێکی زیندوەو لە نێو منالّدانی ململانیی کۆن و نویدا دروست دەبێو لەگەڵ گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکانیش دەگۆڕێت(فەوزی، 1998:ل30).

یاسا بریتی یە لە کۆمەڵێک بنەمای گشتگیر و ئەبستراکت کە دەسەڵاتی تایبەت بە یاسادانان لە هەر وڵاتێکدا دایدەڕێژێت بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کەسەکان و پەیوەست کردنیان بە شێوازێکی زۆرەکی بە پەیڕەوکردنی و پیادەکردنی، دەنا سەرپێچیکار سزا دەدرێت.(فەوزی، 2016: ل10).

بەو پێیە یاسا بریتییە لە کۆمەڵێک بنەما  لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا بەسەر خەڵکدا جێبەجێ دەکرێت بۆئەوەی ڕەفتارەکانی تاک لە کۆمەڵگەدا ڕێکبخرێت. (القاسم، 2003: ل6)
لە پێناسەیەکی تردا هاتووە  دەڵێت ئەو زانستەیە کە بە شێوازی زارەکی یاخود پراکتیکی، هەلسوکەوتەکان و پەیوەندیەکانی تاک ڕێکدەخات لەسەر شێوەی پابەندبوون بە کات و شوێنێ دیاریکراو، ئەم دەربڕینە  وەک یاسا لە زۆر وڵات بەکاردێت کە پێی دەوترێت یاسای باو لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و کاتێکی دیاریکراو. (الرفاعي، 2008: ل13).

بۆیە بەشێوەیەکی گشتی یاسا جێبەجێ دەکرێت بەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و هیچ کەسێک ناتوانێت بەبیانوی پشتگوێ خستنی لە بنەماکانی یاسا یان بانگەشەی ئەوە بکات ئاگاداری یاسا نییە، پێشێلی یاسا بکات. (عید، 2021: ل24)

له کۆی پێناسه و ناساندنەکانی چەمکی یاسا توێژەر ڕای وایه یاسا بریتییه له کۆمەڵێک بنەما و ڕێسای حوکمڕانی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە، کۆمەڵگە ناتوانێت بە سەرکەوتوویی بژیت ئەگەر تاکەکانی ملکەچی یاساکانی حوکمڕانی نەبن و هەرچی حەزیان لێبێت بێگوێدانه ئەرک و مافەکانیان بیکەن، ئەوە یاسایە کە ماف و ئەرکی تاکەکانی کۆمەڵگە دادەنێت و پێیانی دەناسێنێت و سزایەکی گونجاو دیاری دەکەن ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە سەرپێچیان لەو یاسا و ڕێسایانە کرد.

**2.2 یاسای میدیا:**

یاسا چووەتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانەوە، هەموو پیشە جیاوازەکان یاسای تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆیە پیشەی میدیا یاسای تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی کاری میدیا ڕێک بخات و میدیاکارانیش سنووری کارەکەی خۆیان بزانن. (ڕەسوڵ، 2013: ل27).

یاسای میدیا، ئەو یاسایەیە کە حکومەتەکان لەڕێگەیەوە میدیا بەشێوەیەکی گشتی ڕێکدەخەن، کە پرسەکانی سانسۆر، مافی چاپکردن، ناوزڕاندن، یاسای پەخش لەخۆدەگرێت. لە وڵاتانی دیموکراسیدا یاسای میدیا وەک کردەوەیەکی هاوسەنگکردن لە نێوان دوو بنەمای ناکۆکدا سەیر دەکرێت ئازادی ڕادەربڕین و ئەو سنووردارکردنانەی کە لە یاساکانی یاسای گشتیدا هاتووە، وەک لە پرسەکانی ناوزڕاندن و بەرژەوەندی نیشتمانیدا. (Chandler & Munday, 2020)

یاسای میدیا پاراستنی زانیاری و پەیوەندیە کەسیی و گشتیەکان ڕێکدەخات و ئەمەش بەشێک لەو مافە گشتیانە پێکدێنێت کە لەلایەن یاسای مەدەنی و یاسای تاوانەوە مسۆگەرکراوە واتە یاسای میدیا بە مانا گشتیەکەی کۆکراوەتەوە لە ئازادی بڵاوکردنەوە و پەخش وەک ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆن و دواتر لە بازنە نوێیەکاندا گەورەبوون وەک ئینتەرنێت.(القطیفان، 2013: ل10)

یاسای میدیا کۆمەڵێک پێوەری یاساییە بۆ ڕێکخستنی ئازادی ڕادەربڕین و کار و چالاکی میدیا و ئامرازەکانی، بەشێکە لە یاسا تایبەتەکان، کە چالاکی تاکەکان لە بوارێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا ڕێکدەخات.(عومەر، 2012: ل77)

لە سەدەکانی 16 بۆ 19 لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکوور مێژووی ڕیکخستنی میدیا یەکێک بوو لەو شۆڕشانەی دژی سنووردارکردنی بڵاوکردنەوە کە بە ناوی ئازادی سیاسی و مافەکانی مرۆڤەوە بەرپاکرا. بە ناوی بازرگانی و پیشەسازی چاپ و مافی نووسەرانەوە، ئازادی بڵاوکردنەوە بە گۆڕانی وردە وردە لە بەریتانیا و بە شۆڕش لە فەرەنسا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و وردە وردە لە ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی نەمسا و پروس لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا بەدیهات. (McQuail, 2010)

لە هەمان کاتدا مافی بڕیاردان و ئازادی ڕادەربڕین پەیوەستە بە کۆمەڵێک ماف و ئازادی سیاسی بنەڕەتی لە کۆمەلگە دیموکراتەکاندا، لە ڕێگەی پیادەکردنی ئەم مافە، دەرگاکانی ئاشکراکردنی گەندەڵی و نەهێشتنی قۆرخکاری سیاسی و ئابووری و پێشکەوتنی شوناسی سیاسی و ڕۆشنبیری بۆ تاکەکان دەستەبەردەبێت، ئازادی ڕۆژنامەگەری یەکێکە لە شێوازە هەرە باشەکانی مومارەسەکردنی ئازادی و گوزارشتکردن لە بیروڕا لەبەرئەوەی بەربڵاوترینیانە لە نێو جەماوەر، یەکێکە لە ئامرازە جەماوەرییەکان کە لە ڕێگەی نوسراو و بینراو خوێنراو لەم کۆتایەش ئینتەرنێت. مومارەسەی دەکەن. (نوار، 2004)

هەر لەبەرئەمەیە نهێنی پیشەی میدیا لە ویژدانی میدیاکارێکدا دەمێنێتەوە کە پابەندە بە جێبەجێکردنی یاسا و دەستووری ئیتیکی پیشەیی، چونکە میدیاکار نابێت لە ژێر هیچ جۆرە فشار و زۆرلێکردن و تەڵەیەک دابێت بۆ ئاشکراکردنی نهێنی کارەکەی و سەرچاوەی زانیاریەکانی، بۆیە لە حاڵەتێکی وادا میدیاکار پێویستی بە دەستەبەرکردنی گرەنتی یاسایی و سەندیکایی لە لایەک و بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و فەرهەنگیی و ڕۆژنامەوانیی لە لایەکی دیکەوە دەبێت. بۆیە پێویستە هەموو هەوڵەکان تەرخان بکات بۆ گەیشتن بە ڕاستی چونکە

گەورەترین شت کە بۆ میدیا و بەتایبەتی میدیاکار گرنگە ڕاستگۆیی خۆی و وردبوونی دەسەڵاتەکەیەتی لەسەر ئەو زانیاریانەی کە هەیەتی بەبێ لایەنگیری بەرامبەر بە کەسایەتی یان قەوارەیەکی دیاریکراو (الوندي، 2011)

دەستوور یاسا ڕادەسپێرێت بە دیاریکردنی سنووری ئازادی ڕادەربڕین لەسەر ئەو بیروبۆچوونانەی کە نابێت تێپەڕن بەسەر ئەو ڕووداوانەی کە ئاژاوەگێڕی و زیادەڕۆیی خراپ دروست دەکەن، یاسای میدیا دەستێوەردان دەکات لە ڕێکخستنی ئازادی و چەسپاندنی ئەو مەرج و کۆنترۆلانەی کە هەندێک سنوورداری تێدایە و پێی وایە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی گشتی پێویستە، ئەمە ڕۆڵی یاساکانی بڵاوکردنەوە وچاپکردن وڕۆژنامەگەری و میدیاییە بە شێوەیەکی گشتی (الحلو، 2006: ل18)

**2.3. پرەنسیپەکانی یاسای میدیا** : یاساکانی میدیا لەسەر دوو پرەنسیپی سەرەکی دانراون تاوەکو دەزگاکانی میدیا و میدیاکاران بتوانن کاری میدیای لەو ژینگەیەدا بکەن کە هەواڵ و زانیارییەکان دەگوازنەوە بۆ جەماوەر.

گرنگترین ئەو پرەنسیپانەی یاسای نێودەوڵەتی میدیای لەسەر دامەزراوە بریتیە لە پرەنسیپی ئازادی ڕۆژنامەگەری و پرەنسیپی ئازادانەی بەدەستهێنانی زانیاری، کۆڵەکە سەرەکیەکانی یاسای میدیایی نێودەوڵەتین کە گشتین و لەسەر بنەمای یەکسانی نێوان وڵاتان دامەزراوە، هەرچۆنێک بێت وڵاتانی جیهانی سێیەم ڕووبەڕووی ئاکار و کاریگەرییەکانی چالاکی میدیایی دەبنەوە ڕێگەیان پێدەدات لە هەر کوێیەک بێت دەستگەیشتنی ئازادانە بە هەموو گەلانی جیهانەوە هەبێت. (حافظ 2010: ل 11)

**2.3.1. پرەنسیپی ئازادی ڕۆژنامەگەری و میدیا:** مرۆڤایەتی، لەسەردەمە جیاوازەکاندا کۆششی ڕاستەقینەی کردووە بۆ گەیشتن بە ڕزگارکردنی مرۆڤ لە هەر فشار و دژایەتیکردنێک، بۆئەوەی ئازادبێت وگوزارشت لەخۆی بکات و هەرچۆنێک بخوازێ بژی و سوود لە دەستکەوتەکانی ژیان وەربگرێت. ئازادی ڕۆژنامەگەری لە پراکتیزەکردندا لە وڵاتێک بۆ یەکێکی

تر تەواو جیاوازە چونکە: هەندێک لە ڕژێمە سیاسیەکان پێیان وایە کە ئازادی ڕۆژنامەگەری و میدیا کۆڵەکەیەکە بۆ پیادەکردنی دیموکراسی و دەبێ بەیاسا ئەو ئازادییە بپارێزرێت. هەندێکی تر لەو ڕژێمانە، ئەو ئازادییە بە مەترسیدار دەزانن و بە یاسای تایبەت کۆت و بەندی دەکەن، چونکە باوەڕیان وایە(هیچ ئازادییەک بۆ دوژمنانی دەوڵەت لە ئارادا نیە!). (مەجید و ڕەمەزان، 2010: ل27)

ئازادی ڕادەربڕین مافێکی بنەڕەتی مرۆڤە لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا کە لە 30 مادده پێکهاتووە، لە مادەی 19ی پەیمانی نێودەوڵەتی مافی مەدەنی و سیاسی ئاماژەی بەئازادی بیروڕاو دەربڕین کردووە و دەڵێت" هەموو مرۆڤێک مافی ئازادی ڕادەربڕینی هەیە ئەم مافە ئازادی لەخۆدەگرێت بۆ گەڕان و وەرگرتن و تێپەڕاندنی جۆرەها زانیاری و بیروبۆچوون بۆ کەسانی تر بەبێ گوێدانە سنوورەکان" لە کاتێکدا جۆرەکانی ئازادی ڕادەربڕین کە بە یاسا قەدەغەکراوە لە ماددەی 20ی ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە، پەیماننامەی نێودەوڵەتی کار دەکات بۆ نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی جیاکاری ڕەگەزیی.(المجمر، 2020)

لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ئەوەی ئازادی ڕادەربڕین بکەینە واقیع دەبێت ژینگەیەکی ڕێکوپێک و یاسایی هەبێت کە ڕێگە بە دەرکەوتنی فرەبۆچوون و کەرتی میدیای کراوە بدات، هەروەها دەبێت ئیرادەیەکی سیاسی هەبێت بۆ پشتگیریکردن و پاراستنی بە یاسا. دەبێت یاسایەک هەبێت بۆ دڵنیابوون لە بەدەستهێنانی زانیاری، بەتایبەتی زانیاری لە بواری گشتی. لەلایەکی ترەوە پێویستە میدیاکاران شارەزایی پەروەردەیی پێویستیان هەبێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەخنەیی زانیاریەکان شی بکەنەوە و ئەو شتانە کۆ بکەنەوە کە بەکاریدەهێنن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، ئەم توخمانە پێکەوە لەگەڵ پابەندبوونی میدیاکاران بە بەرزترین ستانداردی ئیتیکی و پیشەیی کە لە لایەن پراکتیزەرەکانەوە دانراوە ، وەک پێکهاتەیەکی بنەڕەتی ئازادی ڕادەربڕین خزمەت دەکەن. لەسەر ئەم بنەمایە میدیا وەک دەستەیەکی چاودێری خزمەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات لەگەڵ دەسەڵاتداران و بڕیاردەران مامەڵەدەکات و لێشاوی زانیاری دەڕژێنێتە ناو کۆمەڵگە.(المتحدة، 2021)

له هەرێمی کوردستانی عێراقدا سەبارەت بە پرەنسیپی ئازادی ڕۆژنامەگەری و میدیا بە پێی یاسای ژمارە (35)ی ساڵی 2007 لە برگەی یەکەمی ماددەی 2 هاتووە دەڵێت (ڕۆژنامەگەری ئازادەو هیچ سانسۆرێکی لەسەرنییە و ئازادیی دەربڕین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاوڵاتیان دەستە بەرە، لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی ماف و ئازادییە تایبەتیەکانی تاکەکان و تایبەتمەندیی ژیانیان بەپێ ی یاسا و پابەند بوون بە ئێتیکی ڕۆژنامەگەری بەپێی بەلێننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان (ساڵی 1954 هەموارکراو) ، هەر لەهەمان ماددەدا هاتووە لە برگەی پێنجەمدا دەڵێ( ڕۆژنامە قەدەغەناکرێ و دەستی بەسەردا ناگیرێ)، بەڵام لە ڕاستیدا چەندین میدیاکاری کورد بەهۆی دەربڕینی بیروراکانیان سزادراون و چەندین کەناڵی میدیایی بەهۆی وتنی بابەتە میدیاییەکانیانەوە تووشی حاڵەتی داخستن و سزادان بوونەتەوە، کەواتە ئەم یاسایانە کە دانراون ئیرادەی جێبەجێکردنیان لاوازە.

**2.3.2 پرەنسیپی بەدەستهێنانی ئازادانەی زانیاری:** بەدەستهێنانی زانیاری، بووەتە مافێکیی بنەڕەتییو نکوڵی لێنەکراویی میدیاکاران، هەروەها ریزبەندی یەکەمی لەچوارچێوەی ماف و ئەرکەکانی میدیاکاراندا وەرگرتوە و لە ڕێکخستنی میدیا و ئازادی ڕادەربڕین و کاری میدیاییدا، گرنگی تایبەتی پێدراوەو مادەو برگەی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە. فەراهەمکردنیشی بۆ میدیاکاران، بنەمای گەرەنتی ئازادیی ڕۆژنامەوانیو مەرجی بنیاتنانو پێشکەوتنی ڕۆژنامەوانییەکی پرۆفێشناڵە.(عومەر، 2017)

لە دەستوری ژمارەیەک لە وڵاتاندا ئازادی زانیاری و مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان بە فەرمی دانی پێدانراوە، ئەم مافە یان بەشێوەیەکی ڕاشکاو و ئاشکرا لە دەستورەکاندا ڕەچاوکراوە، یاخود هەندێجار لە ڕاڤەی دادگای باڵای دەستوری وڵاتەکاندا بۆ ناوەڕۆکی بەندەکانی دەستور ئەو مافە بەڕەسمی دانی پێدانراوە، بۆیە سەرەتایترین بنەما لە هەر وڵاتێکی دیموکراتدا ئەوەیە کە هاوڵاتیانی بتوانن لە پاڵ پەرلەماندا چاودێربن بەسەر رەفتارەکانی

حکومەت و کاربەدەستانی وڵاتەوە، بەڵام ئەو چاودێرییە لە خۆڕا ناکرێت. مەرجی ئەو کارە دەستراگەیشتنی ئازادانەی هاوڵاتیانە بە زانیارییەکان(عەزیز، 2014).

بەردی بناغەی ئازادیی میدیاییە، دیارە زۆربەی زانیارییەکان لەلای دەسەڵاتی جێگیرکردن و دامودەزگایەکانی چنگ دەکەون، بۆ پیادەکردنی ڕوونی و شەفافیەت و بەشداریی لە بڕیارەکاندا دەبێ ئاسانکاریی بۆ میدیاکاران بکرێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و بڵاوکردنەوەیان و هێنانە ئارای بازاڕێکی کراوە بۆ قسە لەسەر کردنیان و گەیشتن بە زۆربەی ڕێکەوتنەکان لەسەریان، بۆیە مافی گەیشتن بە زانیاریەکان بووەتە مافێکی دەستووری زۆرێک لە وڵاتانی جیهان، کە باشترین نموونەیان(سوید)ە ئەو مافە بە یاسا جێگیرکراوەو لە ناویاندا مافی هاوڵاتی و میدیاکاران بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان دیاریکراوە.(مەجید&ڕەمەزان، 2010: ل39)

لە هەرێمی کوردستاندا ئەم مافە بە یاسا دانی پێنراوە و فەراهەمکراوە بۆ هاوڵاتیان و دەزگاکانی میدیا و میدیاکاران، ئەویش یاسای ژمارە(11) ی ساڵی 2013 یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان-عێراق دا، بەپێی ئەم یاسایە، هەموو هاوڵاتیەک چ سروشتی بێت یان مەعنەوی مافی ئاگاداربوون و بەدەستهێنانی زانیاری هەیە لە دامودەزگا گشتییەکانی هەرێم، لە یاساکەدا بە 18مادده ڕێکارەکانی داواکردن و وەڵامدانەوەو پێدانی ئەو زانیاریانەی داوا دەکرێت ڕێکخراون.

ڕای توێژەر وایە ئەم دو پرەنسیپە(ئازادی ڕادەربڕین و مافی بەدەستهێنانی زانیاری) لە واقعدا بەشێوەیەکی باش نەبووەتە ڕاستی لە هەرێمی کوردستان، چونکە بۆ دەستکەوتنی زانیاری یاخود دەربڕینی بیروڕای میدیاکارێک گەر هاتوو پێچەوانەی ڕای سیاسیەکان، کەسایەتییەکا، حزبەکان، لایەنەکانی هەرێم بوو ئەو کات ناتوانی بە ئازادی رای خۆت بڵێ و زانیاریت دەستبکەوێت.

## 2.4 یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان

گەشەکردنی کۆمەلگا و بەرەوپێشچوون لە ڕەوتی مێژوویی هەر گەلێک،بەندە بەئاستی جێبەجێکردنی یاسا، ڕێکخستنی کۆمەڵگە و دەرفەتی وەک یەک، پێشمەرجی دابینکردن و چەسپاندنی دادپەروەرییە، گەشکردن و بەرزبوونەوەی توانستیی تاک فاکتەری پابەندبوونی تاکە بەیاسا، هاوسەنگی ڕاگرتنی ( ئەرک– ماف) بنەمایە بۆ دروستکردنی ئیرادەی هاوبەش، کۆمەڵگە کاتێک لەڕەوتی گەشکردنی سروشتی خۆی لا نادا ئەگەر سەقامگیری سیاسی پشتیوانی سەرەکی سەقامگیری کۆمەلایەتی بێت، ئەگەر سەقامگیری سیاسی کۆنترۆڵی دۆخی یاسایی لەدەستدا ،پاشاگەردانی و تێچوونی هەلومەرجی کۆمەلایەتی دەبێتە دیفاکتۆ.(محەمەد، 2020)

بۆیە لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا، کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرکارن و کاریان پێدەکرێت و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە میدیاوە هەیە یاساکانیش بریتین لە :

### 1. یاسای سزادانی عێراق 1969:

یاسای سزادانی عێراقی ژمارە111ی ساڵی 1969 هەموارکراو کە لە 506 مادده پێکهاتووە، گشت ئەو کردارانەی دەستنیشان کردووە کە لەلایەن میدیاکارانەوە لە ڕێگای ڕۆژنامەوە ئەنجام دەدرێت و بەتاوان دادەنرێت لەگەڵ دیاریکردنی سزای هەر یەکێک لەو تاوانانە.

ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەرکارن و کاریان پێدەکرێ، بۆیە دادوەر لەو شوێنانەی کە لە یاسای ڕۆژنامەگەریدا نەهاتووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم یاساییە وەکو ئاکاری گشتی.

### 2. یاسای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن 1970:

بریتییە لە (یاسای دامەزراوەی گشتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن)ی ژمارە (42)ی ساڵی(1970) کە لە (18) مادده پێکهاتووە. هەروەها ڕێنمایی ژمارە (1)ی ساڵی(2014) ڕێکخستنی فریکوانسی

سپەیس لەهەرێمی کوردسان( مۆڵەتی کاری وێستەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) ئەم ڕێنماییە لە (10)ماددە پێکهاتووە پاڵپشت بە ماددەی دووەم/ برگەی9 لە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوای ژمارە 12ی ساڵی 2010و یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارەی 35ی ساڵی 2007 دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستانی عێراقدا کە ئاماژەی کردووە بە پێناسەی میدیاکار و ڕۆژنامەگەری، بەو پێوانەیەی کە ڕۆژنامەگەری بریتیە لە پیشەی کاری میدیاکاری لە دەزگا جۆراوجۆرەکانی میدیا و میدیاکاریش ئەو کەسەیە کە کارو پیشەکەی لەدەزگا جۆراوجۆرەکانی میدیادا ئەنجام دەدات، بڕیاردراوە بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە تا ئەو کاتەی یاساییەکی سەرتاسەری تایبەت بە ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا دەردەچێت کار بەو ڕێنماییە دەکرێت.

### 3. یاسای مافی دانەر 2012

یاسای مافی دانەر و مافە هاوسێکانی ژمارە(17)ی ساڵی (2012) لە هەرێمی کوردستان بەرکارە و لە(47)ماددە پێکهاتووە، سزای بەندکردن و غەرامەی پێشێلکارانی ئەو مافەی تێدایە یاسای مافی دانەر هەرچەندە بە یاسا بوونی هەیە بەڵام کاری پێناکرێت.

### 4. یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان 2004

یاسای ژمارە (40) ی ساڵی (2004) یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (4) ی ساڵی(1998)ی سەندیکای میدیاکارانی کوردستان ئەم یاساییە لە (27) ماددە پێکهاتووە، لەماددەی چوارەمی یاساکەدا هاتووە سەبارەت بە ئامانجی سەندیکا ( سەندیکا تێدەکۆشێ بۆ بەدیهێنانی ڕێزگرتن و داکۆکی لە ئازادیی ڕۆژنامەوانی و ئازادیی ڕادەربڕین، هەروەها داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەوانان و زامنکردنی پاراستنیان لە بەجێ هێنانی ئەرک،و فرمانیاندا، لەگەڵ ئەرکی دەستکەوتنی دەنگوباس و زانیاریەکانیان بۆ ئاسان بکات).

### 5. یاسای سندوقی خانەنشینی میدیاکارانی کوردستانی-عێراق 2001

یاسای ژمارە (13) ساڵی 2001ی سندوقی خانەنشینی میدیاکارانی کوردستانی-عێراق ئەم یاسایە لە 22 ماددەی یاسایی پێکهاتووە، مادەکانی ئەم یاسایە لەسەرەتادا باس لە دەستەی

سندوق و دەسەڵاتەکانی و داهاتەکانی دەکات، دواتر مەرجەکانی بەشداربوونی میدیاکارانی کوردستان و ئابوونەیان دەکات. لەگەڵ ماف و خرمەت و حوکمە گشتیەکانی میدیاکاران. بوونی یاسایەکی لەم جۆرە لە کوردستان دڵنیایی زیاتر دەدات بە میدیاکاران بۆئەوەی بە پرۆفیشناڵانەو بە شێوەی پیشەیی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات و پابەندبێت بە پیشەکەی.

### 6. یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن(تیرۆر) 2006

ئەم یاساییە لە (14) مادەی یاسایی پێکدێت لە هەرێمی کوردستان بۆ بەگژداچوونەوەی یاسایی هەر بابەت و وێنەیەک کە ببێتە مایەی تیرۆر و تۆقاندن، دوو بڕگەی گرنگ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر)ی ژمارە (3)ی ساڵی (2006ز)دا بۆ تاوانی (هاندانی تیرۆر لە میدیادا) تەرخان کراوە. لەم یاسایەدا هەردوو بڕگەی (2،4)ی ماددەی چوارەم تەرخانە بۆ ڕێگەگرتن لە سودی نیگەتیڤانەی میدیا لە ڕەوشی ئازادی رادەربڕین، واتا دەسەڵاتی دادوەریی و هەندێ لایەن بە پشتبەستن بەم یاسایە دەتوانن لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو دەزگا میدیانەدا بکات کە هەواڵی تۆقێنەر بڵاودەکەنەوە، چونکە هەندێکجار ڕێژەی زانیاری ڕاستیش لەم هەواڵ و بابەتانەدا لاوازن.

لە ماددەی (یەکەم)ی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2006)ی بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر)دا بەم چەشنە ئاماژە بۆ کردەی تیرۆریزم کراوە (کردەوەی تیرۆر بەکارهێنانی توندوتیژی سازدراوە، هەرەشەپێکردنیەتی، هاندانە بۆی، یان پێهەڵدانییەتی کە تاوانبار پەنای بۆ دەبات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی تاوانکاری، کەسێک یان کەسانێک پێی هەڵدەستن و تاکێک یان کۆمەڵە کەسانێک دەکەنە ئامانج، یان هەر بە ڕەمەکی ئەنجامی دەدەن بەنیازی نانەوەی تۆقاندن و ترس و شڵەژان و ئاژاوە لە نێو جەماوەردا، بۆ ئەوەی زیان بەسیستەمی گشتی بگات، ئارامی و ئاسایش و سەلامەتی کۆمەڵگا و هەرێم، ژیانی تاکەکەسان، سەربەخۆییان، پیرۆزییان، ئاسایشیان بخرێتە مەترسییەوە یان بۆ زیان پێگەیاندن بە ژینگە، بە یەکێک لە

سەرچاوە گشتییەکان، بە دەزگا، سامانی گشتی یان تایبەتییەکان، بۆ بەدیهێنانی هەندێ مەبەستی سیاسی، هزری، ئایینی، تایفەگەری یان ڕەگەزی."

### 7. یاسای ڕۆژنامەگەری 2007

یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە 35ی ساڵی 2007 ئەم یاسایە (14) ماددەیە، هەریەک لە ماددەکانی 1و2 باس لە پرەنسیپەکان و ماددەی (3)تا (5)مەرجەکانی دەرکردن و دەستبەرداربوون لە ڕۆژنامە دەکات، وەڵامدانەوەو ڕاستکردنەوە ماددەی شەشی بۆ تەرخانکراوە، هەرچی ماددەی (7) ماف و ئەرک و بەرپرسیارێتی میدیاکاران و دەزگاکانی میدیایی لەخۆگرتووە،ماددەکانی 8تاکو 12 لە پشتەوانە(حەسانە) پێکدێت. حوکمە کۆتاییەکان ماددەکانی 13 و 14 لەخۆدەگرێت. هۆیە پێویستەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە: "ئەمڕۆ ڕۆژنامەگەری لە کۆمەڵگەی کوردستانی و نێودەوڵەتیدا گرنگیەکی زۆری هەیە و ئاسۆییەکی فراوانی لە ئازادی لە بەردەمدایەو ، ئەمەش وای خواستووە یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربچێت تاکو کاری ڕۆژنامەگەری بە ڕوونی و پیشەیی و دەربڕینی بیروبۆچوونەکان بۆ بەشداری کردنێکی کاریگەر لە دامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی و ڕەخساندنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ئەم یاسایە دانرا".

### 8. بەڵێننامەی شەرەفی فدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان:

ئەم بەڵێننامەیە وەکو پاشکۆی یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنراوە، پشت بەم ڕاگەیاندراوە نیشتمانیە دەبەسترێت وەک پێوەرێک بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی پیشەی ڕۆژنامەنووسان کە بریتییە لە کۆکردنەوە و گواستنەوەو دابەشکردنی زانیاریەکان، سەرەڕای ئەوانەی کە لێدوان و بەدواداچوونیان لەسەر هەواڵەکان هەیە، لەکاتی باسکردنی ڕووداوەکاندا، ئەم بەڵێننامەیە لە(9) خاڵ پێکدێت.

### 9. یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن 2008:

یاسای ژمارە(6)ی ساڵی 2008، یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن پێکهاتووە لە (8) ماددە، ئەم یاساییە زیاتر جەخت لەسەر قسە کردنی تەلەفۆنی

و پەیوەندیەکانی پۆستەیی و ئەلیکترۆنی لە کاروبارە تایبەتەکان دەکات کە نابێ ڕێز و حورمەتیان بشکێندرێ

بە پێی ماددەی دووی یاساکە " هەرکەسێک ئەگەر بە خراپی تەلەفۆنی خانەیی ( موبایل ) یان ئامێرێکی پەیوەندی پەیوەندی کردنی تەلدار یان بێ تەل یان ئەنتەرنێت یان پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی هەڕەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن ( قذف ) یان جنێودان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو بەکارهێنا کە ترس پەیدا دەکات یان دزەی بە گفتوگۆ کردن کرد یان وێنەی چەسپاو یان جووڵاو یان کورتە نامەی بڵاوکردەوە کە لەگەڵ خورەوشتی گشتیدا ناگونجێ یان بەبێ روخسەت و مۆڵەت وێنەی گرت یان کاروبارێکی وا کە شەرەف بریندار بکات یان هانی ئەنجام دانی تاوان یان کاری بەدرەوشتی یان بڵاوکردنەوەی زانیاری پەیویست بە نهێنی ژیانی تایبەت یان خێزانی بۆ تاکەکان بڵاوبکاتەوە کە بەهەر ڕێگایەک بێت چەنگی کەوتبێت هەتا ئەگەر راستیش بن ، ئەگەر بە هۆی بڵاوکردنەوەیان و دابەشکردنیان سوکایەتی یان زیانیان پێ بگەیەنێت ، ئەوا بۆ ماوەیەک بەند دەکرێت ) حبس ( کە لە ( 6 ) مانگ کەمتر نەبێت و لە ( 5 ) ساڵیش زیاتر نەبێت وە بە غەرامەیەکیش سزا دەدرێت کە لە (1000000) یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (5000000) پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بە یەکێک لەو دوو سزایە سزادەدرێت "

هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان هیچ یاسایەک نیە تایبەت بێت بە میدیای نوێ ، بەڵام دەتوانرێت تاوانەکان و پێشێلکارییەکانی پیشەیی میدیا لە ژینگەی میدیای نوێ لەلایەن میدیاکارانەوە لە چوارچیوەی ئەم یاسایەدا جێگای بکەنەوە

**10. یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان 2013:**

یاسای ژمارە(11) ی ساڵی 2013 یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان-عێراق ، کە لە 22 مادده پێکهاتووە، ئامانجی ئەم یاساییە،تواناداركردن و ئاسانکاری کردن بۆ هاوڵاتیانی هەرێم کە پراکتیزەی مافی خۆیان بۆبەدەستهێنانی زانیاری بکەن کە لەلایەن دام و دەزگای گشتی و تایبەتەکاندا هەیە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاساییە، پشتگیری کردنی

پرەنسیپەکانی شەفافیەت و بەشداری کارا بۆ چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراتی ,دابین کردنی کەشێکی لەبارتر بۆ ئازادی ڕادەربڕین و پەخش و بڵاوکردنەوە.

هەموو ئەو یاسایانەی میدیا کە لەم تەوەرە خراونەتەڕوو بۆ میدیاکاران و دەزگاکانی میدیا دانراون، بەڵام لە هەرێمی کوردستان زۆرجار لە کاتی پێشێلکردنی پیشەیی میدیا لەلایەن میدیاکارانەوە ناگەڕێنەوە بۆ ئەو یاسایەی کە دەبێت لێپێچینەوەی میدیاکار لەم یاسایە بێت، بەڵکو وەکو کەسێکی مەدەنی لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت کە ئەمە کەمکردنەوەی گرنگی ئەو یاسایانە دەردەخات.

## 2.5 گرنگی یاساکانی میدیا بۆ میدیاکاران و دەزگاکانی میدیا

ئەوە سرووشتییە کە دەوڵەت بە یاسا بەڕێوەدەبرێت و یاسا لەسەرووی دەسەڵاتەوەیە و هیچ یەکێک لە توخمەکانی دەوڵەت لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسایی خۆی فەرمانڕەوا نییە و یاسا بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەموو تاکەکانی دەکات و و هەمووان لەبەردەم یاسادا یەکسانن، لەسەرووی هەر سێ دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی وڵات، میدیا وەک دەسەڵاتی چوارەم چاودێرە بەسەر کۆی چالاکی و دەسەڵاتەکانی ترەوە بۆیە ڕێکخستنی میدیا لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەنگاوێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئازادی میدیا و ڕۆژنامەگەری ،هەروەها بۆ پاراستنی مافی میدیاکاران و بەرەوپێشبردنی میدیای کوردی. کاریگەرترین ئامرازی ڕێکخستنی بەرژەوەندیە ناکۆک و دژەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە یاسایە، کە لە بنەڕەتدا دەیەوێت هاوسەنگی لە نێوان ماف و ئەرکەکانی خەڵکی ڕابگرێت لە ڕێگای دیاریکردنی سنوری مافەکانی هەر کەسێک و دەستنیشانکردنی ئەرکەکانیان بەجۆرێک پێشێلکار بخرێتە بەر لێپرسینەوەو سزاوە، بۆ میدیاکارانیش بەهەمان شێوەیە ئەم یاسایە.

لە ساڵی 1953 لیژنەی لاوەکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر ئازادی میدیا و ڕۆژنامەگەریی دەستوورێکی نێودەوڵەتیان بۆ میدیاکاران دەرکرد، ئازادی و بەرپرسیارێتیان هاوسەنگ کرد و داوایان لە میدیاکاران وهەموو میدیاکان کرد لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانیاندا بەدوای ڕاستییەکاندا

بچن، هەروەها پابەندی کردن بەخزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی نەک بەرژەوەندی تایبەتی و خۆبەدوورگرتن  لە بوختان و ناوزڕاندن و تۆمەتی بێ بنەما ، هەمان ڕێسای دەستووری کاری میدیایی لە زۆربەی وڵاتانی عەرەب یۆنسکۆ لە ساڵی 1983دا بەیاننامەی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی ئیتیکی ڕۆژنامەگەرییان زیاد کرد، کە بڵاوکردنەوەی زانیاری بە پەیامێکی کۆمەڵایەتی دادەنا نەک کاڵایەکی بازرگانی.(النقاش، 2021)

ڕیکخستنەوەی میدیا بە یاسا  کارێکی گرنگە بۆ میدیاکاران بۆ بەدیهێنانی خۆنووسینی ئارەزوومەندانەی میدیاکاران بۆ  پیشەی ڕۆژنامەگەری  و میدیا بۆئەوەی ببێتە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی بەرپرسیارێتی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیا ئەمەش لە ڕێگەی پابەندبوونی میدیاکاران بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگەدا.(العيساوي، 2016).

هەموو ئەم یاسایانەی بۆ میدیا دانراون لە خزمەتی ڕێکخستنی میدیا و پاراستنی میدیاکارانە لەو وڵاتە دیموکراتەکاندا کە لێرەدا گرنگی دانانی یاسا بۆ میدیاکان لە چەند خاڵێک کۆدەکرێنەوە:(حسونة، 2017: ل8)

1. پاراستنی ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی قسەکردن و ڕادەربڕین.
2. باشترکردنی لێپرسینەوە و کەمکردنەوەی گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی کەرتی ئاسایش.
3. کەمکردنەوەی سانسۆر
4. کەمکردنەوەی  سزا و  هێرشکردنە سەر میدیاکاران.
5. یارمەتیدان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هاوڵاتیان دەستیان بەو زانیاریانە بگات کە لەلایەن دەسەڵاتە سەرەکییەکانی ئاسایش و دادوەری و بەشەکانیان و دەزگاکانی چاودێریەوە لەبەردەستدایە.

### 2.6 مەترسیەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیا:

ئیتیک و یاسای میدیا گەرەنتی ئەوەن کە میدیا ببێتە ئامرازی خزمەتگوزاری گشتی نەک خزمەتکردن بە کەسانی کاریگەر و خاوەنی میدیا و میدیاکاران یان خودی میدیاکاران بەڵام

له نەبوونی سروشتی زۆرەملێی ئەم دەستوورانە لە لایەن میدیاکاران و ڕێکخراوەکانی میدیاوە پێشێلکاری و پابەندنەبوونی لێئەکەوێتەوە ئەمەش چەند مەترسیەکی هەیە:

1. **لاوازکرنی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان**: ئامرازەکانی میدیا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان وابەستەی بازرگانان و سیاسەتمەداران و کۆمپانیا ئابورییە گەورەکانن، بەو جۆرەش هەڵوێست و بۆچوونەکانیان ڕەنگدەدەنەوە لە دەزگا میدیایەکان، بەهۆی ئەوەی میدیا پێویستی بە لایەنێک هەیە پاڵپشتی دارایی بکات بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ئەم لایەنە داراییە زۆرجار دەزگاکانی میدیا پاڵپشتی بیروڕاو بۆچوونی بارزگانان و سیاسەتمەداران و کۆمپانیا ئابووریەکان دەکات، ئەمەش وادەکات کوالێتی ناوەڕۆکە میدیایەکان لاوازبن.
2. **میدیاکاران لە هەڵەی ئەخلاقی و پیشەییدا:** میدیاکاران لە هەواڵە وەرزشیەکان ، کۆمەڵایەتیەکان یاخود هەواڵی لادانە سێکسیەکان سەرکەوتنێکی گەورەی جەماوەری و داراییان بەدەستهێناوە بەهۆی ئەوەی زۆرجار میدیاکاران چوونەتە نێو ژیانی تایبەتی کەسەکان لەسەر حسابی بەهاکانی پیشە و هەندێجار لەسەر حسابی یاسای میدیا.
3. **گەندەڵی میدیاکاران:** خەڵک ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گلەی لە میدیاکاران هەیە کەمی بەڕازیبوون و وەرگرتنی دەرماڵەی جۆراوجۆر و دیاری و ئیمتیازاتی جۆراوجۆر لەلایەن کەسایەتیە سیاسیەکان، لایەنە سیاسیەکان..ئەمەش وادەکات زانیاری و بڵاوکراوەکانیان لە بەرژەوەندی ئەوان دابێت و متمانەی جەماوەر لە دەست دەدات.
4. **نەمانی ڕێز لە بەهامرۆڤایەتیەکان:** زۆربەی خەڵکی میدیاکاران و دەزگاکانی میدیا بەگشتی بەتۆمەتی درۆکردن یان بەبڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەکی دادوەریی تەواونەکراو کە تۆمەتی تاوانیان تێدابووە،میدیاکاران تۆمەتباردەکەن بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ناپەسەندی قوربانیانی تاوان و زیندانیانی جەنگ و پاشماوەی قوربانیانی ئەو بۆردومانانەی کە بینەرانی توشی شۆک دەکەن، هەموو ئەمانە مەترسی پابەندنەبوونی میدیاکارانە بە ئیتیک و یاسای میدیا. (صدقە، 2009 : ل ل 27-39).

بەشێک لە میدیاکارانی هەرێمی کوردستان لە نێو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بەشێوەیەکی دیار ئەم پابەندنەبوونانەیان پێوە دیارە و ڕۆژانە بەبەردەوامی دووبارەی دەکەنەوە، بەتایبەت هەواڵەکانی بڵاوکردنەوەی قوربانیانی تاوان و زوو بڕیاردان و پیشاندانی ئەنجامدانی تاوانەکان، کە ئەمە وێنەیەکی ناشرینی میدیا پیشان بە جەماوەرەکی دەدات و وادەکات متمانەی لەدەستبدات.

## 2.7 ئاستەنگییەکانی پابەندنەبوون بە ئیتیک ویاسا لەلایەن میدیاکارانەوە

دەزگاکانی میدیا لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان و لەلایەکی ترەوە میدیاکاران لە ماوەی ئەرکەکەیاندا لەلایەن چەندین لایەنی جیاوازەوە لەژێر فشاری جۆراوجۆردان کە ئامانجی سەرەکیان بەکارهێنانی دەزگای میدیایە بۆ بەرژەوەندی تەسکی و کەسی لەسەر حسابی میدیای بەرپرسیار و بابەتی و ڕاستگۆ.

لێرەدا کۆمەڵێک ئاستەنگی هەن بونەتە هۆکاری ئەوەی میدیاکار پابەندی پرەنسیپەکانی ئیتیک ویاسای میدیا نەبێت ئەوانیش:

1. پەینەبردن و ڕەچاونەکردنی بنەما زانستیەکانی میدیایی وبنەماکانی ئیتیک و یاسا و زاڵکردنی لایەنی بازرگانی بەسەر لایەنی پیشەیبوونەوە لەلای دەزگامیدیاییەکان ومیدیاکارانەوە.
2. بوونی کەموکوڕی لە ژینگەیی کاری میدیاییدا کە وایکردووە پابەندنەبن ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر دوو هۆکار:

   **یەکەم:** نەبونی یاساگەلێ کە ئازادیی کاری میدیایی زامن بکات.

   **دووەم:** نەبوونی سەلامەتی گیانی میدیاکاران لە ماوەی ئەرکی میدیایی.
3. ساز و ئامادەنەبوونی خودی میدیاکاران لە ڕێزگرتن و پابەندبونیان بە بنەماو پرەنسیپەکانی پیشەییبونەوە.

4. هۆشیاری یاسایی میدیاکار یەکێکی ترە لەو ئاستەنگیانەی بەردەم کاری میدیا و میدیاکاران بووەتە هۆی پابەندنەبوونیان بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسا لە هەرێمی کوردستان. (قانع، 2016: ل46)

5. ناسەربەخۆیی دارایی: یەکێکە لە ئاستەنگیەکانی بەردەم پیشەیبونی میدیا و بەمەش میدیا لە پیشەیبون خاڵی ئەبێەوە، یان بە بوونی میدیا لە دەستی حزبێک یان سەرمایەدارێک کە ئەجێندای سیاسی یان ئابووری دیاریکراوی هەیە، یانیش نەبونی یاسای ڕێکلام، هەندێجار میدیا ناچاردەکات سازش بکەن بۆ هەندێ لەو کۆمپانیایانەی بەردەوام ڕیکلامەکانیان بڵاودەکەنەوە، ئەمەش لە ترسی لە دەستنەدانی داهاتی ڕیکلام، لایەکی تری ئەم ئاستەنگیە بەرژەوەندی دارایی میدیاکارانی ناو دامەزراوە میدیایەکان، وا لە میدیاکاران دەکات بۆ لەدەستنەدانی پیشەکەیان "موجامەلە"ی خاوەن کەناڵەکەیان بکەن و ئەو کارە نامیدیایانە بکەن کە زیانیان بۆ سەر بابەتیبون و پیشەییبونی میدیایی هەیە.(زهار، 2015)

بەڕای توێژەر لە هەرێمی کوردستان زۆرجار ناتەواوی خودی یاساکانی میدیایە بوونەتە هۆکار بۆئەوەی میدیاکارانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بەتەواوی پابەندنەبن، چونکە یاسای ڕۆژنامەگەری پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە بەجۆرێک ببێتە یاسایەکی گشتگیر بۆ هەموو پلاتفۆرمەکانی میدیا.

## 2.8. جیاوازی نێوان ئیتیک و یاسای میدیا

لە کۆی هەموو ئەو باسانەی لە سەر ئیتیکی میدیا و یاساکانی میدیا بوون لەم توێژینەوەیە، وەکو بەرچاو ڕوونیەک ئەم دوو چەمکە لەگەڵ ئەوەی گرێدراوی یەکن بەڵام جیاوازن لە هەندێ خاڵ و لایەنەوە، لێرەدا جیاوازی نێوان ئەم دوو چەمکە دەخرێتە ڕوو:

1. ئیتیک زیاتر گرنگی بەلایەنی دەروونی و ویستەکانی مرۆڤ دەدات کە لە ناخی دایە، بەسەربەخۆ لە ڕەفتارە دەرەکیەکانی. بەڵام یاسا گرنگی بە ڕەفتاری دەرەکی کەسەکان

دەدات تەنانەت هەندێ جار بەچاوپۆشین لە ویست وپاڵنەرەکانی ئەو کەسە. مەگەر ئەو ویست وپاڵنەرە پەیوەندیەکی کاریگەری بە ڕەفتارە دەرەکیەکەوە هەبێت.( عباس، 1998:ل21).

2. ئیتیک کۆمەڵە بنەمایەکی ڕێژەییە و بە گۆڕانی کات و شوێن تەنانەت لە ناو یەک وڵاتیشدا هەندێکجار دەگۆڕێت. چونکە پشتی بەستووە لەوەی لە هزری مرۆڤەکاندایە بە چاکەو خراپە. بەڵام یاسا لە چوارچێوەی وڵاتێکدا لەهەموو ناوچە و سنورێکی ئەو وڵاتە وەک یەکەو دەبێ جێبەجێبکرێت. .( فەوزی، 2016: ل71).

3. ئیتیکی میدیا بریتییە لە کۆمەڵێک پرەنسیپی ئەخلاقی پیشەیی کارکردن، کە میدیاکاران و کەناڵەکانی میدیا لە کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگە، پەنای بۆ دەکەن، بەڵام یاسای میدیا بریتییە لە کۆی ئەو بەند و ماددانەی، کە پیشەی میدیایی بە شێوازێکی گشتگیر و ئەبستراکت و زۆرەکی (بە زۆر، واتا بە حکومی یاسا) ڕێکیدەخەن.

4. سزای سەرپێچی کردنی ئیتیک بریتی یە لە سەرزەنشتی خەڵکی و هەندێک جاریش ئازار پێگەیشتنی ویژدانی سەرپێچیکار. واتە لە ڕووی سروشتەوە بریتی یە لە سزای ئەدەبی، وەکو نموونەی خو سوتاندنی پەنابەرە ڕۆژهەلاتیەکەی کوردستان کاتێک لەبەدەم UN ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و خۆی سوتاند، لێرەدا میدیاکاران و دەزگاکانی میدیا بە ڕاستەوخۆ دیمەنەکانیان گواستەوە، هەرچەندە لە ڕووی یاساییەوە هیچ سزایەک نەدراون، بەڵام خەڵکانێکی زۆر ڕەخنەیان لە میدیاکارەکان گرت، تاکو ئەو کاتەی میدیاکارەکان خۆیان ڕوونکردنەوەیان دا، کەواتە ئەمە سزایی ئەدەبیە.بەلام سزایی سەرپیچی یاسایی بریتییە لە قەرەبووکردنەوەی کەسی قوربانی لەلایەن ئەو میدیاکارەی سەرپێچیەکەی ئەنجامداوە.

5. سەرچاوەی ئیتیک بریتییە لە کۆمەڵگا و ڕەوشتی خەڵکەکەی، بۆیە هەمیشە یان زۆربەی کات نەنوسراوەتەوە، بەڵام سەرجاوەی دروستکەری یاسای بریتی یە لە دەسەڵاتی گشتی کە هەندێکجار جیاوازە و هەندێکجاریش گونجاوە لەگەڵ ڕەوشتی کۆمەڵگا. بێگومان دەسەڵاتی گشتیش یاساکان بە نوسراوی دەردەکات تا زیاتر کاریگەربێت و باشتر جێبەجێ بکرێت.(فەوزی،2016: ل 72).

# بەشی چوارەم

## پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی

### دووەم: خستنەڕووی زانیاریەکانی پرسیاری چاوپێکەوتن

**تەوەری یەکەم: شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی و خستنەڕووی زانیارییەکانی توێژینەوە**

ئەم تەوەرە باس لە ئەنجامدانی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە دەکات کە فۆرمی ڕاپرسیە، ئەم فۆرمە لە پێنج تەوەر پێکهاتووە و دابەشی سەر 200میدیاکاری ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەکان کراوە، ئەو ماڵپەرانەی توێژەر توانیویەتی دەستی پێیان بگات فۆرمەکە بەشێوەی دانەدەست بردراوە، بەڵام ئەوانی تر بەشێوەی فۆرمی ئەلیکترۆنی بۆیان ڕەوانەکراوە و وەڵامەکان بە چەندین ڕێگای جیاواز شیکردنەوەی داتاو زانیاری بۆکراوە:

**یەکەم: خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

**1. ڕەگەز:**

**خشتەی (1) ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| ڕەگەز | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 138 | %69.00 |
| مێ | 62 | %31.00 |
| کۆی گشتی | 200 | %100 |

لەم خشتەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێرن، کە بە ڕێژەی (69%) لە پلەی یەکەمدایە. ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (31%) لە پلەی دووەمدایە.

هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کوردستان میدیاکاری ڕەگەزی نێر، لە مێ زیاترن و ڕەگەزی مێ کەمتر دەردەکەون لە میدیای نوێ خاڵێکی دیکە کەمتەرخەمی ڕەگەزی مێیە لە گەڕاندنەوەو پڕکردنەوەی فۆرمەکە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی و دانەدەستی ڕاستەوخۆ.

## 2. تەمەن:

**خشتەی (2) تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| تەمەن | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕێکخستن |
|---|---|---|---|
| 18- 25 | 50 | %25.00 | 2 |
| 26-33 | 84 | %42.00 | 1 |
| 34-41 | 44 | %22.00 | 3 |
| 42-49 | 19 | %9.50 | 4 |
| زیاتر لة 50 | 3 | %1.50 | 5 |
| کۆی گشتی | 200 | %100 | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، زۆرینەی نموونەی توێژینەوە، تەمەنیان لە نێوان(33-26)ساڵیدایە، کە بە ڕێژەی (42%) پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (18-25) دایە، بە ڕێژەی(25%) لە پلەی دووەمدایە، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (34-41) ساڵیدان، بە ڕێژەی (22%) لە پلەی سێیەمدا دێت، کەچی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (42-49) ساڵیدایە بە ڕێژەی (9.50%) لە پلەی چوارەمدایە. ئەوانەی کەمترین ڕێژەیان هێناوە، تەمەنیان لە (50) ساڵی زیاترە، کە بە ڕێژەی (1.50%) خۆی لە کۆتا پلە دەبینێتەوە.

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت، ئەو گۆڕاوەی لە پلەی یەکەم دێت، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە میدیاکاران لەو تەمەنەدا گەنجن و بایەخ بە توانا و پیشەکەیان دەدەن و زیاتر شارەزایی تەکنۆلۆجیا و ئامرازە نوێیەکانی میدیان.

### 3. ئاستی خوێندن:

**خشتەی (3):ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە:**

| ئاستی خوێندن | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیکخستن |
|---|---|---|---|
| سەرەتایی | 1 | %0.50 | 7 |
| ئامادەیی | 12 | %6.00 | 4 |
| دبلۆمی هونەری | 42 | %21.00 | 2 |
| بەکالۆریۆس | 116 | %58.00 | 1 |
| دبلۆمی باڵا | 7 | %3.50 | 5 |
| ماستەر | 18 | %9.00 | 3 |
| دکتۆرا | 4 | %2.00 | 6 |
| کۆی گشتی | 200 | %100 | |

لەم خشتەیەدا ئاستی خوێندنی ئەو میدیاکارانە ڕوون دەکاتەوە کە فۆرمەکەیان گەڕاندەتەوە، بەو پێیەی دەرکەوت کە زۆرینەیان هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) بوون، کە لە ڕووی ڕێژەی بەشداریکردنەوە پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە، بە ڕێژەی (58%)، دواتر بڕوانامەی (دبلۆمی هونەری) پلەی دووەمی هێناوە بە ڕێژەی (21 %) ، بڕوانامەی ماستەر بە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (9.00%)، هەرچی بڕوانامەکانی ترە ڕێژەیەکی زۆر کەمیان بەدەستهێناوە.

لێرەدا دەردەکەوێت کە زۆرینەی میدیاکاران هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) و (دیبلۆم)ن، بە ڕێژەی بەشداریکردنیان (79%)، ئەمەش وادەکات تێگەیشتنیان بۆ بابەتی توێژینەوەکە زیاتر بێت و ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر کوالێتی ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن ئەو دوو پۆلەوە دەدرێت بە جەماوەر، لە کۆتایدا ئەنجامی توێژینەوەکە دەتوانین پشتی پێببەستین بەوەی کە وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە.

### 4. ئەزموونی کارکردن:

**خشتەی ژمارە (4) ئەزموونی کارکردنی میدیاکار لە بواری میدیادا ڕوون دەکاتەوە**

| ئەزموونی کارکردن لە بواری میدیا | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| 1-5 | 81 | %40.50 | 1 |
| 6-10 | 51 | %25.50 | 2 |
| 11-16 | 46 | %23.00 | 3 |
| 17-22 | 15 | %7.50 | 4 |
| زیاتر لە 23 | 7 | %3.50 | 5 |
| کۆی گشتی | 200 | %100 | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە زۆربەی میدیاکاران ئەزموونی کارکردنیان لە بواری میدیا لە نێوان (1-5) ساڵدایە بە ڕێژەی (40.50%) لە پلەی یەکمدایە، ئەو میدیاکارانەی پلەی دووەمیان بەدەستهێناوە کە ئەزموونی ساڵەکانی کارکردنیان دەکەوێتە (6-10) ساڵ بە ڕێژەی (25.50%) ، دواتر پلەی سێیەمی ئەم میدیاکارانەی ئەزموونی کارکردنیان لە(11-16) ساڵدایە بە ڕێژەی (23%).سەبارەت بە دوو پۆلەکەی دیکە، ڕێژەکانیان کەم بوون، لەم زانیارییانەی کە باسکران بۆمان دەرکەوت کە زۆربەی میدیاکاران ئەزموونیان لە یەک ساڵی تاکو پێنج ساڵی هەیە، و ئەمەش بە ئەزموونێکی کەم دادەنرێت، بەڵام ئەم گروپە بە یەکێک لە گروپە گەنجەکان و دەرچووانی میدیای نوێ دادەنرێت و دەتوانن زیاتر سوود لە ئامرازە نوێیەکانی میدیا وەربگرن، بە بەراورد بەو گروپانەی کە ئەزموونێکی زۆریان هەیە و توانای پەیوەندی کۆمەڵایەتییان نییە. لە لایەکی دیکەوە دەتوانرێت بگوترێ کە زۆرینەی میدیاکاران خاوەنی زانیاری باشن کە ڕەنگدانەوەی لەسەر داتاکانە و هەربۆیە کاریگەری ئەرێنی لەسەر کوالیتی ئەنجامەکان دەبێت بەو پێیەی گەنجن، بەو واتایەی ئەم گروپە بە چالاکیی و زیندوویی،

زانیاری باشیان لەسەر تەکنەلۆژیا هەیە بە بەراورد لەگەڵ پۆلەکانی تری ئەزموونی کارکردن لەبواری میدیادا

**دووەم: خستنەڕووی زانیارییە تایبەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە:**

ئەم بەشە وەسفی تەوەرەکانی توێژینەوەکە لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە دەکات، ئەویش بە دابەشکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوە بەسەر ئەم چوار تەوەردا:

**خشتەی (5): گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| تەوەرەکانی توێژینەوە | گۆڕاوەکانی توێژینەوە | دەستەواژەی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکە | |
|---|---|---|---|
| | | تەوەر | برگە |
| تەوەری یەکەم: پرسیارە گشتییەکان | ڕەگەز ، تەمەن، ئاستی خوێندن، ئەزمونی کارکردنت لە بواری ڕاگەیاندندا | ------ | ------ |
| تەوەری دووەم | ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا | X1 | X1.1-X1.13 |
| تەوەری سێیەم | ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە | X2 | X2.1-X2.9 |
| تەوەری چوارەم | بەربەستەکانی بەردەم پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای ڕۆژنامەوانی | X3 | X3.1-X3.14 |
| تەوەری پێنجەم | دەرهاویشتەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای ڕۆژنامەوانی | X4 | X4.1-X4.11 |

**1. وەسفکردنی تەوەری (ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا):**

بڕگەکانی ئەم تەوەرەیە بریتیە لە:

1.میدیاکار پشت بە سەرچاوە نادیارەکان نابەستێت.

2. میدیاکار ئەو شتانە بڵاوناکاتەوە هاندان بێت دژی حزبێکی سیاسی یان گروپێکی ئاینی و مەزهەبی.

3. میدیاکار ئەو شتانە بڵاودەکاتەوە زیان بە ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی دەگەیەنێت.

4.ئەو زانیارییانە بڵاوناکاتەوە هاندان بێت بۆ ڕەگەزپەرستی و تایفەگەری.

5. میدیاکار ڕەچاوی داب و نەریتی کۆمەڵگە دەکات.

6. میدیاکار پابەندی نەدرکاندنی سەرچاوەی زانیاریەکان دەبێت لە رووماڵی ڕووداوەکاندا.

7. میدیاکار لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا پابەندە بە ڕاست و دروستی زانیارییەکان.

8. میدیاکار پشت بە سەرچاوەی زانیاری جۆراوجۆر دەبەستێت

9. میدیاکار بابەتەکانی هەواڵ جیادەکاتەوە لە ڕاوبۆچوونی خۆی.

10. میدیاکار پابەندنییە بەخستنەڕووی ڕاوبۆچوونی جیاواز بەشێوەیەکی یەکسان.

11. میدیاکار وەک پێویست ئاماژە نادات بە ناوی ئەو سەرچاوانەی زانیاری لێوەرگرتووە،

12. ئەو زانیارییانە بڵاوناکاتەوە زیان بە بەرژەوەندی نیشتیمانی دەگەیەنێت.

13. میدیاکارئەو زانیارییانە بلاوناکاتەوە پێشێلی مافی تایبەتمەندیی کەسەکان دەکات. بڕوانە خشتەی ژمارە(6)

**خشتەی (6) : ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا**

| پرسیارەکان | دووبارەبوونەوە | بەتەواوی هاوڕام 1 | هاوڕام 2 | نازانم 3 | هاوڕانیم 4 | بەتەواوی هاوڕانیم 5 | ناوەندنی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون | ڕێکخستن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| X1.1 | دووبارە | 29 | 58 | 11 | 86 | 16 | 2.99 | 1.28 | 59.80% | 7 |
| | % | 14.50% | 29.00% | 5.50% | 43.00% | 8.00% | | | | |
| X1.2 | دووبارە | 17 | 42 | 12 | 82 | 47 | 2.50 | 1.29 | 50.00% | 13 |
| | % | 8.50% | 21.00% | 6.00% | 41.00% | 23.50% | | | | |
| X1.3 | دووبارە | 49 | 52 | 21 | 52 | 26 | 3.23 | 1.41 | 64.60% | 3 |
| | % | 24.50% | 26.00% | 10.50% | 26.00% | 13.00% | | | | |
| X1.4 | دووبارە | 31 | 47 | 18 | 61 | 43 | 2.81 | 1.41 | 56.20% | 10 |
| | % | 15.50% | 23.50% | 9.00% | 30.50% | 21.50% | | | | |
| X1.5 | دووبارە | 24 | 49 | 20 | 71 | 36 | 2.77 | 1.33 | 55.40% | 11 |
| | % | 12.00% | 24.50% | 10.00% | 35.50% | 18.00% | | | | |
| X1.6 | دووبارە | 22 | 78 | 24 | 51 | 25 | 3.11 | 1.26 | 62.10% | 6 |
| | % | 11.00% | 39.00% | 12.00% | 25.50% | 12.50% | | | | |
| X1.7 | دووبارە | 40 | 42 | 12 | 84 | 22 | 2.97 | 1.37 | 59.40% | 8 |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | 11.00% | 42.00% | 6.00% | 21.00% | 20.00% | % | |
| 1 | 69.50% | 1.31 | 3.48 | 15 | 50 | 10 | 75 | 50 | دووباره | X1.8 |
| | | | | 7.50% | 25.00% | 5.00% | 37.50% | 25.00% | % | |
| 4 | 62.60% | 1.32 | 3.13 | 21 | 67 | 10 | 69 | 33 | دووباره | X1.9 |
| | | | | 10.50% | 33.50% | 5.00% | 34.50% | 16.50% | % | |
| 5 | 62.30% | 1.22 | 3.12 | 17 | 61 | 30 | 66 | 26 | دووباره | X1.10 |
| | | | | 8.50% | 30.50% | 15.00% | 33.00% | 13.00% | % | |
| 2 | 69.10% | 1.17 | 3.46 | 9 | 47 | 26 | 80 | 38 | دووباره | X1.11 |
| | | | | 4.50% | 23.50% | 13.00% | 40.00% | 19.00% | % | |
| 9 | 56.30% | 1.43 | 2.82 | 45 | 57 | 22 | 42 | 34 | دووباره | X1.12 |
| | | | | 22.50% | 28.50% | 11.00% | 21.00% | 17.00% | % | |
| 12 | 54.60% | 1.46 | 2.73 | 49 | 64 | 13 | 40 | 34 | دووباره | X1.13 |
| | | | | 24.50% | 32.00% | 6.50% | 20.00% | 17.00% | % | |
| | 60.15% | 0.72 | 3.01 | 371 | 833 | 229 | 740 | 427 | دووباره | X1 |
| | | | | 14.27% | 32.04% | 8.81% | 28.46% | 16.42% | % | |
| | | | | 44.88% | | | 46.31% | | کۆی گشتی | |

ئەنجامی خشتەی ژمارە(6) ئاماژە بۆ ( دابەشبوونە دووبارەبووەکان، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی) دەکات بۆ وەڵامەکانەوەکان بەرامبەر بە دەستەواژەکانی(-x1.1 x1.13) کە تایبەتە بە شیکردنەوەی وەڵامی بەرتوێژانی توێژینەوەکە بەرامبەر تەوەری( ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا )، کە بە لای ناهاوڕابوون دەشکێتەوە ، چونکە ڕێژەکان  بە گوێرەی ئاماژەی گشتی ئەوەمان پیشان دەدەن (44.88%) وەڵامی بەرتوێژان لەم توێژینەوەیە هاوڕابوون لەسەر ئەو ڕستە و پێوەرانەی کە لە خۆی گرتووە. لەبەرامبەر ئەوەدا بە ڕێژەی (46.31%) ناهاوڕابوون لەگەڵ ناوەڕۆکی دەستەواژەو برگەکانی ئەم تەوەرە، واتە میدیاکاران پابەند نابن بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا بە شێوەیەکی ڕێژەیی، ئەمە لەلایەک، وە لەلایەکی تر سەرنجی ئەوە دەدەین کە هەردوو ڕێژەی هاوڕابوون و هاوڕانەبوون نزیکن لەیەکتری، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ڕای میدیاکاران سەبارەت بە برگەکانی ئەم تەوەرە بەرەو بێلایەنی دەڕوات. وە ڕێژەی هاوڕابوون لە ڕەهەندی ناوبراو (60.15%)ە، ناوەندی ژمێرەیی (3.01)، لادانی پێوانەیی (0.72) هاتووە، ئەم ئەنجامە بەراییە ئاماژە بەوەدەکات کە میدیاکاران پابەندنەبوون بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا، بە گوێرەی دەستەواژە و ڕستەکانی برگەی ئاماژە پێکراو وەکو ئاماژەیەکی  بەشی وایدەبینین کە بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون بریتییە لە دەستەواژەی(x1.8)  لەسەر ئەو برگەی (میدیاکار پشت بە سەرچاوەی زانیاری جۆراوجۆر دەبەستێت)، کە ڕێژەکەی گەیشتە (69.50%)، ناوەندی ژمێرەیی (3.48) ، لادانی پێوانەیی(1.31) ، لە کاتێکدا کەمترین ڕێژەی (هاوڕانەبوون) لەسەر ئاستی دەستەواژەی  (x1.2)  لەسەر ئەو برگەی(میدیاکار ئەو شتانە بڵاوناکاتەوە هاندان بێت دژی حزبێکی سیاسی یان گروپێکی ئاینی و مەزهەبی). بە ڕێژەی (% 50)، ناوەندی ژمێریاری (2.50) و لادانی پێوانەیی(1.29).

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا لەلایەن میدیاکارانەوە ڕێژەییە، واتە هەندێکیان پابەندن و هەندێکیان پابەندنین.، بەڵام ڕێژەی پابەندنەبوونیان زۆرترە.

پابەندن لە پشتبەستنیان بە سەرچاوەی زانیاری جۆراوجۆر، بەڵام پابەندنین لە ئاماژەدان بە ناوی ئەوسەرچاوانەی زانیارییان لێوەرگرتووە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر ئەو شتانە بڵاودەکەنەوە زیان بە ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی دەگەیەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شتانە بلاودەکاتەوە هاندان بێت دژی حزبێکی سیاسی یان گروپێکی ئاینی و مەزهەبی.

### 1. ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە

دەستەواژەکانی ئەم باسە بریتین لە : 1. میدیاکاران پابەندن بە بەدواداچوونی پرسە گرنگەکانی پەیوەست بە تاک و کۆمەڵگەی کوردییەوە.

2. میدیاکاران بەر لە دڵنیابوون لە شوناسی قوربانیان، ناوەکانیان بڵاوناکەنەوە.

3. میدیاکار وێنەو ناوی ئەو منداڵانەی پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە یان کارێکی دژ بە یاسایان ئەنجامداوە بلاودەکاتەوە.

4. میدیاکار پابەندە بە بڵاونەکردنەوەی وێنەی قوربانبان بە شێوەیەک کاریگەری خراپ لەسەر هەستی کاسوکاریان دروست نەکات.

5. میدیاکار ڕێز لە مافی رەخنەگرتن و ئازادی ڕاوبۆچوون دەگرن.

6. میدیاکار پابەندنابێت بە مافی وەڵامدانەوە و ڕاستکردنەوە.

7. میدیاکار پابەندە بەبڵاونەکردنەوەی ناوزڕاندن و خراپە خستنەپاڵ و جنێودان.

8. میدیاکار ڕێگە نادات بە بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی پەیوەندی بەکاری دادوەرییەوە هەیە تاوەکو دەرچوونی حوکمی کۆتایی.

9. میدیاکار ڕێز لە تایبەتمەندی هاوڵاتی و فەرمانبەری گشتی دەگرێت. بڕوانە خشتەی ژمارە (7).

**خشتەی ژمارە (7) : ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە بەرپرسیاریێتی کۆمەڵگە**

| دەستەواژە | # | بەتەواوی هاوڕام 1 | هاوڕام 2 | نازانم 3 | هاوڕانیم 4 | بەتەواوی هاوڕانیم 5 | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون | ڕیکخستن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| X2.1 | دووبارە | 41 | 65 | 15 | 57 | 22 | 3.23 | 1.35 | 64.60% | 2 |
| | % | 20.50% | 32.50% | 7.50% | 28.50% | 11.00% | | | | |
| X2.2 | دووبارە | 27 | 66 | 14 | 63 | 30 | 2.99 | 1.34 | 59.70% | 5 |
| | % | 13.50% | 33.00% | 7.00% | 31.50% | 15.00% | | | | |
| X2.3 | دووبارە | 42 | 57 | 24 | 53 | 24 | 3.20 | 1.36 | 64.00% | 3 |
| | % | 21.00% | 28.50% | 12.00% | 26.50% | 12.00% | | | | |
| X2.4 | دووبارە | 28 | 56 | 12 | 57 | 47 | 2.81 | 1.43 | 56.10% | 8 |
| | % | 14.00% | 28.00% | 6.00% | 28.50% | 23.50% | | | | |
| X2.5 | دووبارە | 25 | 66 | 19 | 69 | 21 | 3.03 | 1.27 | 60.50% | 4 |
| | % | 12.50% | 33.00% | 9.50% | 34.50% | 10.50% | | | | |
| X2.6 | دووبارە | 37 | 63 | 38 | 46 | 16 | 3.30 | 1.24 | 65.90% | 1 |
| | % | 18.50% | 31.50% | 19.00% | 23.00% | 8.00% | | | | |
| X2.7 | دووبارە | 20 | 57 | 10 | 73 | 40 | 2.72 | 1.33 | 54.40% | 9 |
| | % | 10.00% | 28.50% | 5.00% | 36.50% | 20.00% | | | | |
| X2.8 | دووبارە | 30 | 52 | 27 | 59 | 32 | 2.95 | 1.34 | 58.90% | 6 |
| | % | 15.00% | 26.00% | 13.50% | 29.50% | 16.00% | | | | |
| X2.9 | دووبارە | 30 | 57 | 16 | 63 | 34 | 2.93 | 1.37 | 58.60% | 7 |
| | % | 15.00% | 28.50% | 8.00% | 31.50% | 17.00% | | | | |
| X2 | دووبارە | 280 | 539 | 175 | 540 | 266 | 3.02 | 0.82 | 60.30% | |
| | % | 15.56% | 29.94% | 9.72% | 30.00% | 14.78% | | | | |
| کۆی گشتی | | 45.50% | | | 44.78% | | | | | |

ئەنجامی خشتەی ژمارە (7) ئاماژە بە ( دابەشبوونی دووبارەبووەکان، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوانەیی) دەکات، بۆ وەڵامدانەوەی دەستەواژەکانی (x2.1-x2.9) کە تایبەتە بە وەسفکردنی ڕای بەرتوێژانی توێژینەوەکە سەبارەت بە تەوەری( ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە) ئەم تەوەرەش ئاماژە بۆ بێلایەنی دەکات، چونکە ڕێژەکان بە گوێرەی ئاماژەی گشتی (45.50%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ناوەڕۆکی دەستەواژەکانی تەوەرەکە، لە بەرامبەردا ڕێژەی (44.78%) هاوڕانین لەگەل ناوەڕۆکی دەستەواژەکانی ئەم تەوەرە. ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ڕەهەندی ناوبراو گەیشتە (60.30%)، ناوەندی ژمێرەیی (3.02) ، لادانی پێوانەیی (0.82) هاتووە. لە ئەنجامدا ئەوە بەدیدەکرێت هەردوو ڕێژەکە(هاوڕابوون) و (ناهاوڕابوون) تاڕادەیەک لەیەکتر نزیکن، بۆیە دەتوانین بڵێین کە وەڵامەکان بەرەو بێلایەنی دەڕوات، واتە ڕای بەرتوێژان بۆ ئەم تەوەرە بەرەو بێلایەنی دەڕوات، لەم تەوەرەدا بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون بریتییە لە دەستەواژەی (x2.6)، (میدیاکار پابەندنابێت بە مافی وەڵامدانەوە و راستکردنەوە.)کە ڕێژەی سەدی گەیشتووە بە (65.90%)، ناوەندی ژمێرەیی (3.30)، لادانی پێوانەیی (1.24). لە کاتێکدا نزمترین ڕێژەی هاوڕابوون(هاوڕانەبوون) لەم تەوەرە بریتی بوو لە دەستەواژەی(x2.7) ،( میدیاکار پابەندە بەبڵاونەکردنەوەی ناوزڕاندن و خراپە خستنەپاڵ و جنێودان) کە ڕێژەکەی گەیشتە (54.40%) ، وە ناوەندی ژمێریاری (2.72) و لادانی پێوانەیی(1.33).

ئەم ئەنجامانە ئەوە دەردەخەن، نموونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدایە میدیاکاران لە بەشێکی ناوەڕۆکەکانیان پابەندی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بوونە، بەتایبەتی لە بەدواداچوونی پرسە گرنگەکانی پەیوەست بە تاک وکۆمەڵگەی کوردییەوە، سەرباری ئەوەی هەندێک کات ئەو میدیاکارانە لادانی ئیتیکیان هەبووە و پابەندنەبوونی بەتایبەتی لە بڵاونەکردنەوەی ناوزڕاندن و خراپە خستنەپاڵ و جنێودان کە ئەمانە یەکێکن لە تاوانەکانی میدیا لە پیشەیی میدیایدا و میدیاکار دووچاری سزایی یاسایی دەکاتەوە. لەلایەکی تر میدیاکاران پابەندنین بە مافی

وەڵامدانەوە و ڕاستکردنەوە، ئەمە لاوازی میدیاکاران بە جێبەجێکردنی یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان دەردەخات کەواتە میدیاکاران پابەندبوونیان بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە لاوازە لە ئاستی پێویست نیە.

**2. بەربەستەکانی بەردەم پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای رۆژنامەوانی:**

بڕگەکانی ئەم تەوەرە بریتین لە :

1. نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا.

2. بەشێک لە میدیاکارانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە کوردستان ئاشنای بنەماکانی ئیتیک و یاسای میدیای نین.

3. کەمتەرخەمی بەشێک لە میدیاکارانی ناو ئامرازەکانی میدیای نوێ لە کوردستان لە رووی پیشەیی و راهێنانی میدیاکارانەوە.

4. سنوردارکردنی ئازادی راگەیاندن و گەیشتن بە سەرچاوەی زانیارییەکان.

5. وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان نەیانتوانیوە بە رۆڵ و بەرپرسیاریەتی خۆیان هەڵبستن.

6. سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان نەیانتوانیوە بە رۆڵ و بەرپرسیاریەتی خۆیان هەڵبستن.

7. ناوەندە ئەکادیمیەکان نەیانتوانیوە بە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی خۆیان هەڵبستن.

8. لاوازی ژینگەی یاسایی کاری میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا.

9. کێبرکێی میدیاکارانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەسەر گەیاندنی هەواڵی خێرا

10. هەموارنەکردنەوە و پەرەپێنەدان و کارانەکردنی یاساکانی تایبەت بە میدیا و گەیشتن بە زانیارییەکان.

11. لاوازی میدیاکاران لە بەرامبەر فشارە ماددی و سیاسی و ئەمنییەکان.

12. نەبوونی دامەزراوە و میکانیزمی گونجاو بۆ لێپرسینەوە لە پێشێلکاریی پیشەیی میدیاکاران و ئامرازەکانی میدیای نوێ.

13. کارانەبوونی داواکاری گشتی بۆ پێشێلیەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان. 14. بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسییەکان.بڕوانە خشتەی ژمارە (8).

**خشتەی ژمارە(8): بەربەستەکانی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان**

| دەستەواژەکان | دووبارەبوونەوە | بەتەواوی هاوڕام | هاوڕام | نازانم | هاوڕانیم | بەتەواوی هاوڕانیم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | | | |
| X3.1 | دووبارە | 102 | 71 | 16 | 7 | 4 | 4.30 | 0.91 | 86.00% |
| | % | 51.00% | 35.50% | 8.00% | 3.50% | 2.00% | | | |
| X3.2 | دووبارە | 97 | 80 | 15 | 7 | 1 | 4.33 | 0.80 | 86.50% |
| | % | 48.50% | 40.00% | 7.50% | 3.50% | 0.50% | | | |
| X3.3 | دووبارە | 76 | 96 | 601 | 10 | 2 | 4.17 | 0.85 | 83.40% |
| | % | 38.00% | 48.00% | 8.00% | 5.00% | 1.00% | | | |
| X3.4 | دووبارە | 64 | 81 | 901 | 29 | 7 | 3.83 | 1.13 | 76.60% |
| | % | 32.00% | 40.50% | 9.50% | 14.50% | 3.50% | | | |
| X3.5 | دووبارە | 103 | 65 | 23 | 5 | 4 | 4.29 | 0.91 | 85.80% |
| | % | 51.50% | 32.50% | 11.50% | 2.50% | 2.00% | | | |
| X3.6 | دووبارە | 91 | 68 | 25 | 12 | 4 | 4.15 | 0.99 | 83.00% |
| | % | 45.50% | 34.00% | 12.50% | 6.00% | 2.00% | | | |
| X3.7 | دووبارە | 74 | 96 | 17 | 11 | 2 | 4.15 | 0.86 | 82.90% |
| | % | 37.00% | 48.00% | 8.50% | 5.50% | 1.00% | | | |
| X3.8 | دووبارە | 77 | 94 | 11 | 13 | 5 | 4.13 | 0.96 | 82.50% |
| | % | 38.50% | 47.00% | 5.50% | 6.50% | 2.50% | | | |
| X3.9 | دووبارە | 95 | 77 | 6 | 14 | 8 | 4.19 | 1.06 | 83.70% |
| | % | 47.50% | 38.50% | 3.00% | 7.00% | 4.00% | | | |
| X3.10 | دووبارە | 82 | 83 | 21 | 11 | 3 | 4.15 | 0.92 | 83.00% |
| | % | 41.00% | 41.50% | 10.50% | 5.50% | 1.50% | | | |
| X3.11 | دووبارە | 82 | 68 | 13 | 33 | 4 | 3.96 | 1.15 | 79.10% |
| | % | 41.00% | 34.00% | 6.50% | 16.50% | 2.00% | | | |
| X3.12 | دووبارە | 89 | 83 | 19 | 7 | 2 | 4.25 | 0.84 | 85.00% |
| | % | 44.50% | 41.50% | 9.50% | 3.50% | 1.00% | | | |
| X3.13 | دووبارە | 87 | 79 | 21 | 8 | 5 | 4.18 | 0.95 | 83.50% |
| | % | 43.50% | 39.50% | 10.50% | 4.00% | 2.50% | | | |
| X3.14 | دووبارە | 109 | 59 | 21 | 7 | 4 | 4.31 | 0.94 | 86.20% |
| | % | 54.50% | 29.50% | 10.50% | 3.50% | 2.00% | | | |
| X3 | دووبارە | 1228 | 1100 | 243 | 174 | 55 | 4.17 | 0.60 | 83.37% |
| | % | 47.23% | 42.31% | 9.35% | 6.69% | 2.12% | | | |
| کۆی گشتی | | 89.54% | | | 8.81% | | | | |

دەرئەنجامەکانی خشتەی (8) ئاماژە بە (دابەشبوونی دووبارەبووەکان، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێریاری، لادانی پێوەری) دەکات بۆ وەڵامدانەوەی دەستەواژەکانی(x3.1-x3.14)، کە تایبەتە بە وەسفکردنی ڕای بەرتوێژانی توێژینەوەکە سەبارەت بە تەوەری (بەربەستەکانی بەردەم پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای ڕۆژنامەگەری) کە بەلای هاوڕابوون دەچێت، چونکە ڕێژەکان بەگوێرەی ئاماژەی گشتی(89.54%) بەرتوێژانی توێژینەوەکە هاوڕابوون لەسەر ئەو دەستەواژانەی کە لەو تەوەرەدا هاتبوون، لە بەرامبەردا (8.81%) هاوڕانین لەگەل ناوەڕۆکی دەستەواژەکانی ئەم تەوەرە، لە کاتێکدا ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر بەندەکانی تەوەری ناوبراو (83.37%) بووە، ناوەندی ژمێرەیی (4.17) ، لادانی پێوەری (0.60) هاتووە، کەواتە ئەنجامی (بەربەستەکانی بەردەم پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشە و یاسای ڕۆژنامەگەری)، بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون بریتییە لە دەستەواژەی (x3.2)، (بەشێک لە میدیاکارانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە کوردستان ئاشنای بنەماکانی ئیتیک و یاسای میدیای نین. ) کە ڕێژەکەی (86.50%)، ناوەندی ژمێرەیی (4.33) و لادانی پێوانەیی(0.80) ، لە کاتێکدا یەکێکی تر لە بەربەستەکان کە بە پلەی دووەم هاتووە بریتییە لە دەستەواژەی (x3.14) سەبارەت بە (بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسییەکان) ڕێژەکەی(86.20%) و ناوەندی ژمێریاری (4.31) و لادانی پێوانەیی(0.94) بوو، کەمترین ڕێژەی هاوڕایی لەسەر دەستەواژەکان بریتی بوو لە دەستەواژەی (x3.4)، (سنوردارکردنی ئازادی ڕاگەیاندن و گەیشتن بە سەرچاوەی زانیارییەکان) کە ڕێژەکە دەگاتە (76.60%) و ناوەندی ژمێریاری (3.83) و لادانی پێوانەیی(1.13).

لێرەدا دەردەکەوێت بەهۆی ئەوەی میدیاکارانی ناو ئامرازەکانی میدیای نوێ ئاشنای پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا نین لە هەرێمی کوردستان، هەروەها ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنرێت بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسیەکان، لەگەل ئەوەدا یاسایەکی تایبەت

به ڕێکخستنی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نیە، بوونەتە بەربەست بۆ میدیاکاران و وایکردووە پابەندنەبن بە ئیتیکی میدیایی و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان. بەڵام سنورداردکردنی ئازادی میدیا و گەیشتن بە سەرچاوەی زانیارییەکان، کەمترین ڕێژەیی هاوڕابوونی وەرگرتووە، کە ئەمە خاڵێکی باشە لە هەرێمی کوردستان سانسۆرنیە بۆ میدیاکاران تاکو دەستیان بە سەرچاوەی زانیارییەکان بگات. بە ئاسانی دەتوانن کاری میدیای خۆیان بکەن.

**3. دەرهاویشتەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای رۆژنامەوانی**

برگەکانی ئەم تەوەرە بریتیین لە :

1. جەماوەر متمانەی به میدیای کوردی لاوازبووە.
2. هێزە سیاسییەکان میدیا لە ململانێ سیاسییەکاندا بەکاردەهێنن.
3. شیرازەی کۆمەڵایەتی و خێزانی زیاتر لە یەک هەلوەشاندۆتەوە.
4. تێکەڵبوونی راستییەکان بە هەواڵی ساختە و پڕوپاگەندە.
5. لە دەستدانی دەستپاکی و ئەمانەت پارێزی میدیا.
6. گەڕانی جەماوەر بەدوای ئامرازە جێگیرەوەکانی میدیای نوێ بۆ دەستکەوتنی ڕاستییەکان
7. لادانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی.
8. لاوازبوونی ڕۆڵی میدیا لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە.
9. لاوازبوونی رۆڵی میدیا لە دروستکردنی ڕای گشتی.
10. میدیای نوێ هۆکاری لێکترازانی سیاسی بووە لە هەرێمی کوردستان.

11. هاوڵاتیان وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و حزبی دەڕواننە میدیای کوردی. بڕوانە خشتەی ژمارە (9).

**خشتەی ژمارە(9)دەرهاویشتەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەیی و یاسای رۆژنامەوانی**

| دەستەواژەکان | زیاد لە وەڵامێک | | ڕیکخستن |
|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | |
| X4.1 | 173 | 12.66% | 2 |
| X4.2 | 187 | 13.68% | 1 |
| X4.3 | 135 | 9.88% | 5 |
| X4.4 | 137 | 10.02% | 4 |
| X4.5 | 106 | 7.75% | 7 |
| X4.6 | 72 | 5.27% | 11 |
| X4.7 | 96 | 7.02% | 9 |
| X4.8 | 117 | 8.56% | 6 |
| X4.9 | 91 | 6.66% | 10 |
| X4.10 | 104 | 7.61% | 8 |
| X4.11 | 149 | 10.90% | 3 |
| کۆی گشتی | 1367 | 100% | |

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی دەرهاویشتەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی کاری میدیا و یاسای ڕۆژنامەگەری، پشتبەستراوە بە خشتەی ژمارە(9)، کە میدیاکاران زیاتر لە وەڵامێکیان هەڵبژاردووە، زۆربەی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە یەکێک لە دەرهاویشتەکانی پابەندنەبوونیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە (هێزە سیاسییەکان میدیا لە ململانێ سیاسییەکاندا بەکاردەهێنن ) بە ڕێژەی (13.68%)، لە ڕیزبەندی دووەم هاتووە کە جەماوەر متمانەی بە میدیای کوردی لاوازبووە بە ڕێژەی(12.66%)، لە کاتێکدا بەرتوێژان ڕایان وایە (هاوڵاتیان وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و حزبی دەڕواننە میدیای کوردی ) کە بە ڕێژەی (10.90%) لە

ڕیزبەندی سێیەم هاتووە. دەرهاویشتەیەکی تر کە لە ڕیزبەندی چوارەم هاتووە بریتییە لە (تێکەڵبوونی ڕاستییەکان بە هەواڵی ساختە و پڕوپاگەندە) بە ڕێژەی(10.02%)، دەستەواژەی (شیرازەی کۆمەڵایەتی و خێزانی زیاتر لە یەک هەلوەشاندۆتەوە) لە ڕیزبەندی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (9.88%). لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێژەی (8.56%) کە لە ڕیزبەندی شەشەم دێت پێیان وایە بووەتە هۆی (لاوازبوونی ڕۆڵی میدیا لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە). لە ڕیزبەندی حەوتەم بە ڕێژەی (7.75%) دەڵێن بووەتە هۆی لە دەستدانی دەستپاکی و ئەمانەت پارێزی میدیا. لە ڕیزبەندی هەشتەم (میدیای نوێ هۆکاری لێکترازانی سیاسی بووە لە هەرێمی کوردستان ) بە ڕێژەی (7.61%) هاتووە. هەرچی ڕیزبەندی دەیەمە بە ڕێژەی (6.66%) پێان وایە پابەندنەبوون بە ئیتیک و یاسای میدیا بووەتە هۆی (لاوازبوونی رۆڵی میدیا لە دروستکردنی ڕای گشتی.)، لە کۆتایی ڕیزبەندیدا  کە بە ڕێژەی (5.27%) هاتووە دەڵین بووەتە هۆی (گەڕانی جەماوەر بەدوای ئامرازە جێگیرەوەکانی میدیای نوێ بۆ دەستکەوتنی ڕاستییەکان).

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە، نموونەی توێژینەوەکە بڕگەکانی یەکەم و دووەم وسێیەمیان وەکو دەرهاویشتەی پابەندنەبوون بە ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا هەڵبژاردووە، چونکە ئەو بارودۆخەی ئێستای هەرێم بەهەموو ئاڕاستەکانیەوە لە سیاسەت و ململانێی سیاسیدا کۆکراوەتەوە و هێزە سیاسیەکان بۆ مەرامی سیاسی و کەسی خۆیان میدیایان کردووە بە گۆڕەپانێک تاکو ئامانجە سیاسی و کەسیەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیاوە بەدەستبهێنن ، دیارترین ئامراز ئامرازەکانی میدیای نوێن، بۆیە جەماوە متمانەی بە میدیای کوردی لاوازبووە و وەکو دامەزراوەیەکی سیاسی وحزبی دەڕواننە میدیای کوردی، ئەمانە کاتێک دێتە ئاراوە کە میدیاکاران پابەندنابن.

**سێیەم: تاقیکردنەوەی  گریمانەکان**

دوو ڕێگای تاقیکردنەوەی ئاماریمان بەکارهێناوە بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکان بریتیین لە:

توێژەر لە پێناو تێستکردنی گریمانەکانی(یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم) تاقیکردنەوەی (Z) بەکارهێناوە  بۆ تاقیکردنەوەیی هەردوو گریمانەی (نەبوون – العدم) و ( جێگرەوە و گۆڕین – بديلة)، کە گریمانەی (نەبوون) لەم توێژینەوەیەدا .خۆی بەرجەستە دەکات لە (بێلایەنبوونی وەڵامی وەرگیراوی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە)، لە بەرامبەردا سەلماندنی گریمانەی(جێگرەوەوگۆڕین) بریتییە لە (ڕازیبوون یان ڕازینەبوونی وەڵامی وەرگیراوی نموونەی توێژینەوەکە)، دەتوانین گریمانەی (نەبوون) ڕەتبکەینەوە، ئەگەر ئاستی سەلماندنی ئاماری ( significant “sig.”) بۆ تێستەکە، کەمتر بوو لە ئاستی (گوزارەیی – المعنوية – α)، بەڵام دەکرێت (ئاستی گوزارەیی هەڵبژێردرێت، بەپێی گرنگی بڕیاردان لەلایەن توێژەرەوە، چونکە لە زۆرینەی هەرە زۆری ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی کراون ئاماژەی بەڵگەداری (0.05) بەکارهاتووە، چونکە ئەم بەهایە، بریتییە لە بەهایەکی مامناوەند، پێچەوانەکەشی ڕاستە، لە کاتی ڕەتکردنەوەی گریمانەی (نەبوون)دا، واتە دەتوانرێت گریمانەی (جێگرەوە و گۆڕین) قبووڵ بکرێت، لەم کاتەشدا دەبێت قبووڵکردنەکە دیاری بکرێت (ڕازیبوون یاخود ڕازی نەبوونی سامپڵەکە) (الزغبي، 2012: ل193-194)، )، لە میانی پشتبەستنیش، بە نیشانەی بەهای ژمێرەکراو بۆ تێسەکە، ئەگەر (ئەرێنی – پۆزەتیڤ) بێت، ئەمە ئەوە دەگەێنێت، ئەو کەسانەی وەکوو نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون ڕازی بوونە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، هەر بۆ زانیاری ناوەندیی گریمانەیی لەسەر ئەو بنەمایە ڕۆنراوە، کە هەردوو گریمانەکە تاقیکراونەتەوە، یەکسانە بە (3)، لەبەرئەوەی داتا وەرگیراوەکان پشتیان بەستووە بە پێوەری (لیکرت پێنجی)، خشتەی ژمارە(10)ئەنجامی تێستەکان دەنوێنێت، بە گوێرەی ئەو بڕگانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا هاتوون و پەیوەستن بەو پێنج گریمانانەی کە توێژەر دایناون:

**خشتەی ژمارە (10) : دەرئەنجامی تێستی(Z) بۆ سەلماندنی گریمانەکانی توێژینەوەکە**

| گریمانەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (T)هەژمارکراو | بەهای (T) خشتەیی | ئاستی ئاماژەداری (Sig.) |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| میدیاکارانی کوردستان بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیایی بەتەواوی پابەندنەبوونە | تەوەری دووەم | 3.01 | 0.72 | 0.14 | 0.01 | 0.885 |
| میدیاکارانی کورد لە هەرێمی کوردستان بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە بەتەواوی ناپارێزن | تەوەری سێیەم | 3.02 | 0.82 | 0.26 | 0.02 | 0.797 |
| نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان، بەربەستی پابەندنەبوونی میدیاکارانن بە پرەنسیپەکانی ئیتیک | تەوەری چوارەم | 4.17 | 0.60 | 27.58 | 1.17 | 0.000 |
| دامەزراوە فەرمی و پەیوەندیدارەکانی میدیا، هۆکاری پابەندنەبوونی میدیاکارانن بە ئیتیک و یاسا لە هەرێمی کوردستان. | X3.5,X3.6,X3.7 | 4.20 | 0.79 | 21.50 | 1.20 | 0.000 |

a. سەبارەت بە تاقیکردنەوەی گریمانەی یەکەم کە بریتییە لە (میدیاکارانی کوردستان بە تەواوی پابەندی پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا نابن) پاڵپشت بە بەهای ئاستی ئاماژەداری ئاماری تاقیکردنەوەی (0.885) گەورەتربوولە ئاستی (گوزارەیی و مەعنەوی) (0.05) ، بۆیە دەتوانین سەلماندنی گریمانەی(نەبوون) قبوڵبکەین کە بریتییە لەوەی ڕای بەرتوێژان بێلایەن بوو، وە ئەو گریمانەیەی ڕەتکردەوە کە لە توێژینەوەکە هاتبوو، بە

واتایەکی تر وەڵامەکان بەرەو بێلایەنی چوون، واتە پابەندبوون یان پابەندنەبوون لە یەکاتدا هەبوو.

b. سەبارەت بە تاقیکردنەوەی گریمانەی دووەم کە بریتیی بوو لە (میدیاکارانی کورد لە هەرێمی کوردستان بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە بەتەواوی ناپارێزن)، بە پشتبەستن بە بەهای ئاستی گرینگی ئاماری بۆ تاقیکردنەوەی (0.797)بوو کە گەورەترە لە ئاستی (گوزارەیی و مەعنەوی) (0.05)، بۆیە دەتوانین سەلماندنی گریمانەی(نەبوون)قبولبکەین، کە بریتی بوو لەوەی ڕایەکان هەر هەمووی بێلایەن بوون سەبارەت بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە کە دەکەوێتە ئەستۆی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان، وە بەهەمان شێوە سەلماندنی گریمانەی (جێگرەوە) ڕەتدەکەینەوە، بەمانایەکی تر ڕەتکردنەوەی  ئەو سەلماندنەی کە لە توێژینەوەکە هاتووە، لەهەردوو حاڵەت قبوڵ و ڕەتکردنەوە هاتووە، بەهەمان شێوە ڕایەکان بێلایەن بوون سەبارەت بە (لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە لەلایەن میدیاکاران لە کاتی کارکردنی میدیاییان).

c. سەبارەت بە تاقیکردنەوەی گریمانەی  سێیەم کە بریتی بوو لە (نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان، بەربەستی پابەندنەبوونی میدیاکارانن بە پرەنسیپەکانی ئیتیک) بە پشتبەستن بە بەهای ئاستی گرنگی ئاماری بۆ تاقیکردنەوەکە بریتی بوو لە(0.000) کەمتر بوو لە ئاستی (گوزارەیی و مەعنەوی)  (0.05)، بۆیە دەتوانین سەلماندنی گریمانەی(نەبوون) ڕەتبکەینەوە و سەلماندنی گریمانەی (گۆڕین) قبوڵبکەین، واتە وەڵامەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لە کاتی نەبوونی یاسا  بۆ ڕێکخستنی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا ، وادەکات ببێتە بەربەستێک بۆ پابەندنەبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا، واتە قبوڵکردنی ئەو گریمانەیەی کە توێژەر هێناویەتی.

d. سەبارەت بە تاقیکردنەوەی سەلماندنی چوارەم کە بریتییە لە (دامەزراوە فەرمی و پەیوەندیدارەکانی میدیا، هۆکاری پابەندنەبوونی میدیاکارانن بە ئیتیک و یاسا لە هەرێمی کوردستان) بە پشتبەستن بە بەهای ئاستی گرنگی ئاماری بۆ تێستەکە(0.000) کە کەمتر

بوو لە ئاستی (گوزارەیی و مەعنەوی) (0.05)،بۆیە دەتوانین سەلماندنی گریمانەی(نەبوون) ڕەتبکەینەوە و گریمانەی (گۆڕین) قبوڵبکەین، چونکە بەهای تێستەکە پۆزەتیڤ بوو، بە واتایەکی تر وەڵامەکان بەرەو ڕازیبوون دەچوون کە بریتی بوون لەوەی (دەزگا فەرمی و ناوەندە میدیاییەکان هۆکارن بۆ پابەندنەبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان)، بە مانایەکی تر دەزگا فەرمییە پەیوەندیدارەکان لەناویاندا پەرلەمان، وەزارەتی ڕۆشنبیری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، سەنتەرە ئەکادیمستەکان، هەر هەموویان پێکەوە شکستیان هێناوە لە ڕۆڵی ئەکادیمی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە پابەندبوونی میدیاکاران بە ئیتیک ویاسای میدیا، واتە قبوڵکردنی ئەو گریمانەیەی کە توێژەر هێناویەتی.

1. گریمانەی پێنجەم: لەم تاقیکردنەوەیەدا ڕێژەی بەکارهاتووە بۆ تێستکردنی دوو سەلماندنەکە: گریمانەکانی ( نەبوون و جێگرەوە) کە سەلماندنی گریمانەی (نەبوون) لەسەر یەکسانی ڕێژەی حاڵەتەکان دەسەلمێنێت، جێگەی گرنگی پێدانە لەلای توێژەر سەبارەت بە بەهای تیۆری، کە توێژەر سەلماندنەکەی بریتیی بوو لە (0.50) ، (القاضي،2003، 270-272)، بەڵام سەلماندنی گریمانەی (گۆڕین) بریتیە لە یەکسان نەبوونی ڕێژەیی، بە سیفەتی ئەوەی جێگەی گرنگی پێدانە لەلای توێژەر لەگەڵ ڕێژەی تیۆری، کە دەتوانین سەلماندنی گریمانەی (نەبوون) ڕەتبکەینەوە ئەگەر ئاستی گرنگی ئاماری بۆ تێستەکە ( significant "sig.") کەمتر بوو لە ئاستی گوزارەی (0.05)، وە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە (الزغبي ،2012، 201). وە لە کاتی قبوڵکردنی سەلماندنی گریمانەی (جێگرەوە) کە بریتیە لە یەکساننەبوونی ڕێژەیی بۆ ئەو حالەتەی کە لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە، ئەو کاتە پشتدەبەستین بە بەراوردکردنی ڕێژەی سەدی بۆ حاڵەتەکان کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت و لەگەڵ حاڵەتەکانی پێچەوانە بە پشت بەستن بە گەورەترین بەها بۆ دەستنیشانکردنی، واتە لە هەردوو حالەت یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ دەبێت.

**خشتەی ژمارە (11): ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Biniomal) بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەی چوارەم (میدیاکاران پرسە پیشەییەکان و پەیامە ڕاستییەکان تێکەڵ بە وروژاندن و پروپاگەندە دەکەن، بۆیە متمانەیان لەدەست دەدەن و ئەخلاقی پیشەیی ناپارێزن)**

| دەستەواژەکان | گروپەکان | وەڵامەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | نسبة الاختبار | ئاماژەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جەماوەر متمانەی به میدیای کوردی لاوازبووە | Group 1 | بەڵێ | 173 | 86.50% | 0.5 | 0.000 |
| | Group 2 | نەخێر | 27 | 13.50% | | |
| | کۆی گشتی | | 200 | 100% | | |
| هێزە سیاسییەکان میدیا لە ململانێ سیاسییەکاندا بەکاردەهێنن | Group 1 | بەڵێ | 187 | 93.50% | 0.5 | 0.000 |
| | Group 2 | نەخێر | 13 | 6.50% | | |
| | کۆی گشتی | | 200 | 100% | | |
| شیرازەی کۆمەڵایەتی و خێزانی زیاتر لە یەک هەلوەشاندۆتەوە | Group 1 | بەڵێ | 135 | 67.50% | 0.5 | 0.000 |
| | Group 2 | نەخێر | 65 | 32.50% | | |
| | کۆی گشتی | | 200 | 100% | | |
| تێکەڵبوونی ڕاستییەکان بە هەواڵی ساختە و پروپاگەندە | Group 1 | بەڵێ | 137 | 68.50% | 0.5 | 0.000 |
| | Group 2 | نەخێر | 63 | 31.50% | | |
| | کۆی گشتی | | 200 | 100% | | |
| لە دەستدانی دەستپاکی و ئەمانەت پارێزی میدیا | Group 1 | بەڵێ | 106 | 53.00% | 0.5 | 0.437 |
| | Group 2 | نەخێر | 94 | 47.00% | | |
| | کۆی گشتی | | 200 | 100% | | |
| گەڕانی جەماوەر بەدوای ئامرازە جێگیرەوەکانی میدیای نوێ بۆ دەستکەوتنی ڕاستییەکان | Group 1 | نعم | 72 | 36.00% | 0.5 | 0.000 |
| | Group 2 | نەخێر | 128 | 64.00% | | |
| | کۆی گشتی | | 200 | 100% | | |
| لادانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی | Group 1 | بەڵێ | 96 | 48.00% | 0.5 | 0.621 |
| | Group 2 | نەخێر | 104 | 52.00% | | |
| | کۆی گشتی | | 200 | 100% | | |
| لاوازبوونی ڕۆڵی میدیا لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە | Group 1 | بەڵێ | 117 | 58.50% | 0.5 | 0.019 |
| | Group 2 | نەخێر | 83 | 41.50% | | |
| | کۆی گشتی | | 200 | 100% | | |
| لاوازبوونی ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی ڕای گشتی | Group 1 | بەڵێ | 91 | 45.50% | 0.5 | 0.229 |
| | Group 2 | نەخێر | 109 | 54.50% | | |
| | کۆی گشتی | | 200 | 100% | | |
| میدیای نوێ هۆکاری لێکترازانی سیاسی بووە لە هەرێمی کوردستان | Group 1 | بەڵێ | 104 | 52.00% | 0.5 | 0.621 |
| | Group 2 | نەخێر | 96 | 48.00% | | |
| | کۆی گشتی | | 200 | 100% | | |
| هاوڵاتیان وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و حزبی دەڕواننە میدیای کوردی | Group 1 | بەڵێ | 149 | 74.50% | 0.5 | 0.000 |
| | Group 2 | نەخێر | 51 | 25.50% | | |
| | کۆی گشتی | | 200 | 100% | | |

وە بۆ تاقیکردنەوەی سەلماندنی گریمانەی پێنجەم ، کە بریتی بوو لەوەی (میدیاکاران بابەتە پیشەیی و پەیامە راستیەکان تێکەڵ بە وورووژاندن و پڕوپاگەندە دەکەن، بۆیە متمانە لەدەست دەدەن و ئیتیکی پیشەیی ناپارێزن )، توێژەر هەڵساوە بە تێستکردنی ڕێژەیی بۆ سەرجەم بڕگەکانی تەوەری پێنجەم، کە پێویستە بۆ سەلماندنیان، ئەنجامەکەی بریتی بوو لە :

1. لە کاتی تاقیکردنەوەی ڕێژەی حاڵەتەکان، کە ئایا ڕێژەکان یەکسانبوون یان نا؟ ئەوە ڕوونبوەوە کە دەستەواژەکانی (جەماوەر متمانەی بە میدیای کوردی لاوازبووە، هێزە سیاسیەکان میدیا لە ململانێ سیاسیەکاندا بەکاردەهێنن، شیرازەی کۆمەڵایەتی و خێزانی زیاتر لە یەک هەڵوەشاندۆتەوە، تێکەڵبوونی ڕاستییەکان بە هەواڵی ساختە و پڕوپاگەندە، لاوازبوونی ڕۆڵی میدیا لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە، هاوڵاتیان وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و حزبی دەڕواننە میدیای کوردی) ، ئاستی گرنگی ئاماری بۆ بەهای تێستەکە کەمتر بوو لە ئاستی گرنگی سەلمێندراو لەلایەن توێژەر(0.05) بوو، پاڵپشت بەمە ئێمە سەلماندنی گریمانەی (نەبوون) ڕەتدەکەینەوە کە بریتی بوو لەوەی حالەتەکان یەکسان بوون، وە سەلماندنی گریمانەی (جێگرەوە)مان قبوڵکرد، واتە یەکسان نەبوونی حالەتەکان، هەروەها بۆ زانینی هەر یەکێک لەم حالەتانە یەکێکیان زاڵتر بوو لەسەر ئەویتریان و ئەوە ڕوونبوەوە کە حالەتی (بەڵێ) زاڵبوو لەسەر هەموو ئەو دەستەواژانەی لەسەرەوە باسکران، لەبەرئەوەی ژمارەی ڕاکان زۆرتر بوو لە حالەتی (نەخێر)، بەمانایەکی تر و بە گوێرەی ڕای بەرتوێژانی توێژینەوەکە وای دەبینن کە جەماوەر متمانەی بە میدیای کوردی لاوازبووە، ئەمەش بەمانای ئەوەدێت کە ڕاستگۆیی لاوازبووە، چونکە میدیاکاران پابەندنین بە ئیتیک و یاسای میدیا. هەوەرها بە گوێرەی ڕاوبۆچونیان بڕوایان وایە کە کاریگەری خراپیان بەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی جێهێشتووە لەبەر پابەندنەبوونیان بە ئیتیکی پیشەیی، لە هەمان کاتدا ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە ڕاستیەکان تێکەڵکراون لەگەڵ هەواڵی ساختە و پڕوپاگەندە بە هەمان شێوە ڕۆڵی لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە لاوازبووە، لە کۆتایدا

بە گوێرەی ڕاوبۆچوونیان ئەوە ڕوونبوەتەوە کە هاوڵاتیان وەکو دامەزراوەیەکی سیاسی و حزبی دەڕواننە میدیای کوردی.

2. لە بەندەکانی (لەدەستدانی دەستپاکی و ئەمانەت پارێزی میدیا و لادانی ئامرازەکانی میدیای نویَ لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، لاوازبوونی ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی ڕای گشتی، میدیای نویَ هۆکاری لێکترازانی سیاسی بووە لە هەرێمی کوردستان)، ئەوەمان بۆ ڕوونبووەتەوە، ئاستی گرنگی ئاماری بۆ بەهاکانی تاقیکردنەوە بۆ ئەو دەستەواژانەی کە باسکرابوون گەورەتربوو لە ئاستی گرنگی سەلمێندراو لەلای توێژەر کە بریتی بوو لە (0.05) پاڵپشت بە قبولکردنی سەلماندنی گریمانەی (نەبوون) بریتی بوو لە یەکسانی حالەتەکان، واتە یەکسانە بە ڕای بەرتوێژانی توێژینەوەکەدا هاتووە بە هەردوو حالەتەکە، بە واتایەکی تر ڕاوبۆچوونەکان بێلایەن بوونە سەبارەت بە دەستەواژە باسکراوەکان، دەتوانین بگەین بەو دەرئەنجامەی کە لەدەستدانی دەستپاکی و ئەمانەتپارێزی میدیا، لادانی ئامرازەکانی میدیای نویَ لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و لاوازبوونی میدیا لە دروستکردنی ڕای گشتی، هەروەها میدیای نویَ هۆکارێک بووە بۆ لێکترازانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، لەم حالەتە بەگوێرەی وەڵامەکان بوونیان هەیە، بەڵام بە ڕێژەی مامناوەند، بە مانایەکی تر بێلایەن بوون لە ڕاوبۆچوونیان لەسەر ئەم دەستەواژەو بەندانە

3. لە کۆتایدا لە دەستەواژەکانی ( گەڕانی جەماوەر بەدوای ئامرازە جێگیرەوەکانی میدیای نویَ بۆ دەستکەوتنی ڕاستیەکان) ڕوونکراوەتەوە، ئاستی گرنگی ئاماری بۆ بەهای تێستی مەعنەوی کەمتر بوو لە ئاستی گرنگی سەلمێنراو لەلایەن توێژەر کە بریتی بوو لە (0.05) بە پاڵپشت بەمە توێژەر گریمانەی (العدم) ڕەتدەکاتەوە و گریمانەی (گۆڕین) قبوڵ دەکات، واتە حالەتەکان یەکسان نین، وە بۆ زانینی هەر حالەتێک لەم حالەتانە زاڵبوو لەسەر ئەویتران، بۆیە حالەتی (نەخێر) زاڵبوو، چونکە ژمارەی حالەتەکان زۆرتربوون لەسەر حالەتی (بەڵێ)، دەتوانرێت لەو زانیارییانە کە باسکران بە گوێرەی وەڵامدانەوەکان بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە هاوڵاتیان بەدوای ئامرازی جێگرەوە ناگەڕێن بۆ بەدەستهێنانی ڕاستیەکان.

## تەوەری دووەم: خستنەڕووی زانیاریەکانی چاوپێکەوتن

لەم تەوەرەدا ئامرازی چاوپێکەوتن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و جەختکردنەوە لە ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسیەکە بەکارهاتووە، خۆی دەبینێتەوە لە ژمارەیەک پرسیار، کە لە چوارچێوەی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسییە، بۆئەوەی دڵنیابینەوە لە ئەنجامی بەدەستهاتووی فۆرمەکە، پرسیارەکان ئاڕاستەی چاودێرانی میدیا لە هەرێمی کوردستان (پەرلەمانی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، دەستەبژێریی میدیایی(بریتین لە مامۆستایانی زانکۆ لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی: هەولێر، دهۆک، سلێمانی) کراوە و وەڵامی پرسیاری چاوپێکەوتنیان داوەتەوە. بۆ بینینی پرسیاری چاوپێکەوتن بڕوانە پاشکۆی ژمارە (3)، بۆ زیاتر ناساندنی کەسایەتیەکانی ناو ئەم تویژینەوەیە کە جاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە بڕوانە باشکۆی ژمارە (4)

### یەکەم: کاری میدیا لە هەرێمی کوردستان:

سەبارەت بەو پرسیارەی کراوە کە (بەشێوەیەکی گشتی کاری میدیا لە هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن ؟) سەلمە فاتیح تۆفیق سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمانی کوردستان ڕای وایە " جوڵەی میدیا لە هەرێمی کوردستان جوڵەیەکی گونجاو نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوەکانی بەرەو پێشبردنی میدیا لە کوردستان بەرەو پێش دەڕوات" لەلایەکی ترەوە شێروان عەولا بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان پێی وایە " جووڵەی میدیا لە هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری میدیا لە چەند ئاستێکی جیاجیا دایە، لە ئێستا چالاکترین و پڕ بینەرترین میدیا، میدیای ئەلیکترۆنییە بە سۆشیاڵ میدیاشەوە ". هەرچەندە یاسایەکمان نیە بۆماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان لە هەرێمی کوردستان، بەڵام نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسای کوردستان حاکم ئازاد حەمەدەمین دەڵێت" بەداخەوە ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێ، کە هەندی جار بەناوی میدیای نوێ میدیای ڕاستەقینە نەماوە، میدیا ئەگەر نوسراو، بینراو، ئەلیکترۆنی بێت هەمووی هەر میدیان ، میدیای ئەلیکترۆنی بابەتیکی جیایە لەگەل سۆشیاڵ میدیا"، چونکە لە هەرێمی کوردستان

کەسانیک هەن هەموو بەرنامە سیاسیەکانی خۆیان خستۆتە ناو سەبەتەی میدیا و خەڵکیان پێ چەواشەکردووە، ئیستا لە هاولاتی بپرسە وا دەزانن ئەم فەیسبووکەش میدیایەکی پیشەییە، ئەمەش وایکردووە لە کوردستاندا نەتوانراوە فەلسەفەو جیهانبینی و تێگەیشتنی دروست هەبێت بۆ میدیا بە گشتی.

هەرچی دەستەبژێریی میدیایە سەبارەت بە کاری میدیا لە هەرێمی کوردستان بۆچوونی جیاوازیان هەیە و پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر عبدالخالق ئیبراهیم مامۆستا لە بەشی ڕاگەیاندنی زنکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر دەڵێت" ئێمە لە بارودۆخێکی زۆرباش ناژین ، ئاستی پابەندبوونەکە لاوازە، ڕەنگە ئەو میدیایانەی راستەوخۆ پەیوەستن بە حزب لەوێ ئاستی پابەندبوونەکە باشتربێ ، بەڵام ئەوانەی ناڕاستەوخۆ پەیوەستن بە حزبێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێن بۆ ململانێی سیاسی، لەوێ ئەو ئاستی پابەندبوونە خراپ و کارەسات بار دەردەچێت" بەڵام پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کارزان محەمەد مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی دەڵێت" لە هەندێک ڕووەوە لە میدیای کوردی ڕازیم ، بەڵام کاری میدیا لە هەرێمی کورستان پێویستی بە چاودێری وپەرەپێدان هەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستمان بە هۆشیاری کۆمەڵگە هەیە لە تێگەیشتن و جیاکردنەوەی پلاتفۆرمەکانی میدیا و میدیایی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان.

لێرەدا بە پێی ڕای چاودێرانی میدیا دەردەکەوێت، کە کاری میدیا لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە چاودێری و پەرەپێدان هەیە، پێویستە لە دەستی حزب دەربهێنرێت، تاکو نەبێتە گۆڕەپانی ململانێی سیاسی نێوان حزبەکان. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە جەماوەری میدیا زیاتر هۆشیاربن و کاردانەوەیان بۆ ئەو پەیامە هەڵانە هەبێت کە میدیاکار بڵاویدەکاتەوە، واتە بەجۆرێک لەلایەن خۆیانەوە چاودێربن، تاکو میدیاکار نەتوانێت لە ڕێگەی پەیام و زانیاریە ناڕاستەکانەوە جەماوەر بەلاڕیدا بەرێت بۆ مەرامی کەسی یاخود دەزگاکەی و ئەو لایەنەی کاری بۆ دەکات.

**دووەم: ئاستی پابەندبوونی  دامەزراوەکانی میدیا و میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان:**

ڕای پەرلەمان وایە کە "دەزگا میدیاییە گەورەکان پێشێلی ئیتیک و یاسای کاری میدیایی دەکەن، چونکە بابەتەکە بووەتە بابەتی پێشبڕکێ کردن لەسەر بەدەستهێنانی زۆرترین بینەر و بەرزکردنەوەی کێرڤی کەناڵەکانیان لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی"،هەر لە پەرلەمان، سامان ئەحمەد بەکرد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان ڕای وایە بەشێک لە میدیاکارانی نێو میدیای نوێ کێشە و گرفت دروست دەکەن و پابەندنین بە ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی و زانیارییەکان بەهەڵە دەگەیەنن و هەندێ شت بڵاودەکەنەوە لەسەر پەرلەمان و دامەزراوەکانی تر، ناچار ڕوونکردنەوە دەبێت بدرێت، ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە بەشێک لە سۆشیاڵ میدیاکان یاخوود ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان نەخزاونەتە ناو پیشەیی کاری میدیایی و زانیاری گشتیان نیە لەسەر کاری میدیایی، بەڵام ڕای وەزارەتی ڕۆشنبیری وایە کە" کێشەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەگەل رۆژنامەنووسان و میدیاکاران ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆری میدیاکاران پابەند نین بە یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە کاری میدیایی بەشێوەیەک کە زۆر دوور دەکەونەوە لە ئیتیکی رۆژنامەوانی"، لەگەڵ ئەوەشدا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش وای دەبینێت " میدیا و میدیاکاران بەگشتی پابەندنین بە بنەماکانی ئیتیک و یاسای کاری رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان، ڕەنگە هەندێک میدیا هەبێت بەڵام ڕێژەیین و وەک پێویست نین".، هەرچی دەستەبژێری میدیایشە ڕایان لەگەڵ پەرلەمان و وەزارەتی ڕۆشنبیری و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان  سەبارەت بە پابەندنەبوونی میدیاکاران نزیکە. هەکار عبدالكريم مامۆستا لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی پۆلیتەکنینی دهۆک  دەڵێت" نەخێر میدیا و میدیاکاران پابەندنین، لە بەرئەوەی  زۆربەی میدیاکاران ئاگاداری ئیتیک و یاساکانی رۆژنامەنووسی نین"، هەروەها دەستەبژێرانی شاری سلێمانیش ڕازی نین لە میدیا و میدیاکاران لە هەرێمی کوردستان پێیان وایە بەتەواوی

پابەندنین. پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر. کارزان محەمەد مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنینی سلێمانی دەڵێت" سەبارەت بە پابەندبوون لە میدیاکارێک بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام بەگشتی ڕێژەی پابەندنەبوون بە پرەنسیپەکانی ئیتیک،و یاسا لەلایەن میدیاکارانەوە لەئاستێکی بەرزە بەتایبەت لەلای ئەو میدیاکارانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە کاردەکەن وە ئەزموونێکی کەمیشیان هەیە" لەلایەکی ترەوە پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر شوان ئادەم ئەیفەس، پسپۆڕی یاسا و ڕێسا پیشەییەکانی راگەیاندن و سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی(چمک) ، دەڵێت" لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا؛ بەشێوەیەکی گشتیی میدیاکاران پابەندنابن بە بنەماکانی یاسا بەرکارەکان و پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی راگەیاندن"، بەڵام پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر عبدالخالق ئیبراهیم لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ڕای وایە " میدیاکاران لە چوارچێوەی سیاسەتی دەزگاکەیان کاردەکەن بۆیە ناچارن لەزۆر حالەت لە ژێر فشاری لایەنی دارایی و چارەنووسی کارکردنیان لەو شوێنانە پێشێڵی ئیتیکی و یاسا بکەن و بچنە ناو ململانێی سیاسیەکان، بەو شێوەیە دەبینین بەشێک لە میدیاکاران پابەندن، بەڵام بەشێکیتر ئەوانەی لە میدیای نوێ کاردەکەن بەهۆی ڕوومالْ کردنی هەندێک بابەتی تاوانکاری یاخوود دەستبردن بۆ هەندێ دۆسیەی تاوانکاری کە لە دادگا یەکلایی نەبووەتەوە یاخوود چوونە ناو ژیانی ئەکتەر و کەسانی بەناوبانگ و بەرپرسان و کەسانی ئاسایی وە زۆریک لە ڕووکارەکانی پێشێڵی ئیتیکی تێوەگلاون و پێشێڵی ئیتیک و یاسای میدیا دەکەن"

بۆیە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، بەشێوەیەکی گشتی چاودێرانی میدیا لە هەرێمی کوردستان پابەندبوونی میدیا و میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە ئاستێکی نزمی پیشەیی دەبینن. لەگەڵ ئەوەشدا پابەندبوونیان بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لاوازە، چونکە بابەتەکە بووەتە بابەتی پێشبڕکێ کردن لەسەر بەدەستهێنانی زۆرترین بینەر و بەرزکردنەوەی کێرڤی کەناڵەکانیان لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی واتە پابەندبوونیان بەم

پرەنسیپانە لاوازە و لە ئاستی پێویستیدا نیە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە جەماوەر گلەی هەیە و ناڕازین لە میدیای کوردی، ئەمە لە کاتێکدایە ڕای میدیاکاران وایە کە پابەندبوونەکە ڕێژەییە ، واتە بەشێکیان پابەندن و بەشێکیان پابەندنین بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسا لە لایەک، بە بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی لەلایەکی تر.

**سێیەم: هۆکارەکانی پابدنەبوونی دامەزراوەکانی میدیا و میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان:**

لەبەرئەوەی چاودێرانی میدیا لە هەرێمی کوردستان ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە ئاستێکی نزمی پیشەیی دەبینن، کۆمەڵێک هۆکاریان دیاریکردووە کە وایکردووە میدیاکاران پابەندنەبن بەتەواوی ئەوانیش:

سەلمە تۆفیق سەرۆکی لێژنەی ڕۆشنبیری و لاوان لە پەرلەمانی کوردستان پێی وایە یەکێک لە هۆکارەکان" نەبوونی یاسایەکە بۆ ڕێکخستنی بواری میدیا بەشێوەیەکی گشتی هەم بۆ ڕادیۆو تەلەفزیۆن هەم بۆ میدیای ئەلیکترۆنی ، هەر لەبەر ئەمەشە میدیاکاران دەکەونە ژێر کاریگەری سۆشیاڵ میدیاوە"، وەزارەتی ڕۆشنبیری هۆکاری پابەند نەبوونی میدیاکاران بۆ خودی سیاسەتی میدیایی ئەو دەزگا حزبیانە دەگەڕێننەوە کە میدیاکاران تیایدا کارمەندن و ناچاردەکرێن کە دوور لە ئیتیک لەپێناو سەرکەوتنی حزب کاربکەن" سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پابەندنەبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسا بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێننەوە و حاکم ئازاد حەمەدەمین نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەڵێت"میدیاکاران لە ڕووی پرۆفیشناڵیەوە لاوازن و نەیانتوانیوە پەرە بە ئاستی پیشەییان بدەن، دووەم "ئەو خراپ تێگەیشتنەی ئێمەیە لە میدیا، چونکە میدیا و نا میدیا لەیەک جیاناکەینەوە". هەکار عبدالکریم مامۆستای زانکۆی پۆلیتەکنینی دهۆک یەکێک لە هۆکارەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە میدیاکاران لە بەرژەوەندی دەزگاکان و سیاسەتی لایەنەکانی خۆیان کاردەکەن، بەڵام پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر عبدالخالق ئیبراهیم دەڵێت "کۆمەڵێک هۆکاری

خوودی و بابەتین، ئەوانەی پەیوەستن بە هۆکارە بابەتیەکان دەگەڕێتەوە بۆپارەی سیاسی، بۆ دەستوەردانی حزبی، بەرژەوەندی سیاسی تاکەکانی ناو حزب، ململانیی سیاسی نێوان حزبەکان میدیاشی تێوە گلاوە ، بۆیە ئەوکات ناچارن پەیامە میدیایەکان لە سەر بنەمای پێشێلی ئیتیکی و یاسایی بەرهەم بهێنرێت ئەمانە هۆکاری بابەتین، هەرچی هۆکاری خوودیە، پەیوەستە بە لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری، لاوازی هۆشیاری سیاسی و ئیتیکی میدیاکار بە بنەماکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان"، لەلایەکی ترەوە پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کارزان محەمەد ئەحمەد مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنینی سلێمانی هۆکارەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بۆ چەن بابەتێک بگەڕێنێتەوە: یەکەم ، حزبەکان نەیانتوانیوە میدیاکاری باش پەروەردە بکەن، وە حکومەتی هەرێم پڕۆژەیەکی ئەوتۆی نەبووە بۆ پەروەرەکردنی میدیاکار، دووەمین :خوودی میدیاکارانە کە بەئەنقەست بێ یاخوود لە کەمتەرخەمیەوە بێ نەیانتوانیووە بە باشی خۆیان پەروەردە بکەن، سێیەمینیان ئەرکی داواکاری گشتیە لێپێچینەوە بکات کاتێک بە خراپ میدیا بەکارهات، پێویستە ئەو میدیاکارانەی زیان بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنن بدرێن بە دادگا بەداخەوە ئەوەش لە ئاستێکی نزم دایە. هەرچی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر شوان ئادەم ئەیفەس پسپۆڕی یاسا و ڕێسا پیشەییەکانی راگەیاندن و سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی (چمک): دەڵێت " هۆکارەکانی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیک و یاسای میدیایی بۆ نەبوونی ئیرادەی جێبەجێکردنی یاساکان و بەهەندوەرنەگرتنی ئیتیک لە میدیادا دەگەڕێتەوە. واتە میدیاکار و میدیا هەست بە بوونی هیچ لێپێچینەوە و نێوەندێکی هەڵسەنگاندن و چاودێریی بەسەر خۆیان و بەرهەمەکانیانەوە ناکەن؛ تا ناچاری پابەندبوونی یاسایی و پیشەییان بکات. هەربۆیە ئێستا میدیا لەهەرێمی کوردستاندا لە ناڕێکخراوتریین دۆخی خۆییدایە و پێویستی بەسەرلەنوێ هەڵسەنگاندن و ڕێکخستنەوە هەیە".

لەم باسەدا زۆربەی هەرەزۆری چاودێرانی میدیا هۆکاری سەرەکی پابەندنەبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان دەگەڕیننەوە بۆ ململانێی سیاسی و بەرژەوەندی حزبی و نەبوونی یاسایەکی گشتی بۆ میدیا. هەرچەندە ئەگەر یاسایەکی گشتگیریش هەبێت بۆ میدیا و میدیاکاران، بەڵام ئیرادەی جێبەجێکردنی نەبوو، ئەوا نەبوونی باشترە، بۆیە پێویستە ئیرادەیەک هەبێت تاکو لێپێچینەوە لەو کارە نایاساییانە بکات کە میدیا و میدیاکاران دەیکەن. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی پابەندنەبوونی میدیاکارانیان بۆ پارەی سیاسی، بۆ دەستوەردانی حزبی، بەرژەوەندی سیاسی تاکەکانی ناو حزب، ململانیی سیاسی نێوان حزبەکان میدیاشی تێوە گلاوە ، بۆیە ئەوکات ناچارن پەیامە میدیایەکان لە سەر بنەمای پێشێلی ئیتیکی و یاسایی بەرهەم بهێنرێت.

**چوارەم: ئەو دەرهاویشتانەی لە پابەندنەبوونی دامەزراوەکانی میدیا و میدیاکاران لە هەرێمی کوردستان سەرچاوە دەگرن بە  بنەماکانی ئیتیک و یاساکانی میدیا:**

لە دوای ئەوەی کۆمەڵێک هۆکاری پابەندنەبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان باسکران، ئەمە وادەکات کۆمەڵێک دەرهاویشتەی لێبکەوێتەوە، کە وەکو مەترسی سەیردەکرێن  :

سەلمە تۆفیق سەرۆکی لێژنەی ڕۆشنبیری و لاوان لە پەرلەمانی کوردستان پیی وایە" دەزگا میدیایە گەورەکانمان پێشێلی ئیتیک و یاسای کاری ڕۆژنامەگەری  دەکەن  لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی کە ئەمە کارەساتێکی گەورەیە و شیرازەی کۆمەلایەتی تێکدەدات و پێویست دەکات ڕێکخستنی میدیا لە بواری دەزگا فەرمییە گەورەکاندا جێگا بکرێتەوە"، بژار حەکیم جێگری نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەڵێت" ئەم دۆخەی ئێستا میدیا تێی کەوتووە پابەندبوون بە ئیتیکی رۆژنامەنووسی قورس بووەو یان هەر فەرامۆش کراوە بەداخەوە ، وایکردووە مەترسی زۆر دروست بکات لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و متمانەی جەماوەر بە میدیا کەم بکات"

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر عبدالخالق مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنینی هەولێر دەڵێت" هەر لادانێک لە بنەماکانی ئیتیک و یاساکانی میدیا زیانی زۆری دەبێت بۆ کاری میدیاکاری کە خۆی دەبینێتەوە لە لەدەستدانی مسداقیەتی میدیا، کاتێک کە میدیا مسداقیەتی نامێنی واتای لەکارکەوتنی ئەو ئەرکە گەورەیەی دامەزراوە میدیایەکان دێت، ئیستا میدیای کوردی لە نەمانی ئەو مسداقیەتە کار دەکات، چونکە نمایندەی دۆخە سیاسیەکە دەکات، کە خۆی لە خۆی دا لە ژێر گومانی پرسیار گەلێک دایە.خاڵێکی تر ئەوەیە بەردەوام پێشێلکاری ژیانی تایبەتی کەسەکان و تووشی ناوزراندنی کەسایەتیەکان دەبنەوە ، یەکێک لە مەترسیەکانی تر ئاشتەوایی کۆمەلایەتیە، سەقامگیری سیاسی و ئابووری، پەیوەندی نیوان حزبەکان و ئاین و ئاینزاکان، ئەمانە هەمووی مەترسی گەورەن.

لەلایەکی ترەوە پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کارزان محەمەد مامۆستا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی دەڵێت" یەکەم مەترسی بۆسەرمافەکانی تاکە کەس ، دووهەمینیان پەیوەندیدارە بە زیان گەیاندن بە بەرژەوەندیە گشتیەکان ، وەکو ئەو چەمکە جوانانەی لە کۆمەڵگەدا ، ئەو دابوو نەریتە جوانانەی لە کۆمەڵگەدا هەن، سێیەمین زیانی پەیوەندیدارە بە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەییەوە. هەرچی دکتۆر شوان ئادەم ئەیفەسە ڕای وایە " مەترسییەکانی پابەندنەبوونی میدیاوان و میدیا بە بنەماکانی یاسا بەرکارەکان و پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن؛ ئەوەیە کە دەبێت بەهۆی درووستبوونی پاشاگەردانیی و نەمانی ڕاستگۆیی و وردنەبوون و بابەتیینەبوون لە گواستنەوە و داڕشتن و بڵاوکردنەوەی زانیاریی و ڕووداوەکاندا. شێواندن و هەواڵی ناڕاست و چەواشەکاریی زیاد دەبێت و چەندین گرفتی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی لێدەکەوێتەوە. هاوکات دەبێتە هۆی ڕانەگرتنی هاوسەنگیی و دەستوەردانە نێو ژیانی تایبەتیی کەسەکان و پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی و کەوتنەوەی تاوانەکانی ڕاگەیاندن لەنموونەی ناوزڕاندن و هاندان بۆ تاوان"

لەم باسەدا ئەو مەترسیانە لەلایەن چاودێرانی میدیاوە خرانەڕوو، کە بەهۆی پابەندنەبوونی میدیاکاران دێنە ئاراوە، زۆربەیان لەسەر نەمانی متمانە بە میدیا کوردی هاوڕابوون، مەترسیەکی تر لەم پابەندنەبوونە بریتیە لە پێشێلکاریی ژیانی تایبەتی کەسەکان و نازڕاندن و زیان گەیاندن بە مافی تاکەکان و بەرژەوەندی گشتی و سەقامگیریی سیاسی، ئەوەی ئێستاش لە میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێ، هەموو ئەمانەن.

**پێنجەم: ئایا یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە (35)ی ساڵی (2007) تا چەند بۆ ئێستای میدیای کوردی گونجاوە و  تا چەند دەتوانێت وەڵامدەرەوەی ئاستەنگ و ئاڵنگارییەکانی ژینگەی نوێی کاری میدیا بێت؟**

پەرلەمان دەڵێت" لە ڕاستیدا ئیمە یاسای کاری رۆژنامەنووسیمان هەیە ژمارە 35 ی ساڵی 2007 ئەگەر سەرنجی ئەم یاساییە بدەی یاسایەکی وەرەقەییە، زیاتر دەرچووە بۆ بابەتە چاپکراوەکانی پەیوەست بە میدیا، ئێمە یاسایەکمان نیە بۆ ڕێکخستنی بواری میدیا بەشێوەیەکی گشتی هەم بۆ ڕادیۆو تەلەفزیۆن  هەم بۆ میدیای ئەلیکترۆنی ، بۆیە  زۆرجار ئەم گلەییە هەیە رۆژنامەنووسە زۆرباشەکان یاخود دەزگا میدیایە زۆر گەورەکان دەکەونە ژێر کاریگەری سۆشیال میدیاوە"، لە هەمان کاتدا حاکم ئازاد نەقیبی سەندیکای میدیاکارانی کوردستان سەبارەت بە یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان دەڵێت" ئەو یاسایەی کە لە 2007 لە کوردستان دەرچووە، یاسایەکی باشە بۆ دیاریکردنی هەندێک لە بنەما گشتیەکان . لەوەی کە سانسۆر نیە لە کوردستان، دەسەڵاتی داوە بە میدیا وەکو دەسەڵاتی چوارەم مامەڵەی لەگەل کردووە، بەلام ئەم قانونە لە سالی 2007 دەرجووە ئیستا ساڵی 2022.

مامۆستایانی زانکۆ سەبارەت بە یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان ڕایان وایە: هەکار عبدالکریم فەندی مامۆستای زانکۆ لە بەشی راگەیاندن دەڵێت" نەخێر، یاسای رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان بۆ ئێستای پیشەی میدیایی لە هەرێمی کوردستان گونجاو نیە، ئێستا زۆر گورانکاری لە شێوازی کارکردن و پەخشی میدیایی کراوە، بۆیە بە پێویستی دەزانم گۆڕانکاری

له یاساکە بکرێت. لەلایەکی ترەوە پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر عبدالخالق ئیبراهیم پێی وایە"کاتی خۆی کە ئەو یاسایە دەرچوو بۆ ڕێکخستنی میدیای چاپکراوبوو(میدیای کاغەز)، برگەو ماددەکانی ماددەکە زۆرباشبوون ، ئیستاش ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیریان بکەی وەکو بنەمای گشتی باشن،بەلام بەداخەوە هەر ئیشی پێنەکراوە و تەنها لەسەر کاغەز بووە" بەڵام پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کارزان محەمەد ئەحمەد دەڵێت" یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەلومەرجێکی زۆر گرنگ دەرچووە کە ساڵی 2006 پڕۆژە یاساکە کراوەو لە 2007 پەسەندکراوە، لە ڕاستیدا لایەنی باشی ئەو یاساییە ئەوەیە کە ئازادی زۆر تێدا بەرفراوانە ، لەهەمان کاتدا گرەنتیەکی باشی بۆ میدیاکاران دەستەبەرکردووە ، ماف و ئەرکێکی زۆرباشی دەستنیشانکردووە، بەڵام بۆ کاتی ئێستا پێم وایە گونجاونیە لەبەرچەن هۆکارێک، ، لەو سەردەمەدا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و میدیای دیجیتاڵ زۆر گەشەی نەکردبوو ، ئێستا گەشەیان کردووە، لەبەرئەوە ئێمە پێویستمان بە یاسایەکی بەرفراوانتر هەیە کە میدیای ئەلیکترۆنیش بگرێتەوە ، وە لەهەمان کاتدا کەموکوڕیەکی تری ئەو یاساییە ئەوەیە زۆرجاران نەچووەتە وردەکاری شتەکانەوە ، بەڵکو زیاتر بۆچوونەکانی جێهێشتووە بۆ دادوەر ، بۆیە من پێشنیازم وایە یاسایەکی تایبەت بە میدیا بە گشتی دابڕێژرێت کە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانیش بگرێتەوە بەڵام بەیەک مەرج ، بەهیچ شێوەیەک نابێ ئەو ئازادیانەی لە ڕۆژنامەگەریدا بۆ میدیاکاران دانراون ، وە ئەو پرەنسیپە گشتیانەی کە فدراسیۆنی نێودەوڵەتی میدیاکاران وەکو ئازادی بۆ میدیاکاران دەستنیشانی کردووە نابێ سنورداربکرێت،"دکتۆر شوان ئادەم ئەیفەسیش دەڵێت" یاسای رۆژنامەگەریی کوردستان، ژمارە 35ی ساڵی 2007 بۆ ساڵی 2022و دواتریش گوونجاو نییە و پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە. بەجۆرێک کە لەمیدیای چاپکراو یاخوود نووسراوەوە بۆ میدیای پەخشکراو و دیجیتاڵیی فراوانبکرێت و لە سزادانی تاوانەکانی راگەیاندندا جیاوازیی بکرێت و تایبەتمەندێتیی هەر تاوانێک لەبەرچاو بگیردرێت. هاوکات پەیماننامەی فیدراسۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەوانان وەک پاشکۆی یاساکە نەمێنێتەوە و پێداچوونەوە بە مەرجەکانی دامەزراندنی میدیای نوێ و خاوەندارێتییکردنی بکرێت. هەروەها

بکرێت بە مەرج کە هەر میدیایەک دامەزرا یاخوود مۆڵەتی نوێکردەوە؛ دەبێت 50٪ زیاتری ستافەکەی لە دەرچووانی بەشە زانستییەکانی میدیا بن"

